# بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان

توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و سۆسیۆلۆژییە

ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوللا

چاپی یەکەم
٢٠١٠







## ناسنامه‌ی كتێب

**ناوی كتێب:** بارۆڤی له ناوبردنی بارزانیه‌كان

**نوسینی:** ڕێبوار ڕه‌مه‌زان بارزانی

**بابه‌ت:** توێژینه‌وه

**تایپ:** ڕێزان سالح بازی

**به‌رگ:** توێژه‌ر

**هێلكاری و نه‌خشه‌سازی ناوه‌وه:** توێژه‌ر

**بڵاوكراوه‌ی:** وه‌زاره‌تی كاروباری شه‌هیدان و ئه‌نفالكراوه‌كان

**چاپ:** یه‌كه‌م (٢٠١٠)

**تیراژ:** (١٠٠٠) دانه‌.

**چاپخانه‌ی:** ده‌زگای ئاراس.

**ژماره‌ی سپاردن:** له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی كتێبخانه گشتیه‌كان ژماره‌ی سپاردنی (٧٩٢) ساڵی (٢٠١٠) ی پێدراوه.

# پێرست


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| ناسنامەی کتێب | ٢ |
| پێشەکی | ١٤ |

## تەوەرەی یەکەم: لایەنی تیۆری

### بەشی یەکەم: واتا و چەمکەکانی توێژینەوە

باسی یەکەم:

- ئەنفال ١٧
- پرۆژەی لە ناوبردن ١٩
- بەجێماو ٢٠

باسی دووەم:

- جینۆساید ٢١
- جۆرەکانی جینۆساید ٢٦

باسی سێیەم:

بەعس و بەعسیزم ٢٨

باسی چوارەم:

- واتا و چەمکی بارزان ٣١
- کورتە باسێکی دیرۆکی بارزان و بارزانیەکان ٣٢

### بەشی دووەم: هۆلۆکوست و کۆمەڵکوژی بارزانیەکان

باسی یەکەم: هۆلۆکوست و کۆمەڵکوژی بارزانیەکان ٥٢

### بەشی سێیەم: لە ناوبردن و کۆمەڵکوژی و ئەنفال؛ جۆر و قۆناغەکانی

باسی یەکەم: جۆرەکانی پرۆژەی فڕکردنی بە کۆمەڵ لە کوردستان لە سەردەمی بەعسدا ٩٧
باسی دووەم: قۆناغەکانی لە ناوبردنی کورد لە سەردەمی سەدام حوسێندا ١٠٢
باسی سێیەم: قۆناغەکانی کۆمەڵکوژی بارزانیەکان ١١٠

### بەشی چوارەم: گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بارزانیەکان

باسی یەکەم: گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بارزانیەکان ١٣٩

## *تەوەرەی دووەم: لایەنی پراکتیکی*

### بەشی پێنجەم: ستراتیژیەتی توێژینەوەی مەیدانی

باسی یەکەم: پرسی توێژینەوە ١٥٩
باسی دووەم: گرینگی توێژینەوە ١٥٩
باسی سێیەم: ئامانجی توێژینەوە ١٦٠
باسی چوارەم: گرێمانەکانی توێژینەوە ١٦٠

باسی پێنجەم: میتۆدی توێژینەوە ١٦١
باسی شەشەم: نموونەی هەلبژێردراو ١٦٣
باسی حەوتەم: کۆمەلگای توێژینەوە ١٦٤
باسی هەشتەم: سنووری توێژینەوە ١٦٥
باسی نویەم: ئاستەنگەکانی توێژینەوە ١٦٦
باسی دەیەم: کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری ١٦٦

**بەشی شەشەم: خستەروو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەی مەیدانی**

باسی یەکەم: خەسلەتە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە ١٧٣
باسی دووەم: خستنەروو و شیکردنەوەی زانیارییە تایبەتییەکانی توێژینەوە ١٨٨

**بەشی حەوتەم: ئەنجامگیری و دیکۆمێنتەکان**

باسی یەکەم: ئەنجامەکان ٢٥٣
باسی دووەم: ڕاسپاردەو پێشنیارەکان ٢٥٩
باسی سێیەم: چەند دیکۆمێنتیکی تر ٢٦٠
چوارەم: بیبلۆگرافیا ٢٨٨

## پێرستی خشتەکان



| ز.خ | ناونیشانی خشتە | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | تاوانەکانی جینۆساید لە سەدەی بیستەمدا. | ٢٥ |
| ٢ | خالە لێکچووەکانی دیدو ئایدیۆلۆژیای فیرعەون بەرامبەر بە میللەتەکەی و سەدام بەرامبەر بارزانیەکان. | ٣٠ |
| ٣ | تەمەنی نموونەی توێژینەوە. | ١٧٣ |
| ٤ | رەگەزی نموونەی توێژینەوە. | ١٧٤ |
| ٥ | شوێنی لە دایکبوونی نموونەی توێژینەوە. | ١٧٧ |
| ٦ | شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە. | ١٧٩ |
| ٧ | ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوە. | ١٨٠ |
| ٨ | باری ئابووری نموونەی توێژینەوە. | ١٨٣ |
| ٩ | باری کۆمەلایەتی نموونەی توێژینەوە. | ١٨٥ |
| ١٠ | جۆری پیشەی نموونەی توێژینەوە. | ١٨٦ |
| ١١ | مووچەی مانگانەی خێزانەکانی نموونەی توێژینەوە | ١٨٨ |
| ١٢ | ژمارەی کۆمەڵکوژکراوەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی تەمەن. | ١٨٩ |
| ١٣ | جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی کۆمەڵکوژکراون بەپێی باری کۆمەلایەتی | ١٩٢ |
| ١٤ | جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی کۆمەڵکوژکراون بەپێی ئاستی خوێندن | ١٩٤ |
| ١٥ | جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی کۆمەڵکوژکراون بەپێی جۆری پیشەیان | ١٩٧ |
| ١٦ | قەبارەی ئەندامانی خێزان ئەوانەی کۆمەڵکوژکراون | ١٩٩ |

| | | |
|---|---|---|
| | ڕووندەکاتەوە | |
| ١٧ | ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوە بە پێی ڕەگەز | ٢٠١ |
| ١٨ | قەباری ئەندامانی خێزانی بەجێماوی کۆمەڵکوژی نموونەی توێژینەوە | ٢٠٣ |
| ١٩ | دابەشبوونی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بەپێی تەمەن و ڕەگەز | ٢٠٥ |
| ٢٠ | دابەشبوونی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بە پێی ڕەگەز و باری کۆمەڵایەتی | ٢٠٨ |
| ٢١ | ئاستی خوێندنی ئەندامانی خێزانی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بۆ ڕەگەزی نێر | ٢٠٩ |
| ٢٢ | ئاستی خوێندنی ئەندامانی خێزانی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بۆ ڕەگەزی مێینە | ٢١٠ |
| ٢٣ | پیشەی ئەندامانی خێزانی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بۆ ڕەگەزی نێر | ٢١٢ |
| ٢٤ | پیشەی ئەندامانی خێزانی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بۆ ڕەگەزی مێ | ٢١٣ |
| ٢٥ | باری ئابووری پێش شاڵاوی کۆمەڵکوژی و پاش کۆمەڵکوژی تا ساڵی (١٩٩١) | ٢١٥ |
| ٢٦ | سەرپەرشتیاری خێزان پێش شاڵاوی کۆمەڵکوژی و پاش شاڵاوی کۆمەڵکوژی. | ٢١٧ |
| ٢٧ | پەیرەوکردنی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان | ٢١٩ |
| ٢٨ | گۆڕینی داب و نەریت و هۆکارەکانی | ٢٢١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٩ | پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بە تایبەت خزمایەتی بەجێماوە کۆمەڵکوژکراوەکان ڕووندەکاتەوە | ٢٢٢ |
| ٣٠ | نەخۆشییە دەروونییەکانی نموونەی توێژینەوە | ٢٢٣ |
| ٣١ | دووبارە شووکردنەوەی ئافرەتەکانی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان | ٢٣٠ |
| ٣٢ | شوونەکردنەوەی ئافرەتەکان و هۆکارەکانی | ٢٣١ |
| ٣٣ | ڕووانینی خەڵکی کوردستان بۆ کەسوکاری کۆمەڵکوژکراوەکان پاش کۆمەڵکوژی | ٢٣٣ |
| ٣٤ | شوێن بزرکردنی ڕەگەزی نێر کاری خراپی کردووتەوە سەر بۆنیادی خێزان؟ | ٢٣٤ |
| ٣٥ | شوێن بزرکردنی ڕەگەزی نێر و کاریگەرییە خراپەکانی بۆ سەر بونیادی خێزان | ٢٣٧ |
| ٣٦ | بیرکردنەوەی بەردەوامی نموونەی توێژینەوە | ٢٣٩ |
| ٣٧ | هەستی نەتەوایەتی پاش شاڵاوی کۆمەڵکوژی | ٢٤١ |
| ٣٨ | ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی نموونەی توێژینەوە | ٢٤٢ |
| ٣٩ | ئایا بە گوێرەی پێویست بایەخ بەئازار و گیروگرفتەکانی بەجێماوی بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان دراوە؟ | ٢٤٤ |
| ٤٠ | هەستی نموونەی توێژینەوە بەرامبەر هێنانەوەی ئێسکی ژمارەیەك لە کەسوکاریان. | ٢٤٦ |
| ٤١ | ڕای نموونەی توێژینەوە بەرامبەر لە سێدارەدانی دکتاتور سەدام حوسێن و هاوکارانی؟ | ٢٤٧ |
| ٤٢ | داواکارییەکانی نموونەی توێژینەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان | ٢٤٨ |

## پێرستی هێلکاریەکان



| ژ.ه | ناونیشانی هێلکاریەکان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | جۆرەکانی جینۆساید ڕووندەکاتەوە. | ٢٦ |
| ٢ | هەنگاوەکانی پرۆسەی لە ناوبردن ڕووندەکاتەوە | ٥٤ |
| ٣ | جۆرەکانی قڕکردنی بە کۆمەڵ لە کوردستان لە سەردەمی بەعسدا | ٩٨ |
| ٤ | قۆناغەکانی لە ناوبردنی کورد لە سەردەمی سەدام حوسێندا ڕووندەکاتەوە. | ١٠٢ |
| ٥ | قۆناغەکانی کۆمەڵکوژی بارزانیەکان ڕووندەکاتەوە. | ١١١ |
| ٦ | ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە. | ١٧٦ |
| ٧ | ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە. | ١٨٢ |
| ٨ | باری ئابووری نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە. | ١٨٤ |
| ٩ | جۆری پیشەی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە. | ١٨٧ |
| ١٠ | ژمارەی کۆمەڵکوژکراوەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی تەمەن | ١٩١ |
| ١١ | جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی کۆمەڵکوژکراون بەپێی ئاستی خوێندن | ١٩٦ |
| ١٢ | جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی کۆمەڵکوژکراون بەپێی جۆری پیشەیان. | ١٩٩ |
| ١٣ | قەبارەی ئەندامانی خێزان ئەوانەی کۆمەڵکوژکراون ڕووندەکاتەوە. | ٢٠٠ |
| ١٤ | ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوە بە پێی ڕەگەز | ٢٠٢ |

| | | |
|---|---|---|
| | ڕووندەکاتەوە. | |
| ١٥ | قەباری ئەندامانی خێزانی بەجێماوی کۆمەڵکوژی نموونەی توێژینەوە | ٢٠٤ |
| ١٦ | ئاستی خوێندنی ئەندامانی خێزانی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بۆ هەردوو ڕەگەز | ٢١١ |
| ١٧ | پیشەی ئەندامانی خێزانی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بۆ هەردوو ڕەگەز | ٢١٤ |
| ١٨ | باری ئابووری پێش شالاوی کۆمەڵکوژی و پاش شالاوی کۆمەڵکوژی تاساڵی (١٩٩١) | ٢١٦ |
| ١٩ | سەرپەرشتیاری خێزان پێش شالاوی کۆمەڵکوژی و پاش شالاوی کۆمەڵکوژی | ٢١٨ |
| ٢٠ | پەیرەوکردنی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بەجێماوە کۆمەڵکوژکراوەکان | ٢٢٠ |
| ٢١ | حالەت و نەخوشییە دەروونیەکانی نموونەی توێژینەوە. | ٢٢٩ |
| ٢٢ | هۆکارەکانی شوونەکردنەوەی ئافرەتەکانی بە جێماوی کۆمەڵکوژی | ٢٣٢ |
| ٢٣ | ڕوانینی خەڵکی کوردستان بۆ کەسوکاری کۆمەڵکوژکراوەکان پاش کۆمەڵکوژی ڕووندەکاتەو. | ٢٣٤ |
| ٢٤ | شوێن بزرکردنی ڕەگەزی نێر کاری خراپی کردووتەوە سەر بۆنیادی خێزان؟ | ٢٣٦ |
| ٢٥ | شوێن بزرکردنی ڕەگەزی نێر و کاریگەرییە خراپەکانی بۆ سەر بونیادی خێزان ڕووندەکاتەوە. | ٢٣٨ |
| ٢٦ | هەستی نەتەوایەتی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە. | ٢٤٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٧ | ئایا بەگوێرەی پێویست بایەخ بەئازارو گیروگرفتەکانی بەجێماوی بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان. | ٢٤٥ |


## پێرستی نەخشەکان


| ژ.ن | ناونیشانی نەخشەکان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | قۆناغەکانی ئەنفالکردنی ناوچەکانی کوردستان لە لایەن رژێمی بەعس. | ١٠٩ |
| ٢ | پێگەی کۆمەڵگای زۆرەملێی بەحرکە | ١١٣ |
| ٣ | پێگەی کۆمەڵگای زۆرەملێی قوشتەپە( قودس – قادسیە) | ١١٣ |
| ٤ | پێگەی کۆمەڵگای زۆرەملێی دیانا | ١١٤ |
| ٥ | پێگەی کۆمەڵگای زۆرەملێی حەریر | ١١٤ |
| ٦ | پێگەی کۆمەڵگای زۆرەملێی گۆرەتوو | ١١٥ |
| ٧ | ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی بارزانیەکان. | ١١٦ |
| ٨ | ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی هەرێمی کوردستان. | ١١٧ |


## پێرستی دیکۆمێنتەکان


| ژ.د | ناونیشانی دیکۆمێنت | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | سکرتێری سەرۆکایەتی کۆمار بۆ عەلی حەسەن مەجید | ٣٦ |
| ٢ | لە رائد یاسین ئەسعەدەوە بۆ جێگری بەرێوەبەری گشتی بۆ کاروباری سیاسی | ٦٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | لە موقەدەم حەقی ئیسماعیل بۆ جێگری بەرێوەبەری گشتی بۆ کاروباری سیاسی | ٦٢ |
| ٤ | بەرێوەبەرایەتی هەواڵگری لەشکری گشتی بۆ هووبەی دووەم | ٦٦ |
| ٥ | بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی بۆ بەرێوەبەرایەتی ٤٥ | ٦٩ |
| ٦ | وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی نوسینگەی تایبەت بۆ دەزگای گشتی چاکسازی کۆمەلایەتی – نوسینگەی سەرۆکی دەزگا | ٧١ |
| ٧ | فەرمانگەی کاروباری یاسایی سەلامەتی نیشتیمانی – سەرۆکایەتی دادگای شۆرش – بریاری ڕەوانەکراو | ٧٤ |
| ٨ | سەرۆکایەتی دادگای شۆرش – بریاری سزادان | ٧٩ |
| ٩ | لە بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی بۆ بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی بەغداد | ٨٢ |
| ١٠ | سەرۆکایەتی دادگای شۆرش بۆ سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆك کۆمار | ٨٤ |
| ١١ | بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی بۆ لیستی پێراگەیاندن(د) و بەرێوەبەرایەتی تاوان و ٤٥ – فەرمانی سێدارەدان | ٨٧ |
| ١٢ | دیوانی سەرۆکایەتی – دەزگای هەواڵگری – بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی – حوکمی لە سێدارەدان | ٨٩ |
| ١٣ | بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی حوکمی زاتی بۆ جێگری بەرێوەبەری گشتی بۆ کاروباری سیاسی | ١١٨ |
| ١٤ | بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی بۆ سکیرتێری سەرۆك کۆمار | ١٢٢ |
| ١٥ | بەرێوەبەرایەتی هۆبەی سێ بۆ جێگری بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی | ١٢٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٦ | بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای بەغدا – هەواڵی زانیاریە بەراییەکان | ٢٦١ |
| ١٧ | بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ٦٤ | ٢٦٢ |
| ١٨ | بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای بەغدا – هەواڵی زانیاریە بەراییەکان | ٢٦٣ |
| ١٩ | بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ناوچەی حوکمی زاتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی – ٤٥ | ٢٦٥ |
| ٢٠ | بروسکەی نهێنی | ٢٦٦ |
| ٢١ | سەرۆکایەتی دادگای شۆرش – بڕیاری سزادان | ٢٦٧ |
| ٢٢ | سەرۆکایەتی دادگای شۆرش – بڕیاری ئیدانەکردن | ٢٦٨ |
| ٢٣ | فەرمانگەی کاروباری یاسایی سەلامەتی نیشتیمانی – سەرۆکایەتی دادگای شۆرش – بڕیاری ڕەوانەکراو | ٢٧٠ |
| ٢٤ | سەرۆکایەتی دادگای شۆرش – بڕیاری سزادان | ٢٧٢ |
| ٢٥ | سەرۆکایەتی دادگای شۆرش – بڕیاری ئیدانەکردن | ٢٧٣ |

# پێشەکی

سەرەرای دەیان ساڵ ئاوارەبوون، ڕاگواستن، وێرانکردنی دێهاتەکان، سوتاندنی ژینگە، بەمینکردن و جینۆسایدکردنی دەڤەری بارزان و بارزانیەکان لەلایەن حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق، لە ساڵی ١٩٨٣ درندەیی شوفینیەتی ڕژێمی بەعس گەیشتە چلەپۆپە و تاوانی لە ناوبردنی (٨٠٠٠) هەشت هەزار نێرینەی سەروی (٧) حەوت ساڵی بارزانییەکان ئەنجامدرا، ئەم کارەساتە جگە لەوەی هێزی بەرهەمهێنەری مرۆیی بارزانییەکانی لە ناوبرد، دەیان هەزار ژن و منداڵی لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا بێ هاوسەر بێ باوك بێ کوڕ و بێ برا هێشتنەوە.
تاوانێکی نەخشە بۆ کێشراو بوو مەبەست لێی سەپاندنی جۆرە ژیانێکی پڕ لە ئازار بوو، ڕژێمی بەعس بەم کارەی دەیویست کۆمەڵگای کوردستان لاوازبکات جۆرە ژیانێکی تایبەت بە سەر ئافرەت و منداڵە بەجێماوەکاندا بسەپێنێت. هێشتنەوەی ئەشکەنجەیەکی بەردەوام و سزایەکی ناهەقانەی بە کۆمەڵ بوو.
ئەو بارزانیانەی کۆمەڵکوژکران هەموویان خەڵکی بێ تاوان و سڤیل و بێ چەك بوون هیچیان لە حکومەت نەدەویست، بە لایانەوە گرنگ نەبوو کارەبا و ئاو و ڕێگای قیرتاو... دەگاتە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانیان یاخۆد نا؟ بەردەوام خەریکی کرێکاری و کارکردنی ڕۆژانەی خۆیان بوون.
بەعس بە لە ناوبردنی نێرینە بارزانییەکان نەتەوەیەکی ئازاردا. دەیان ویست هەموو ئەگەرێ بۆ گەڕانەوەی ژیانیان لە ناوبەرن و ئایندەی کەسوکاری بارزانییە کۆمەڵکوژکراوەکان تیرۆر بکەن.
ئەم توێژینەوەیە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە توێژەرەوە هەیە، چونکە توێژەر تەمەنی کەمتر لە ساڵێك بوو کاتێك باوکی لە گەڵ هەشت هەزار نێرینە بارزانییەکان کۆمەڵکوژکراوە. لە گەڵ ئافرەت و منداڵی خانەوادەکەی لە ئۆردوگای زۆرەملێی( قودس) لە قوشتەپە تا ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ ژیانی بە سەربردووە، دایکی

وەك هەر دایکێکی تری بارزانییە کۆمەڵکوژکراوەکان خەریکی کریکاری بووە بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی بە کارکردنی ڕۆژانە و کاری قورس قورسی پیاوان، تا ئێستاش بەردەوام لە ناو بەجێماوەکان ژیان بەسەر دەبات لە نزیکەوە ئاگاداری گرفەتەکانیانە.

ئێمە پێویستیمان بە دوو چەشن کار هەیە؛

١- کاری تیۆری و هزری لە سەر کارەساتی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان.

٢- چارەسەری پراکتیکی بۆ قوربانییە بەجێماوەکانی ئەم کارەساتە مرۆییە.

لە زانستە مرۆڤایەتیەکاندا چەندین میتۆدی جیاجیا هەیە دەکرێ بەکاریان بهێنین بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە بکەین بە بەشێك لە زانست و میتۆدی پەروەردەیی، ئەمەش نەك بە مانای چاندنی ڕق و تۆلە، بەڵکو بەمانای درووستکرنی رووحی مرۆڤایەتی و ڕەتکردنەوەی توندوتیژی و لادانی دەمامکەکان لە سەر ئایدۆلوژیای تۆتالیتاری بە هەموو چەشنەکانەوە.

پەیکەری توێژینەوە: لە بەر ڕۆشنایی مەرج و پێداویستیە زانستیەکانی ڕێکخستن و ئەنجامدانی توێژینەوە، بە گونجاومان زانی لە ڕووی پەیکەرییەوە دابەشی سەر (پێشەکی) و (حەوت) بەش بکەین.

بە سەر دوو تەوەرە دابەش دەبێت تەوەری یەکەم لایەنی تیۆرییە و (چوار) بەش لەخۆ دەگرێت، تەوەر دووەم لایەنی پراکتیکیە (سێ) بەش لەخۆ دەگرێت. هەر وەك لە پێرست ئاماژەی بۆ کراوە.

سەبارەت بە وەرگێرانی دیکۆمێنتەکان دەقاو دەق وەرنەگێراون بۆ سەر زمانی کوردی.

توێژەر

ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوللا

٢٠١٠/١/١١ بارزان

# تەوەرەی یەکەم

## لایەنی تیۆری

### بەشی یەکەم

# واتا و چەمکەکانی توێژینەوە

**باسی یەکەم**

- ئەنفال
- پڕۆژەی لە ناوبردن
- بەجێماو

**باسی دووەم**

- جینۆساید
- جۆرەکانی جینۆساید

**باسی سێیەم**

- بەعس و بەعسیزم

**باسی چوارەم**

- واتا و چەمکی بارزان
- کورتە باسێکی دیرۆکی بارزان و بارزانیەکان

**لە پێشەکی چاپی دەیەمی ئینجیلدا مەسیح نوسیبووی:**

***کێ "ئەنفالم" بۆ دەخاتە ڕستەوە لە خاچەکەم دێمە خوارێ و سەری خومی پێ ئەبەخشم.***

***جەمال غەمبار***

**باسی یەکەم**

**- ئەنفال**

**ئەنفال وشەیەکی عەرەبیە، کۆی (نفل)ە بۆ چەند مانا بەکاردێت: زیادە لە سەر ئەرك، بۆیە بە نوێژی سوننەت دەلێن (نافلە) و بە نەوە دەڵێن (نافلە)، بە دەسکەوت (غنیمە) دەلێن (نافلە)، بۆ موسلمانان حەلال بوونی زیادەیە لە ئاینەکانی دیکە، چونکە لەسەر ئەوان حەرام کرابوو[١](کە بەشی کەسێك لە وی دیکە زیاتر و زۆرتر بێت). هەروەها (نەفل) ناوی گوڵێکی بە ناوبانگی دەشتە، نیشانەی هاتنی وەرزی بەهاریشە، جگە لەمەش (نەفل) سێ شەوی یەکەمی مانگە.[٢]**

**لە پێش هاتنی ئیسلامدا، عەرەبەکان وشەی (ئەنفال) یان بە واتای تالانی جەنگ بەکارهێناوە، کە مەبەست لێ سەر و سامانی دوژمن بووە، لەکاتی سەرکەوتنیان لە جەنگدا چنگیان کەوتووە و پاشان دابەشیان کردووە.[٣]ئەمە لە رووی زمانەوانییەوە.**

**ئەنفال وەکو زاراوەیەکی قورئانی، لە ئایەتی ژمارە یەکی سورەتی ئەنفال پەروەردگار دەفەرموێت:**

**((یسالَونك عن الانفال قل الانفال اللة والرسول فأتقوا الله واصلموا ذات بینكم واطیعو الله و رسوله ان كنتم مؤمینن))[٤]**

**ئەنفال ناوی سورەتی هەشتەمە لە قورئانی پیرۆز، لە (٧٥) حەفتا و پێنج ئایەت پێکهاتووە لە ساڵی دووەمی کۆچی لە مانگی ڕەمەزان لە شەری بەدردا دابەزیوە. لە ساڵی (٦٢٤)ز ئەم شەرە لە گوندی (بەدر) دەکەوێتە حیجاز لە سعودیە روویداوە،**

لـەم شـەرەدا سـەرجەمی موسـلمانەکان (٣١٩) کـەس بـوون[٥] بەرامبـەر بـە(٩٥٠) شـەرکەر. موسـلمانەکان سـەرکەوتن، هەنـدێ گێروگرفـت سـەری هەڵـدا لـە سـەر چـونیەتی دابەشـکردنی ئـەو دەسـکەوتەی کـە دەسـتیان کـەوتووە، پیرەکـان کـە ڕاسـتەوخۆ بەشـداری شـەرەکەیان نـەکردبوو، داوای بەشـی خۆیـان دەکـرد لـە تالانەکە،[٦] لە ئەنجامی ئەم گرفتەدا سورەتی ئەنفال دابەزی.

عوبادەی کوری ساحت دەڵێ: دوای تێکشکاندنی بت پەرەستەکان لە شـەری بـەدردا سوپای ئیسلام بوون بە سێ بەشەوە:

١. بەشێك لە موسلمانان کافرەکانیان ڕاونا و بتەکانیان شکاند.
٢. بەشێکی ترچاودێری و پاسەوانی (پێغەمبەر د.خ ) یان دەکرد.
٣. بەشێکی تر دەسکەوتەکانیان کۆ دەکردەوە.[٧].

بۆ چارەسەکردنی ئـەم گێروگرفتـە "خـوای گـەورە" سـورەتی (ئـەنفال)ی دابەزانـد، پێغەمبەر(د.خ) سورەتەکەی بـەیان کـرد و کێشـەکە کۆتـایی هـات. کەواتـە ئـەنفال ئەو سەروەت و سامانەیە لە کاتی شەردا لە بێ باوەڕەکـان بـەجێ دەمـاو دەگەیشـتە دەستی موسلمانان ، ڕێبەری موسلمانان وەکو پاداشـتێك دەیـدا جەنگاوەران کـە لـە بەشی خویان زیادبوو.

بەڵام ئەنفال لای سەرانی ڕژێمی عێـراق پرۆسـەیەك بـوو لـە فکـری ناسـیونالیزمی شـوفێنی بەعسـدا کـە بەرجەسـتەکراوێکی فۆرمەلـەی عەقلانیـەتی سیاسـیانەی جینۆسایدی بە پراکتیزەکراوە لەرێگەی دەسەڵاتی ڕەهاوە بۆ روونکردنی جەسـتەی کـورد و سـرینەوەی سـیمای نەتـەوەیی.[٨] ئـەنفال یـەکێك لـە قۆناغـە هـەرە تراژیـدیاکانی مێـژووی کوردی عێراقـە، وێرانکردنـی سیسـتیماتیکی شـار و گونـدە، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، گرتنـی بـە کۆمـەڵی خـەڵکی سـیڤیل و گـوم کردنیـان و...هتد، ئەم ڕوداو و بەسەرهاتانە لـە بـیری کۆمـەڵانی خـەڵك تـاکو ئێسـتا زینـدوو ماون.[٩]

ناکرێت ئێمە بۆ پرۆسەی لە ناوبردنی بارزانییەکان چەمکی ئەنفال بەکاربهێنین، چونکە لە ساڵی ١٩٨٧ بە دواوە ئەم چەمکە هاتە نێو فەرهەنگی پڕ لە تاوان و دڕندەیی بەعسیەکان، ئەمەش بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنج و ڕای و پشگیری وڵاتانی عەربی و ئیسلامی. بیانو هێنانەوەیەکیش بووە بۆ سڕینەوەی شوناسی کورد.

- **پڕۆژەی لە ناوبردن**

لەم توێژینەوەیەدا چەمکی (پڕۆژەی لە ناوبردن) بەکارهاتووە مەبەست لە پڕۆژەی لە ناوبردن ئەو بەرنامە و سیاسەتە پێشوەختەیە کە لە گەل هاتنە سەر کورسی دەسەڵات، سەدام حوسین وەك سەرۆك کۆمار و پێشتریش وەك جێگر دەستی پێکرد، دڕندەنی ئەم پرۆژەیە لە کوتایی ساڵی ١٩٧٩ و سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ بەدواوە لە گرتن و وەدەرنان و شوێن بزرکردن و ڕاگواستنی کوردە فەیلییەکان سەری هەڵدا و پڕۆژەیەکی بەردەوام بوو، ئەم پڕۆژەیە بەردەوام هزر و بیرۆکەی نوێی بەرهەم دەهێنا بۆ قڕکردنی نەتەوەی کورد، چەندین شێواز و ئامێر و ئایدیۆلۆژیای جیاواز بە ئاشکراو بە نهێنی بەکارهاتوون.
لە پڕۆژەی لە ناوبردنی کورد تەنیا مرۆڤەکان کۆمەڵکوژ نەدەکران بەڵکو خاك سوتاندن و ڕاگواستن و درووستکردنی ئۆردوگای زۆرەملێ و وێرانکردنی گوند و لیك جوداکردنی ڕەگەزەکان و لێسەندنەوەی مافی هاوڵاتیبوون و سوکایەتیکردن بە ئافرەتان و بە ڕەوشت و بە ئاین و بە کولتوور ئەمانە هەمووی بەرهەمی پڕۆژەی لە ناوبردن بوون لە لایەن سەرانی سەدام حسین و حزب و حکومەتەکەی.
لە ساڵی ١٩٨٧-١٩٨٨ ئەم شالاوە بەرنامە بۆ دارێژراوانە بە (ئەنفال) ناونران، ئەنفال یاخود هەر ناوێکی تربێت، هەموو ئەو شالاو و تاوانانە تەواوکەری یەکتربوون و

بیروکـەی یـەك پرۆژەبـوون. لـەلای زۆربـەی هـەرە زۆری خـەڵکی کوردسـتانیش کۆمـەڵکوژی بارزانیـەکان بـە ئـەنفال ناسـراوە. جگـە لەمـەش زۆربـەی هـەرە زۆری یەکەکانی نموونەی توێژینەوە ئەم تاوانەیان بە ئەنفال ناوزەند دەکرد. بەڵام ئێمـە لـەم توێژینەوەیـەدا چـەمکی پـرۆژەی لـە نـاوبردنی بارزانییـەکانمان بـەکارهێناوە بەرامبەر بە پرۆسەی گرتن و قڕکردنـی هەشـت هـەزار نێرینـەی بـارزانی. چـونکە ناونانی ئەنفال زۆر درەنگتر بەکارهێنرا لە لایەن ڕژێمی بەعسی لـە ناوچـوو، ئێمـە دووچاری هەڵەیەکی گەورەی مێژووی و ئاینی دەبـین ئەگـەر ئێمـەش پرۆسـەی لـە ناوبردنی بارزانییەکان بە ئەنفال ناوزەند بکەین.

## - بەجێماو

هەر لەم توێژینەوەدا چەمکی بەجێماو بـەکارهاتووە، ئـەم چـەمکە لـە دوای تاوانـە یەك لە دوا یەکەکانی حزبی بەعس و لە سەردەمی فـەرمانڕەوایی سـەدام حوسـین، وەك زاراوەیـەکی نـوێ هاتـە نێـو فەرهـەنگی کۆمەڵایـەتی و ئـەدەبی و ڕامیـاری کوردەوە.

چەمکی کەسوکاری کومـەلکۆژکراوەکان و کەسـوکاری ئـەنفالکراوەکانیش بـۆ هـەمان مەبەست بەکارهاتوون.

چەمکی بـەجێماوی بارزانیـە کۆمـەڵکوژکراوەکان ئـەو ئـافرەت و منـداڵ و هـەمووو ئەو کەسانەش کە لە ساڵی ١٩٨٣ نێرینەکانیان کۆمەڵکوژکراون دەگرێتەوە، هەروەها ئەوانەی بە هەر شێوەیەك لەم بارۆڤە ڕزگاریان بووە و دواتـر لـە نێـو کەسـوکاریان ژیاون.

مەبەستی سەرەکیش بۆ ئەم چـەمکە لـەم توێژینەوەیـەدا ئـەو کەسـانەن بەتایبـەت ئەو ئافرەت و مندالانەی لـە ئۆردوگـا زۆرەملێیەکانـدا ژیانیـان بەسـەربردووە وەك:

باوك، هاوسەر، كور، برا و كەسوكاريان لە رەگەزی نێر دەستگیركراون لەم ئۆردوگایانە و پاشان لە بیابانەكانی باشوور بەزیندویی كۆمەڵكوژكراون.

باسی دووەم

## جینۆساید

بۆ یەكەم جار ئەم زاراوەیە لەلایەن پسپوری یاسایی پۆلۆنی "رافایل لیمكین" (Raphael lemkin)، بە كارهێنراوە لە كونفرانسێكدا لە مەدرید لە ساڵی ١٩٣٣. لە ساڵی ١٩٤٢ بە نوسین تۆماری كردووە، ئەم یاسا ناسە تەواوی ئەندامانی خێزانەكەی بە دەستی نازیەكان قڕكرابوون[١٠] لە ساڵی ١٩٤٨ لە بەڵگەیەكی نەتەوە یەكگرتووەكاندا بەناوی (پەیمانی پشتگیری و تەنبێكردنی تاوانی جینۆساید)
((Convention on the prevention and punishment of the crimeof genocide))
ناسرا، ئەویش رێكەوتنامەیەكە بۆ قەدەغەكردن و سزادانی تاوانی جینۆساید بە پێی بریاری ژمارە(٢٧٦٠) لە (٢٩)ی كانوونی یەكەمی ساڵی ١٩٤٨ دا لە لایەن كۆمەڵەی گشتییەوە پەسەندكراو لە ١٢ی كانوونی یەكەمی ١٩٥١ دا چووە بواری كارپێكردنەوە.[١١]

جینۆساید لە رووی زمانەوانییەوە لە دوو وشە پێكهاتووە:

١. وشەیەكی گریكییە (Genos) واتە: (رەگەز، بنەچە، رەچەلەك، نەژاد...).
٢. وشەیەكی لاتینییە (caeder) واتە: (كوشتن، فەوتاندن، لە ناوبردن...).

بە لێكدانەوەی هەردوو وشەكە (فەوتاندنی بنەچە) (Genocide) پێكدێت بە مەبەستی لە ناوبردنی گرووپ یا كەمینەیەكی نەتەوەیی و رەگەزی و

ئـاینی.[٤]كۆمه‌ڵـه‌ی گشـتی نه‌تـه‌وه یـه‌كگرتووه‌كان لـه رێكه‌وتنامـه‌ی سـزادان و به‌ربه‌ندكردنی جینۆساید به‌م شێوه‌یه پێناسه‌ی جینۆسایدی كردووه‌:

(هه‌ر كاتێك به مه‌به‌ستی له ناوبردنی هه‌موو یان به‌شێك له كۆمه‌ڵی مرۆڤایه‌تیـدا ئه‌نجام ده‌درێت له رووی سیفاتی نه‌ته‌وه‌یی، ئاینی، نیشتیمانی، ڕه‌گه‌زی).[١٤]

پرۆفیسـوری یاسـاناس"لـیمكین" وا لێكده‌داتـه‌وه تـاوانی جینۆسـاید پێكهـاتووه لـه كۆمه‌ڵه كردارێك، كه ئارمانجه‌كه‌ی له ناوبردنی رێسای بنچینه‌یی ژیـانی كۆمـه‌ڵانی نیشـتیمانین، بـه‌و نییه‌تـه‌ی لـه نـاوبردنی ئـه‌و كۆمه‌ڵانـه لـه رێگـه‌ی تێكشـكاندنی دامـوده‌زگـای سیاسـی و كۆمه‌ڵایـه‌تی و رۆشـنبیری و زمانه‌وانییـه‌وه، تێكشـكاندنی هه‌ستی نیشتیمانی و ئاینی و له ناوبردنی ئابوورییان، جینۆساید له‌لای "لـیمكین" تاوانێكـه ئارمانجه‌كـه‌ی لـه نێـوبردنی كۆمـه‌ڵێكی نیشـتیمانییه، ئه‌وكردارانـه‌ی ئاراسـته‌ده‌كرێن بـۆ لـه نێـوبردنی ئـه‌و تاكـه نـه‌ك بـه سـیفه‌تی تاكایـه‌تی، بـه‌ڵكو بـه‌حوكمی ئـه‌وه‌ی ئه‌نـدامی ئـه‌و كۆمه‌ڵـه مه‌به‌سـتداره‌یه كـه شـوێنگه‌ی روودانـی جینۆسایده‌.[١٥]

جینۆسـاید بـه واتـای (لـه نـاوبردنی بـه ئه‌نقه‌سـتی هـه‌موو یـان به‌شـێكی كه‌مایه‌تیه‌كـه‌ی ڕه‌گـه‌زی، ئـاینی، تایـه‌فی، ئیتنێكـی یـان سیاسـیی لـه لایـه‌ن حكومه‌تێكه‌وه یان دامـوده‌زگا و داروده‌سته‌كانیانه‌وه هه‌ر ته‌نیا كوشتنی بـه كۆمـه‌ڵ ناگرێته‌وه‌، به‌ڵكو برسیكردن، به زۆری ڕاگواستن و ده‌ست به سه‌رداگرتنی سیاسی و ئابووری و بایه‌لوژیش ده‌گرێته‌وه‌)[١٦] له‌ناوبردن و فه‌وتاندنی هه‌ر كۆمه‌ڵه مرۆڤێك ئه‌گه‌ر به‌شێكیشی بێت له هه‌ر جێگایه‌كی دونیاش بێ، ئـه‌وا ده‌بێتـه تـاوان لـه دژی سـه‌رجه‌م مرۆڤایـه‌تی. پێناسـه‌ی زۆری جینۆسـایدكراوه‌، ئه‌گـه‌ر چـی لـه‌رووی رووخساره‌وه جیاوازن به‌ڵام له مه‌به‌ستدا یـه‌ك ئارمانجیـان پێكاوه‌و لـه ناوه‌رووكدا هه‌موویان له ده‌وری یه‌ك ته‌وه‌ر ده‌خولێنه‌وه‌.

توێژەران و پسپۆرانی یاسا چەندین چەمکی دیکەیان بەکارهێناوە بۆ تێگەیشتنی کوشتنی بە کۆمەڵ وەك؛

ئیتنوساید (Ethnocide) واتا کوشتنی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی هەمان گرووپی ئیتنیکی. پولێتیساید (Politicide) واتاکوشتنی ئەندامانی گرووپێکی سیاسی. هەندێ جار چەمکی (پاککردنی ئیتنیکی)یش (Ethnic Cleasing) بەکاردەهێنرێت.

"هەلی فاین" یەکێکە لە پسپورەکانی بواری توێژینەوەی جینۆساید، پێشنیاری ئەوە دەکات کە دەتواندرێت لە جینۆساید تێبگەین وەك؛ کردەی توندوتیژی دەستە جەمعی، ئامانجەکەی قەلاچۆکردنی گرووپێکی تایبەتی (ڕەگەزی، ئیتنیکی، نەتەوەیی، ئاینی... هتد)یە کە تاوانکاران دەستنیشان دەکات، قەلاچوکردن لە ئاکامی پلانێك یاخود بە ڕێگەیەکی بیروکراسی روودەدات کە پێکدێت لە دەستنیشانکردنی گرووپی قوربانییەکان و پێشێلکردنی مافی ئەم گرووپە و هەلاواردن و دوورخستنەوە و دواجاریش قەلاچوکردنی.(١٧)

بە شێوەیەکی گشتی مەبەست لە جینۆساید کوشتن و لە ناوبردنی کۆمەڵە مرڤییەکانە بە ڕێگە و شێوازی جیاجیا، بە یەکێك لە تاوانە مەترسیدارەکان دادەنرێت کە ئاسایش و تەناهی و تەندروستنی بونیادی کۆمەلگا دەخاتە مەترسیەوە، چونکە دەبێتە هۆی لە ناوبردن و چەوسانەوەی بونەوەرە ئادەمیزادییەکان بەشێوەیەکی فراوان یان بە ڕێژەیەکی کەم بەهۆی پێکهاتەو سروشتە نیشتیمانی یان ڕەگەزی یان بنەچە یان ئاینیەکانیانەوە.

کەسانێکی وەك"مارتین ڤان برۆینەسەن" دوورخستنەوە و کوشتنی بارزانیەکان بە ئیتنوساید (Ethnocide) دەزانێت واتا کوشتنی بە کۆمەڵ کە قوربانیەکان ئەندامی هەمان گرووپی ئێتنیکین.(١٨)

جینۆساید تاوانێکی درندانەیە لە دژی مروڤایەتی، بۆیە نەك هەر ولآتانی تاوانکار بەڵکو ئەو کەسانەش کە بە ئەنجامدانی جینۆساید تاوانباردەکرێن، لێپرسینەوەی یاسایی نێونەتەوەیی دەکەوێتە ئەستوویان. وەك لە بەندی (٣)ی پەیمانی ١٩٤٨ داهاتووە[١٩] تایبەتە بە قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید، عێراقیش لە (٢٠)ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩ ئەم پەیماننامەی پەسەند کردووە.

خاتو "فنهێلن" (Feinhelen) لێکۆڵەرەوە لە بواری نەژادکوژی و جینۆساید، بەم دواییە توێژینەوەیەکی گرنکی سەبارەت بە جینۆساید لە سەدەی بیستەمدا ئەنجامداوە، تیایدا ئەوەی ئاشکرا کردووە کە تەنیا لە (١٠٠) سەد ساڵی ڕابردوو قوربانیانی جینۆساید لە دونیادا (٣٠تا٥٠) ملیون مروڤن[٢٠]

ئەم خشتەیەی خوارەوە تاوانەکانی جینۆساید لە سەدەی بیستەمدا ڕووندەکاتەوە.

## خشتەی ژمارە (١) تاوانەکانی جینۆساید لەسەدەی بیستەمدا.

| مێژوو (ساڵ) | پیادەکار | نەخشە ڕێژان | قوربانییەکان | ژمارەی مەزەندەکراو (ملیون کەس) |
|---|---|---|---|---|
| ١٩١٥-١٩٢٥ | تورکیای عوسمانی | تورکە لاوەکان- تەلعەت پاشا | ئەرمەنییەکانی تورکیا | ١,٥ کوژراو ٠,٥ دوورخراو |
| ١٩١٨-١٩٢١ ١٩٣٤-١٩٣٩ | حکومەتی کۆمونیستی سوڤیەت | کۆمونیستەکان- ستالین | ئوکرانی و نەیارانی ناوخۆیی | ١٣ |
| ١٩٣٩-١٩٤٥ | حکومەتی نازیی ئەلمانیا | هیتلەر | پۆلۆنییەکان و رومەکانی یەهوودی | ٦ پۆلونی ٥,٥ یەهوودی |
| ١٩٦٣-١٩٧٤ | سوپای ئەمریکا | لیندوك جانسۆن ریچارد نیلسۆن | خەڵکی ڤیەتنامی باکوور | ١ |
| ١٩٦٦-١٩٦٩ | کۆمونیستی چین | مائوسی تونگ | ئانتی کۆمونیست نەیارەکان | ٢ |
| ١٩٦٥-١٩٦٦ ١٩٧٢-١٩٩٩ | حکومەت و سوپای ئەندەنوسیا | سوهارتۆ | خەڵکی تەیموری رۆژهەلات | ٠,٥ ئەندەنوسی ٠,٣ تەیموری |
| ١٩٧٥-١٩٩٥ | کەمبودیا | خمێرە سورەکان پۆل پۆت | هاووڵاتی ئاسایی | ٢ |
| ١٩٨٧-١٩٨٨ | حکومەتی بەعسی عێراقی | سەددام حوسێن | کورد | ٠,٢ |
| ١٩٨٣-٢٠٠١ | سودان بەرەی ئیسلامی باکور | دەسەڵاتدارانی سیاسی | گرووپە نەتەوەیی و ئاینییەکانی باشووری سودان | ٢ کوژراو ٤ دوورخراو |
| ١٩٨٦-٢٠٠١ | حکومەتی ئاینی تالیبان | ئوسامە بن لادن | خەڵکی ئەفغانستان و نەیاران | ٠,٠٢ |
| ١٩٩٤ | هێزە نەیارەکان لە رواندا | هۆزی هۆتۆکان | هۆزی توشی | ٠,٦ کوژراو ١,٥ پەنابەر |
| ١٩٩٥ | سوپای یۆگسلافیا | میلۆسۆڤیچ | هاووڵاتی بۆسنە | ٠,٠٢ |

## جۆرەکانی جینۆساید

جینۆساید تەنیا لە ناوبردنی جەستەیی کۆمەڵە مروڤێکی نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئیتنیکی، ئاینی نییە، بەڵکو چەند جۆرێکی جیاجیای لایەنەکانی ژیانی مروڤ دەگرێتەوە ئەمانەن:




هێلکاری ژمارە(١)جۆرەکانی جینۆساید ڕووندەکاتەوە

١- جینۆسایدی فیزیکی -جەستەیی-:

کوشتن بە هەر جۆرێك بێت، لەسێدارەدان، گولەبارانکردن، هێرشی سەربازی، بە کۆمەڵ کوشتن، بەکارهێنانی چەکی قڕکردن وەکو؛ کیمیاوی و فۆسفوری و ژەهر... هتد[٢١]

بە پێی ماددەی (٢) دووی برگە (٢) دووی ڕێکەوتننامەی بەربەندکردنی جینۆساید، دەکرێ جینۆساید بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ بە سەپاندنی ئازارێکی زۆری جەستەیی

کەوا بەرگەی ئەو ئازارە نەگرێت و بەشێوازیکی ناڕاستەوخۆ هێمنانە بمرن.[22] لە ناوبردنی فیزیانەی خەڵك نەگۆڕێکی بەردەوامی سیاسەتی بەعس بوو.

٢- جینۆسایدی بایەلۆژی:

بەربەندکردنی هەر کۆمەڵە مروڤێك لە پێشکەوتن و زیادبوون، وەکو بەربەندکردنی منداڵ بوون و زیادکردن، لە یەك دابراینی پیاو و ئافرەت، دابەشکردن و لێك جوداکردنی ئەندامانی خێزان بۆ ماوەیەکی زۆر،[23] یاخۆد نەزوك کردن و خەساندنی پیاوان و لەباربردنی ئافرەت و تێکدانی ڕێژەی ئاسایی زیادبوونی مروڤ، هیشتنەوی ڕەگەزێك بە تەنیا.

٣- جینۆسایدی کولتووری:

قەدەغەکردنی زمان و شێواندن و تێکدانی مێژوو، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، رۆشنبیری، کولتووری نەتەوەیی، هەستی یەکگرتوو، ئاین و شارستانییەتی هەر کۆمەڵە مروڤێکی دیاریکراو،[24] وێرانکردنی شوێنە دێرینەکان، شێواندنی ئەدەب، هونەر، ترادیسون، کەلەپوور، ڕاگواستن و ڕاپێچکردنی منداڵان بۆ کۆمەڵگایەکی جیاواز و نامۆ، بۆ خاك و کەش هەوایەکی جیاواز لە رووی زمان و مێژوو خۆنەریت و ئەتمۆسفیر و ئارکیۆلۆجیا ئەنجامدەدرێت، بەشێوەیەك زمانی زگماکی خۆیان کە ناسنامەی نەتەوەییانە لە هزریاندا بسرێتەوە و مێشکیان بۆ کولتوور و رۆشنبیری و مێژووی کۆمەڵگە نوێیەکە زاخاو بدرێت و لە سەر ئەو بنەمایە نەشوما بکەن و بە ڕەوشت و ئۆل و بیروباوەر و لایەنی سۆسیۆلۆژی ئەو کۆمەڵگایە ڕابهێنرێن.[25]

٤- جینۆسایدی ئابووری:

وێرانکردنی سامان و سروشت و بەروبوومی ناوچەکان، تالانکردنی ماڵ و سامانی خەڵك، سەپاندنی گەماروی ئابووری بە مەبەستی برسی کردنی خەڵك ئەمە دەکرێ پێی بوترێت (وێرانکردنی ئابووری)[٢٦]

ئەگەر بەوردی سەرنجی جۆرەکانی جینۆساید بدەین، بەراوردی بکەین لە گەڵ ئەو تاوانانەی لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا بەسەر بارزانیەکاندا هاتوون لە لایەن حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بە تایبەتی حزبی بەعس، ئەم چوار جورەی جینۆساید بە زەقی دیارن.

باسی سێیەم

## بەعس و بەعسیزم

بەعس وەکو هێزێکی عیلمانی هاتەکایەوە، سەرەتاکانی دەسەڵاتی بەعس سەرەتایەکی عیلمانی بوو، هێزێك بوو باوەری بە سۆسیالیزم هەبوو.[٢٧] دەسەڵاتی سیاسی حزبی بەعس دەسەڵاتی سیاسی بۆرجوازی بیرۆکراتی مشەخوربوو و پایەی کۆمەڵایەتیشی لە سەرهەمان توێژی دیاری کراو دانراوە.[٢٨]

لە ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ بەعسیە شوفینیەکان بۆ یەکەم جار دەسەڵاتی سیاسیان لە عێراق بۆ ماوەیەك گرتە دەست لە ١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ بە پێی پیلانێکی ئیمپریالیستانە بۆ دووەم جار کورسی دەسەڵاتی عێراقیان وەرگرتەوە.

بەعسیزم شوێنکەوتووی پەیداکردنی مودێل و سیستەمێك لە هێزە کە تێیدا توندوتیژی دەگاتە ئەو پەری سنوورەکانی بیرکردنەوە.[٢٩]

به‌عس هه‌موو بیرو بۆچوونه‌کانی خۆی له سه‌رچاوه‌ی ڕه‌گه‌زپه‌رستییه‌وه هه‌ڵده‌هنجی هه‌وڵی ده‌دا گیانی خۆ به زلّ زانین و به سوك سه‌یرکردنی میلله‌تانی تر گیانی داگیرکه‌رانه و په‌لامار ده‌رانه و ده‌ست درێژی که‌رانه، گیانی ترساندن و تۆقاندن، کوشتن و بڕین و به زۆر سه‌ر پێدانواندن له ناو عه‌ره‌بدا بچه‌سپێنێ، له مه‌شدا تا ئه‌ندازه‌یه‌کی زۆر لاسایی کارو کرده‌وه‌کانی هیتله‌رو نازییه‌کانی ئه‌لمانیای ده‌کرده‌وه.[٣٠] ڕژێمی به‌عس له عێراق له به‌رنامه‌ی دا په‌یره‌وی هه‌مان پره‌نسیپی پرۆپاکه‌نده و هزری و رێکخراوه‌یی نازیه‌تی کرده‌وه، له به‌رنامه‌ی به نازیکردنی گشت نه‌ته‌وه‌ی ئه‌لمان به‌وه‌ش که به‌عس سه‌رجه‌م عێراق بکاته به‌عسی، هه‌روه‌ك سه‌ددام حوسێن وته‌نێ:

(ته‌نیا به‌عسیه‌کی باش عێراقیه‌کی باشه).[٣١]

به‌عس ده‌یویست به پێی پێوه‌ری سه‌رکرده گه‌لێك دروست بکات. ڕژێمی به‌عس زۆر هه‌وڵیداوه بۆ ئه‌وه‌ی به ساناترین شێوه شوڕببێته‌وه نێو زۆرِ چه‌مك و ئایدۆلۆژیا و فکری جیا جیا تا بتوانێ سودیان لێوه‌رگرێ. هه‌ر ئه‌و ئاراسته‌یه‌ش بووه هۆکارێك که زۆرِ له لێکوڵینه‌وه و ڕاڤه‌کردنه‌کان بۆ پێناسه‌کرن و شیکارکردنی بنیاده گشتییه‌کانی کۆلتووری به‌عس یه‌کلایی و تاك ڕه‌هه‌ندانه ده‌که‌وتنه خوێندنه‌وه‌ی ڕژێمی به‌عس و هه‌ریه‌که و به چه‌شنێك بۆی ده‌چن و ناتوانن به‌یه‌ك چه‌شنه ڕژێمێکی په‌یوه‌ست به فیکرو ئایدۆلۆژیایه‌که‌وه ببه‌ستنه‌وه و به‌ربلاوانه نه‌یخه‌نه ژێر تێروانین و ووردبونه‌کانیانه‌وه.[٣٢]

دید و فه‌لسه‌فه و ئایدۆلۆژیای به‌عس هاوشێوه‌ی دید و فه‌لسه‌فه و ئایدۆلۆژیای سه‌رده‌می فیرعه‌ون بوو به مامه‌ڵه‌کردن له گه‌ڵ بارزانیه‌کان، ئه‌گه‌ر ئێمه سه‌ره‌نجی سوره‌تی (القصص) له قورئانی پیرۆزدا بده‌ین له ئایه‌تی چواری ئه‌م سوره‌ته، په‌روه‌ردگار ده‌فه‌رموێت: (بێگومان فیرعه‌ون زاڵ و دڕنده‌بوو له وڵاته‌که‌یدا خه‌ڵکه‌که‌ی پارچه پارچه کرد جیاوازی خسته نێوانیانه‌وه ده‌سته‌یه‌کیان

دەچەوساندەوە و لاوازی دەکردن، منداڵە نێرینەکانی سەردەبڕین کچان و ئافرەتانی بە زەلیلی دەهێشتەوە...)[٣٣]

فیرعەون زیاتر لە (١٢٠٠٠) دووانزە هەزار کوڕی بەنی ئیسرائیلی کوشت. فیرعەون خەڵکەکەی پارچە پارچە کرد و جیاوازی خستە نێوانیان، سەددامیش بە هەمان شێوە مامەڵەی لە گەڵ بارزانیەکان کرد، فیرعەون نێرینەکانی سەردەبرین، سەددامیش نێرینە بارزانیەکانی بە زیندوویی دەخستە نێو گۆڕی بە کۆمەڵەوە، فیرعەون کچان و ژنانی بە زەلیلی هێشتەوە سەددامیش ویستی ژنان و کچانی بەجێماو لە بارزانیەکان ڕەزیل و زەلیل بن.

## خشتەی ژمارە (٢)

خالە لێکچووەکانی دیدو ئایدیۆلۆژیای فیرعەون بەرامبەر بە میللەتەکەی و سەدام بەرامبەر بارزانیەکان:

| دیدو ئایدیۆلۆژیای فیرعەون | دیدو ئایدیۆلۆژیای سەدام |
|---|---|
| فیرعەون زیاتر لە ١٢ دوانزە هەزار نیرینەی سەربری و کوشت. | سەدام زیاتر لە ٨ هەشت هەزار نێرینەی بارزانیەکانی بە زیندویی خستە نێو گۆڕی بە کۆمەڵەوە. |
| فیرعەون خەلکەکەی لێك جوداکرد و جیاوازی خستە نێوانیان. | سەدامیش نێرینەکانی جودا کرد و پاشان لەناوی بردن و تەنها ئافرەت و منداڵی هێشتەوە. |
| فیرعەون ئافرەت و کچانی بە زەلیلی هیشتەوە و خستە ژێر فشارێکی زۆری دەروونی. | سەدامیش بەهامان شێوە ئافرەتە بارزانیەکانی خستە ژێر فشارێکی زۆڕی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە. |

باسی چوارەم:

## واتا و چەمکی بارزان

بارزان یاخۆد بەرزان ناوی هۆزێکە و ناوچەیەکە لە کوردستانی باشوور، سەبارەت بە ناوی بارزان بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێك دەلێن (بارزان) ئەگەر پیتی (الف و نون) هێمای کۆکرنەوەبێت وشەی(بارز) بەواتای دلێر، دلاوەر، چالاك، جەنگاوەر دێت، بەلاّم وشەی (بەرزان) ئەگەر پیتی (الف و نون) هێمای کۆکرنەوە بێت و وشەی(بەرز) لە زمانەوانی ئاڤێستای فارسی پەهلەوی و کوردی بە واتای بلند و بەرز دێت.[٣٤] هەندێکی تریش دەلێن ناوی(بارزان)لە وشەی (بەرز)ەوە هاتووە، لەبەر ئەوەی ئەو گوندە رێکەوتی دروستکردنەکەی لە شوێنێکی بەرز و بلندەوە بووە پێیان وتووە(بەرزان).[٣٥]
رای تر هەیە دەلێن ئەم ناوە لە ناوی خێلی(برازی)ەوە هاتووە (خێلی برازی یەکێکە لەخێلەکانی دەڤەری بۆتان لە کوردستانی باکوور) یان ناوی باپیرە گەورەکەیانە، واتاکەشی (ماف هەلگر) یان (ماف زانە)ە، یاخۆد لە(بارسان)ەوە هاتووە، دەروێشەکان (پیاو چاك - پیاوی خودا)، یان(برازان) واتە (اخوان الصفاو).[٣٦]رای تر هەیە دەلێن ناوچەی بەرزان واتە (ناوچەی کۆچ).[٣٧]

مێژوونوسی عێراقی عەباس ئەلعەزاوی دەلێ: ئەسلی (بارزان) گوندی (باریزانە)، (باریزانی شەرەفنامە) لەو زانیاریانەی کەشەرەفنامە دەیان خاتەروو ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە وشەی (بازیران) یان (باریزان) لە بنچینەدا وشەی (بارزان)ی ئێستایە، وا دەردەکەوێ کە گوندی(بارزان) زۆر کۆنە و ناوەکەی لە (لەفزە) کۆنەکەی وەرگیراوە ئەو گوندەش جاران گوندێکی ناودار بوو لە سەدەی شازدەمی زاینیدا.[٣٨] رای تر هەن بارزان دەبەنەوە سەر(پارسان) و دەلێن واتە(عابدان) و

(زاهیدان) لە سەر ئەو ئیحتیبارەی کە ئەم شێخانە زاهیدو خواناس بوون، ئەمە جگە لەوەی کە ئەمە نەدەبووا (پارسان) بوایە، بەڵکو دەبووا (پارسیان) بووایە و ئەویش بارزانیان بووایە، واتە تاکی وشەکە بارزانیان بووایە، ئەو کاتە کۆیەکەی دەبوو بە (بارزانیان یان) وەیان (بارزانیان کان).[٣٩] ئەمەش دیارە شتێکی هەڵەیەو لەرووی رێزمانییەوە درووست نییە. سەبارەت بە ناولێنانی ئەم دەڤەرە ئێمەش وای بۆ دەچین بەهۆی هەڵکەوت و پێگەی جیۆگرافی ئەم ناوچەیە کە شوێنکی بەرزبووە ئەم ناوەی لێنراوە کە وشەی (بەرز) هێمای کۆکردنەوەی (ان) بۆ زیاد کرابێت لە بەرزەوە کرابێتە بەرزان ( بارزان).

## کورتە باسێکی دیرۆکی بارزان و بارزانیەکان

مەسعود بارزانی لە پەرتوکی (بارزانی و بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد)دا[٤٠] دەڵێت: (ناولێ نرانی ئەو هۆزە بە هۆی گوندی بارزانەوە هاتووە کە مەڵبەندی شێخانی بارزانە، ئەو شێخانە لە بەربابی فەرماندەکانی ئامێدی (عمادییە)وە هاتوون چۆنکە مەسعودی باپیریان هاتوتە گوندی هەڤندکای نزیک بارزان و لەوێ نیشتەجێبووە کچێکی لەو گوندە مارە کردووە کورێکی لێ بوو ناویان نا (سەعید)نەوەی ئەویش کە شێخ تاجەددین بوو زانایەکی ئاینی و ناوداربوو، گەڵێك مریدی لە دەور کۆبونەوە تەکیەی(بارزان)ی دامەزراند و هەتا کۆچی دووایی کرد هەرلەوێ ژیا، پاش ئەو شێخ عەبدولرەحمانی کوری جێیگرتەوە، کە ئەویش عەبدوللای کوری هاتە شوێنی کە بە(خواناس و دینداریيەوە)ناوی دەرکردبوو، شێخ (عبدالسلام)ی کوری ناردە نەهرییە بۆ ئەوەی زانستە ئاینیەکان لای شێخی مەزن

(سەیدتەهای نەهر)ی بخوێنن، پاش کۆچکردنی باوکی، کاروباری تەکیەی (بارزان)ی بەرێوەبرد. ژمارەی مریدەکان زۆر زیادی کرد، قوتابخانەیەکی ئاینی لە بارزان پێکەوەنا کە لە هەموو ناوچەکەدا دەنگی دایەوە، ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان بۆ فێربوون روویان تێدەکرد، نێوانی لەگەڵ سەید تەهای نەهری زۆر خۆش بوو.

مەولانا خالدی نەقشبەندی لە کاتی گەرانییا سەری لە تەکیەی بارزان داوەو شێخ عەبدولسەللامی کردە خەلیفەی خۆی و لە گەڵ خۆی برد بۆ نەهری بۆ بینینی سەید تەها کە ئەویش ببوو بە خەلیفەی مەولانا خالد).

مەشێخەی بارزانیەکان مۆرکی تەریقەتێکی سوفیگەری نەقشبەندی[٤١] لە خۆ گرتووە.

رێبەرایەتی شێخانی بارزان هەر لە سەردەمی شێخ عەبدولسلام بارزانیەوە بەرەو چاکسازی کۆمەلایەتی و هەوڵدان بۆ جێ بەجێ کردنی دادوەری کۆمەلایەتی چوو، کە دواتر ئەو رێبەرایەتیە تەنیا لە رێبەرایەتیەکی ئاینی یان تەریقەتێکی سوفی گەری نەمایەوە، ئامانجەکەشی تەنیا لەوەدا قەتیس نەبوو، کە تەنیا هەوڵی چاکسازی کۆمەلایەتی بدات بەڵکو بەرەو ئامانجێکی سیاسیانەو نەتەوایەتیانەی بەرز چوو.

بارزانیەکان هەر لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە لە پێش دا سەرکردایەتی ئاینی و کۆمەلایەتی و لە سەردەمی شێخ عبدولسلامی گەورەو شێخ محەمەد بارزانیەوە سەرکردایەتی سیاسی و نەتەویی کوردیان گرتووتە دەست، ئەوان رێبەرایەتی تەریقەتی نەقشەبەندی یان کردووە شێخ عەبدولسلامی بارزانی و شێخ ئەحمەدی بارزانی و مستەفا بارزانی نەمر بە تەنیا رێبەری سیاسی و نەتەوەییەکی مەینەت بارو پشك خۆراو نەبوون یان بە تەنیا رێبەرێکی ئاینی و ریفۆرم خواز نەبوون بەڵکو ئەوان پێشەوای هەموو ئەو نەتەوەو ئاینە جیاوازانە بوون کە لەسەر خاکی کوردستاندا لە گەڵ نەتەوەی کوردا دەژین[٤٢] سەرەتای سەرهەڵدان و بەدەرکەوتنی

بنەماڵەی شێخانی بارزان بە پێی هەندێ لە سەرچاوەکان دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەدەی هەژدەم، بەڵام سەرەتای بەدەرکەوتن و تێکەڵاوبونیان لە کاروباری ئاینی و پاشان سیاسی لە ناوەراستی سەدەی نوزدەهەمەوە بوو. بۆ گەڕاندنەوە و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسیە سەربەخویەی لە ئەنجامی رۆخاندنی میرنشینە یەك لە دوا یەکەکانی کورد لەلایەن سولتانی عوسمانی لە دەست کورد چووبوو.(٤٣)

بنەماڵەی بارزان شێخ بوون بەڵام دەرەبەگ نەبوون، هەمزە عبدوللا نوسیویەتی و دەڵێت: (تاقە شێخن کە دەرەبەگ نەبوون) نیکیتینیش نوسیویەتی:((شێخەکانی بارزان وەك هەموو جوتیارێکی ساکار بیستانێکی بچوکیان هەبوو)) ویگرام بەناوچەکە گەراوە دەڵێ: (پارچەیەك زەوییان نیە. لە ساڵی ١٩٣٠ کە حکۆمەت ویستی دەمی شێخ ئەحمەد چەورکا و لەرێی ڕاپەرین و راست بوونەوەی لابدا سەرجەم زەویەکانی ئەم ناوچەیە بە ناوی ئەوەوە نوسی، بەڵام شێخ ئەحمەد داوای کرد کە بەناوی جوتیارەکانەوەبێ) غولامیش دەڵێ (دیوەخانەکەیان نەختێك لە ژووری جوتیارەکان گەورەترە)(٤٤) .

ئەبولحەسەن تەفرەشیان نوسیویەتی: (ئەوانە موسولمانی خاوەن بڕوان، بەڵام خەیال پەروەر نین، سەرۆکی هۆزەکەیان لە هەمانکاتدا پێشەوای ئاینی یانە و ئەم پلە و پایەش پشتا وپشت بۆیان ماوەتەوە)(٤٥)د.حوسێن قاسم عاشوور نوسیویەتی ((بارزانیەکان پیاوی شەرکەرو ئازاو پێشمەرگەن، پەیرەوەی سەرکردەکانی خۆیان دەکەن بەبێ سێ و دوو فەرمانی سەرۆکیان جێ بە جێ دەکەن بۆیە حکومەتەکان نەیان توانیووە تاکو ئێستا ملکەچیان بکەن، بە باشترین عەشیرەت ناودەبرێ لە رۆژهەڵاتی ناویندا.))(٤٦)

پوختەی گرنگترین ئەو چاکسازیانەی کە سەرەتا لەسەر دەستی شێخەکانی بارزان لە ناوچەی بارزان هاتنە کایەوە و پاشانیش وەك یاسا و نەریتێکی بەها بەرز چووە واری جێ بەجێکردن ئەمانەن:(٤٧)

١. پەیرەوکردنی یاسای شەریعەتی ئیسلامی بەپێی مەزهەبی شافعی لە دەڤەری بارزان.
٢.نەهێشتنی سیستەمی مولکایەتی دەرەبەگی و دابەش کردنی زەوی بەسەر جوتیارو هەژاران دا.
٣. دامەزراندنی چەند لێژنەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە گوندییەکان.
٤. قەدەغەکردنی کوشتنی ئاژەڵی کیوی و برینی داری تەرو پاراستنی ژینگەی ناوچەکەیان.
٥.سود وەرگرتن لە داهاتە سروشتیەکانی ناوچەکەیان، بەشێوەیەکی یەکسان بۆ هەمووان.
٦.قەدەغەکردنی ژن بە ژنی و گەورە بە بچوك و بەزۆر ژن مارەکردن و بە شوودان.
٧.درووستکردنی مزگەوت بۆ هەمو و گوندێك بۆ خوا پەرستی و چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان.
٨. پێکهێنانی دەستەو هێزی چەکداری بەپێی قەبارەی دانیشتوان لە هەر گوندێك بۆ کاتی تەنگانە.
٩.ڕەتکردنەوەی هەر بڕیارێك کە ببێتە هۆی سەندنی باج و سەرانە لە خەڵك.
١٠. بەرز ڕاگرتنی پەیوەندی دێرینی خۆیان لە گەڵ ئاسورییەکان و گشت ئاین و مەزهەبێك.

زۆر لە ڕاستی دوور ناکەوینەوە ئەگەر بڵێن ئەو شێوە سیستەمە کۆمەڵایەتیانەی کە لەو سەردەمەدا شێخانی بارزان پەیرەویان دەکرد، ڕەنگە ئەوکات نەك هەر لە هیچ شوێنێکی کوردستان بەدەرنەکەوتبوو بگرە لەسەر تا سەری ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش هاوتای کەمبووە.

## وێنە و دیکۆمێنتەکانی بەشی یەکەم

**دیکۆمێنتی ژمارە(١)**

**بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**کۆماری عێراق**

**سەرۆکایەتی کۆمار**

**سکرتێر**

**ژمارە: ٢٦٥١/ك**

**رێکەوت: ١٩٨٧/٨/٢٤**

**زۆر نهێنی و تایبەت**

**هەڤال عەلی حەسەن مەجیدی بەرێز**

**ب/ خێزانە بارزانیەکان**

**لە بەر ئەگەری جەختکردنەوەی بەردەوامی تاوانبار مەسعود بارزانی لە سەر بابەتی خێزانە بارزانییەکان ئەوانەی نیشتەجێن لە پارێزگای هەولێر - کۆمەلگای قوشتەپە، لە کاتی پەیوەندیە ناراستەوخۆیان لە گەلّ لایەنگیرەکانیان ئەنجامیان داوە لە سالّی ١٩٨٣ یەوە تاکو ئێستا، چونکە ئەو - چارەنوسی خێزانە بارزانیەکان - بە مەرجێك یان پێشنیارێکی سەرەکی دادەنێت بۆ دەستپێکردنی دانوستان لە گەلّ سەرکردایەتی حزب و شۆرش.**

**فەرمانی بەرێز سەرۆکی فەرماندە کە هەموو بەرپرس و دەزگا ئەمنیەکانی پەیوەندیدار بە کێشەی کوردەوە ئاگاداربکرێنەوە، یەك وەلامی دیاریکراو بێت (جگە لە سەرکردایەتی دەولەت هیچ کەسێك سەبارەت بە — چارەنوسی خێزانە**

بارزانییەکان- هیچ شتێك نازانێت و مەسەلەی سەرەکیش لە کیشەی ئەو خێزانانە گەورەترە) پێویستە ئەم وەڵامە بەکاربهێنرێت بەرامبەر بە هەر لێپرسینێك کە لەلایەن ئەوانەوە دەکرێت سەبارەت بە چارەنوسی ئەو خێزانانە.

بۆ کاری پێویست.. لە گەل رێزدا

واژووی

سکرتێری سەرۆك کۆمار

وێنەیەك بۆ

- بەرێز بەرێوەبەری دەزگای هەوالگری رێزدار/ نوسراوتان ژمارە ٤٤٣٩ لە ١٩٨٧/٨/٢٣ بۆکاری پێویست.. لە گەل رێزدا.

- بەرێز بەرێوەبەری هەوالگری لەشکری گشتی رێزدار/ بۆ کاری پێویست.. لە گەل رێزدا.

- بەرێز بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی رێزدار/ بۆکاری پێویست.. لە گەل رێزدا.

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(١)

رئاسة الجمهورية
السكرتير

العدد: ٢٦٥١/ك
التاريخ: ١٩٨٧/٨/٢٤

سري للغاية وشخصي

٥٧٨٢
١٩٨٧/٨/٢٤

الرفيق علي حسن المجيد المحترم

م/ العوائل البارزانية

نظراً لاستمرار تأكيد المجرم مسعود البارزاني على موضوع العوائل البارزانية التي كانت تسكن محافظة اربيل - مجمع قوشتبة وذلك من خلال الاتصالات غير المباشرة التي تحققت مع زمرته منذ عام ١٩٨٢ وحتى الآن ، حيث انه يعتبر ذلك كشرط أو مقترح رئيس للبدء بحوار جدي مع قيادة الحزب والثورة ..

أمر السيد الرئيس القائد بتوجيه المسؤولين والاجهزة الامنية المعنية بالقضية الكردية - الذين من المحتمل الاتصال بهم من خلال طرف ثالث - بان يكون الرد محدد وموحد بأن (لا أحد يعرف عنهم شيئاً سوى قيادة الدولة وأن المسألة الاساسية اكبر من قضية هذه العوائل) وأن يعتمد هذا الجواب في الرد على أي استفسار منهم قد يحصل عن مصير هذه العوائل .

نرجو اتخاذ ما يقتضي .. مع التقدير

سكرتير رئيس الجمهورية

(٢-١)

الجمهورية العراقية
رئاسة الجمهورية
السكرتير

بسم الله الرحمن الرحيم

العدد :
التاريخ :

نسخة منه ل

السيد مدير جهاز المخابرات المحترم / كتابكم ٤٤٢٩ في ٢٢/٨/٩٨٧
لاتخاذ مايقتضي ... مع التقدير .

السيد مدير الاستخبارات العسكرية العامة المحترم }
السيد مدير الامن العام المحترم }
لاتخاذ مايقتضي قدر تعلق الامر بكم ... مع التقدير .


وزارة الدفاع
دفتر الخدمة العسكرية
مديرية التجنيد العامة
مديرية تجنيد منطقة
الأوصاف
الجيش الشعبي
ملاحظات أخرى
الفحص
الفحص السنوي
الفحص الشعاعي
تابع الفحص


0870380
١٢
قرار اللجنة الطبية المحلية
رقم القرار
تاريخ القرار
فحصت اللجنة الطبية الموقعة أدناه المدعو أو المكلف
فوجدته مصاباً بـ
حسب قرار الطبيب الاختصاصي
فقررت إنه
علماً أن اصابته حدثت قبل / بعد
العضو
العضو

0850780
٢٩
الفحص السنوي
ضابط تجنيد


0870380
٣٠
الفحص السنوي
ضابط تجنيد

0850780
١١
التطوع
١- تسلسل التطوع
٢- تجنيد المتطوع منها
٣- تاريخ التطوع
٤- الوحدة المتطوع عليها
٥- تاريخ سوقه اليها
٦- تسلسل الأساس
٧- الصنف
٨- المهنة
٩- الديانة
ضابط تجنيد

**وێنه‌ی ژماره‌(١) ناسنامه‌ی خزمه‌تی سه‌ربازی یه‌كێك له‌ هه‌شت هه‌زار بارزانیه‌ جنۆسایدكراوه‌كان.**


النقابة العامة لعمال البناء والمشاريع الانشائية
فرع اربيل
الاسم [illegible]
صفة العضو عضو
محل العمل مديرية طرق اربيل
التولد ١٩٤٧
المهنة بناء
فرع اربيل


رقم الصحيفة ٧٨٥
رقم الهوية [illegible]١١٧٥٦
تاريخ الانتساب ١٩٨١/٦/٢٢
الرئيس
السكرتير
اسماعيل فاضل حميد
احمد درويش ابراهيم


النقابة العامة لعمال البناء والمشاريع الانشائية
فرع اربيل
الاسم [illegible]
صفة العضو عضو
محل العمل مديرية طرق اربيل
التولد ١٩٤٦
المهنة عامل
فرع اربيل


رقم الصحيفة ٧٦٧
رقم الهوية ١١٤٨٥
تاريخ الانتساب ١٩٨٠/١١/١٧
الرئيس
السكرتير
اسماعيل فاضل حميد
احمد درويش ابراهيم


النقابة العامة لعمال البناء والمشاريع الانشائية
فرع اربيل
الاسم سليمان صبري عيسى
صفة العضو عضو
محل العمل مديرية طرق اربيل
التولد ١٩٥٦
المهنة عامل
فرع اربيل


رقم الصحيفة ٧٥٤
رقم الهوية ١١٤٨٤
تاريخ الانتساب ١٩٨٠/٩/١٤
الرئيس
السكرتير
اسماعيل فاضل حميد
احمد درويش ابراهيم


النقابة العامة لعمال البناء والمشاريع الانشائية
فرع اربيل
الاسم [illegible] حاجي
صفة العضو عضو
محل العمل مديرية طرق اربيل
التولد ١٩٥٠
المهنة عامل
فرع اربيل


رقم الصحيفة ٧٨١
رقم الهوية ١١٦٩٠
تاريخ الانتساب ١٩٨١/٣/٧
الرئيس
السكرتير
اسماعيل فاضل حميد
احمد درويش ابراهيم

























**ناسنامەی چەند فەرمانبەر و کرێکارێك کە جینۆسایدکراون لە ساڵی ١٩٨٣**



وێنەی ژمارە (٢) سەربازی عێراق بوون، تەنیا لەبەر ئەوەی بارزانی بوون جینۆسایدکران.



وێنەی ژمارە(٣) ئەو قوتابیە بارزانیانەی بڕوانانەی دەرچوونی زۆربەیان جینۆسایدکردن بووە.



وێنەی ژمارە (٤) چەند کرێکارێکی بارزانی دوور لە کاری سیاسی کرێکارییان دەکرد سەرەرای ئەمەش جینۆسایدکران.



وێنەی ژمارە(٥) لە زێدی خۆیان وەبەرهێنەر بوون لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان بوون بەکاربەر!!.

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١. د. محەمەد گەزنەیی، کورد قرانی ساڵی ١٩٨٨ و هۆکارەکانی ناونانی بە ئەنفال، گوڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(٢٤) هەولێر، هاوینی ٢٠٠٢، ل٣١٧.

٢.رەشید ئەلخەیون، عێراق...(یسالۆن عن الانفال)! رۆژنامەی خەبات، ژمارە(٢٢٥٢)، هەولێر ٢٠٠٦، ل١٢.

٣. ناهیدە جەمال تالەبانی و جاسم محەمەد، ئەنفالی گەرمیان، سەنتەری برایەتی ژمارە(٢٤) هەولێر، هاوینی ٢٠٠٢، ل١٦٦.

٤. دەقی ئایەتی یەك لە سورەتی ئەنفال بە زمانی کوردی بەم شێوەیە:

((ئەی محەمەد (د.خ) پرسیارت لێدەکەن دەربارەی دەسکەوتەکان، توبلێ هەموو دەسکەوتەکان هی خوداو پێغەمبەرن (هەرئەوان بویان هەیە بریاری چونیەتی دابەشکردنی بدەن). کەواتە لە خوابترسن و چاکسازی نێوان خوتان بکەن (مەیەلێن لەسەر تەماعی دنیا نێوانتان بشێوێت)و فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەرکەی بن، ئەگەر ئێوە ئیماندارین.)) سەرچاوە: بورهان محەمەدامین، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، ل١٧٧.

٥.عەلی بەندی، ئەنفالکرنا بەهدینان، بەرگێ یەکێ، چاپا یەکێ، چاپخانا خەبات، دهوك، ٢٠٠١، ل٤٧.

٦. د.جاسم توفیق خوشناو، دەخالەتی مروڤانە لە کوردستان، لە بلاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٤، ل٧٧.

٧. ناهیدە جەمال تالەبانی، هـ.س.پ، ل١٦٧.

٨. شێخ صدیق، کاریگەری ئەنفال لە سەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی ناو پاشماوەی ئەنفالەکان، سەنتەری برایەتی، ژمارە(٢٤)، هەولێر، هاوینی ٢٠٠٢، ل٢١٣.

٩. د.جاسم توفیق خوشناو، مەسەلەی کوردو یاسای نێوان دەولەتان، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکوڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢٢.

١٠. عەبدوللا کریم محمود، ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، لە بلاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤، ل١١.

١١. عەدالەت عومەر سالح، ئەنفال و ئافرەتی کورد، دەزگای چاپ و بلاوکرنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢، ل١٦.

١٢. د.مارف عومەر گول، جینۆسایدی گەلی کورد لە بەر رۆشنایی یاسای تازەی نێو دەولەتی دا، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هوشیاری(ی.ن.ك)، چاپی سێیەم، سلێمانی ٢٠٠٦، ل١٢.

١٣. ئازاد وەلەد بەگی، فەرهەنگی رامیاری(نیگا)، بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٤٧.

١٤. خەلیل عەبدوللا، تاوانی ئەنفال و دادگای کردنی دیکتاتور و هاوکارانی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، سالی پانزەهەم، ژمارە(٤٠٤٢)، ل٧.

١٥. عبدالوهاب صومد، اجرام دولی، مطبعة جامعة کویت، ١٩٧٨، ص٢٣٨.

١٦. یوسف دزەیی، ئەنفال کارەسات ئەنجام و ڕەهەندەکانی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل٤١.

١٧. د.ئەندازیار فیشەر تاهیر، بەرەو تێگەیشتنی جینۆسایدی نموونەی ئەنفال لە کوردستان، ئەنفالستان(سالنامەیەکی تایبەت بە ئەنفال)ە، ژمارە (٣)سالی سێیەم، چاپخانەی رەنج، ٢٠٠٦، ل٤٥.

١٨. ه.س.پ، هەمان لاپەرە.

١٩. ناهیدە جەمال تالەبانی، ه.س.پ، ل١٦٨.

٢٠. ڕێبوار کەریم وەلی، ئەرمەنستان و ئەرمەنیەکان، گوڤاری توێژینەوە، ژمارە(٤)، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥، ل٢٠٣. (خشتەکەش لە هەمان سەرچاوە وەرگیراوە).

٢١. دەقی رێکەوتننامەی سزادان و بەرگریکردنی جینۆساید.
٢٢. هەژار عزیز سورمێ، کوردو جینۆساید و ئیبادەکردن، هەلوێستی یاسای نێودەولەتی، چاپی دووەم، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٦. ل٥٧.
٢٣. مارف عومەر گول، ه.س.پ، ل١٤.
٢٤. د. مارف عومەر گول، پۆلینکردنی تاوانەکانی ئەنفال بەپێی جۆرەکانی جینۆساید لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك) سلێمانی، ٢٠٠٢.ل١٩.
٢٥. هەژار عزیز سورمێ، ه.س.پ، ل١٢٦.
٢٦. د. مارف عومەر گول، جینۆسایدی گەلی کورد لە بەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەولەتی دا، ه.س.پ، ل١٢.
٢٧. مەریوان وریا قانع، ئەنفال دەرەنجام و دەرکەوتی عەقلیەتێکی سیاسی، گوڤاری بیاڤ، ژمارە (٢٠) هەولێر، بەهاری ٢٠٠٦، ل٩.
٢٨. ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، تەرحیل تەعریب تەبعیس، چاپی دووەم، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکولینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ١٩٩٩. ل٦٧.
٢٩. فەریدون نوری، شورشی نەتەویی کورد لە عێراق و رۆلی بارزانی لە پێگەیان و بەهێزکردن و پەرەپێدانی ئەو شورشە(بەجیهانی بوونی مەسەلەی کورد) و: تاهیر حاجی میرخان، توێژینەوەیەکە لە پەرتوکی (بارزانی لە ویژدانی رۆژهەلاتی کوردستاندا) لە ئامادەکردنی: حەسەن دانشقەر، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، کوردستان، هەولێر ٢٠٠٦، ل١٢١
٣٠. ئەمین قادر مینە، ه.س.پ، ل٦٥.
٣١. سالار حەمە سور باسیرە، هەلەبجەو ئەنفال، لەبلاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، سلیمانی ٢٠٠٦، ل٧٣.

٣٢. هوشیار عبدالعزیز، ئەنفال لە گۆتاری مەرگ و غەریزەی خنکاندا، گوڤاری بیری نوێ، ژمارە (٢٥-٢٦) ساڵی ١٥ ئادار تاحوزەیرانی ٢٠٠٦، هەولێر، ل١٠.

٣٣. بورهان محمدامین، قورئانی پیروز، تەفسیری ئاسان.ل٣٨٥

٣٤.ئەحمەد شەریفی، بەرزان و بارزانی، وەرگێران لە فارسیەوە: تەحسین ئەحمەد ئەمین، هەفتەنامەی گولان، ژمارە(٤١٤) هەولێر، ٢٠٠٢ ل٣٣.

٣٥.عەلائەدین سەجادی، مێژووی ڕاپەرینی کورد، چاپخانەی ئیران- شاری کورد- چاپی دووەم، ١٩٩٦، ل٩٩.

٣٦.عبدولونعیم غولامی، سێ قوربانیەکە، وەرگێرانی لە عەرەبیەوە: ئیحسان ئیروانی، دەزگای چاپ و بلاکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم ، هەولێر، ٢٠٠٤ ل٣٦.

٣٧.نادر ئینتیسار، ئیتنو نەتەوایەتی کورد، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: عەتا قەرەداخی، خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٤ ل١٢١.

٣٨.زبیر جلال ئیسماعیل، پوختەیەکی مێژوویی لە بارەی ناوچەی زێبار و بارزان، لە پەرتوکی(کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لە دایك بوونی بارزانی نەمر) ئا: مومتاز حەیدەری، نەژاد عزیز سورمێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهوك ١٩٩٧، ل٤٠٩.

٣٩.عەلائەدین سەجادی، ه.س.پ، ل٩٩.

٤٠.مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد (١٩٣١-١٩٥٨) و: سەعید ناکام، چاپی یەکەم چاپخانەی خەبات، دهوك ١٩٩٨، ل١٩.

٤١. ڕێبازی نەقشبەندی بە بیروڕای زۆربەی مێژووناسان، لە ساڵی(١٨١١)دا لە لایەن شێخ زیائەدینی کوری خالدی نەقشبەندی(مەولاناخالید)ەوە گەیشتووتە شاری سلێمانی پاشان بە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا بلاوبووتەوە. سەرچاوە(عەبدوللا غەفور، ئەتنۆ دیمۆگرافیای باشووری کوردستان، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٥٤.

٤٢.بەرنامەیەکی تایبەت لە کەنالی ئاسمانی کوردستان(K.TV)، تایبەت بوو بە یادی(٢٣)ساڵەی ئەنفالکردنی بارزانیەکان ٣-٧-٢٠٠٧

٤٣.مستەفا جوندیانی، هەڵدانەوەی چەند لاپەرەیەك لە راپەرینەکەی خەلیل خۆشەوی، لەپەرتوکی(کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر) ئا : مومتاز حەیدەری و د.کوردستان موکریانی و د.دلێر اسماعیل حەقی شاوێس، بەشی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١١٢١.

٤٤.د.کاویست قەفتان، کورتە باسێك دەربارەی بنەماڵەی بارزان بەهەشتی مستەفا بارزانی، لە پەرتوکی (کونگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر) ه.س.پ، ل١٠٧٣.

٤٥. ئەبولحەسەن تەفرەشیان، بارزانیەکان، وەرگێرانی بەختار شەمەیی، چاپی یەکەم، هۆلەندا، ١٩٩٦، ل١٦.

٤٦.د.حوسێن قاسم عاشوور، داستانی پەرینەوە لە روباری ئاراس، خوێندنەوەیەك لە مێژوو خەباتی مەلامستەفا بارزانی، لە پەرتوکی(کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر) ئا:مومتاز حەیدەری و د.کوردستان موکریانی و د.دلێر ئیسماعیل حەقی شاوێس، بەشی یەکەم، هەولێر،٢٠٠٣، ل٦٨٧.

٤٧.مستەفا جوندیانی، ه.س.پ، ل١١١.

## به‌شی دووه‌م

# هۆڵۆكوست و كۆمه‌ڵكوژی بارزانیه‌كان

### باسی یه‌كه‌م

- هۆڵۆكوست و كۆمه‌ڵكوژی بارزانیه‌كان

باسی یەکەم

## هۆلۆکوست و کۆمەڵکوژی بارزانیەکان

هۆلۆکۆست (Holocaust) وشەیەکی لێکدراوی ئەغریقیە بە واتای (هەموو شتێك بسۆتێنە) یاخۆد بەواتای (دۆزەخی مردن) دێت، کە لەلایەن نازییەکانی ئەلمانیا لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی لە دژی جولەکەکان ئەنجام دراوە.
یەکەم کەس کە ئەم زاراوەیەی بە کارهێناوە نووسەرێکی جولەکەیە بەناوی (ئیلی فیزل) لە وتارێکدا بەناونیشانی(شەو) کە لەساڵی ١٩٥٨ بڵاوی کردووتەوە، پاش ئەوەی فلمێکیش بەو ناوەوە پەخشکرا، ئیدی لە دوای ئەم فلمە وشەی شوای (Shoah) عیبری کە بە مانای کارەسات دێت گۆڕا بۆ هۆلۆکۆست، بەڵام هۆلۆکۆست بێت یان شوای هەردووکیان بۆ ناسینەوەی ئەو پرۆسە کۆکوژییەیە کە جولەکە لەلایەن ڕژێمی نازییەوە بەسەریداهات، هەروەك چۆن کورد لە سەردەستی بەعس لە هەلەبجە و بارزان بەسەری داهات.[١]
لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی دا، قڕکردنی گەورەی میللەتان لەلایەن نازییەکان پیادەکرا، سەربازگەی ئۆشزڤیتز (Aushswitz) بە یەکێك لە گرینگترین ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی کۆکوژی لە قەلەم دەدرێت، کە تیایدا نازییەکان زیاتر لە (١) یەك ملیۆن کەسیان لە ناوبردووە.[٢]لە ماوەی نێوان کانونی یەکەمی ١٩٣٤ تامارسی١٩٤٢ نزیکەی(١,٧) ملیۆن خەڵك لە ئۆردوگایەکانی مەرگ لە "بەلزاك و سوبیبور و ترێلینکا" لەناوبران ئەو ئۆردوگایانە بەشێك بوون لە پرۆسەی رەینهارد (operation Reinhardt) بەمەبەستی چۆڵکردنی پۆلەندا لە جولەکە.[٣]
لە(٨)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٣ شەمەندەفەرێکی پڕ لە دایك لە گەڵ ٣٠٠٠ سێ هەزار منداڵدا، لە هۆڵەندا بەرەو ئۆردوگای (سوربیبور) ڕاگوێزران هەر بە گەیشتنیان

خرانــە فرنــی گــازەوە و کــوژران.[٤] هــەروەها لــە ١٠ی حــوزەیرانی ١٩٤٤ کەتیبەیــەکی سوپایی نازییــەکان، گونــدی(ئۆرادور سـورگلان)ی نزیـك شـاری (لیمـوج) لـە فەرەنسا ئابلوقەدا، بە فەرمانی سەرکردەی سوپاکە خەڵکی گوندەکە بـەژن و منـداڵ و پیر و کەنجەوە لە گۆڕەپانی گوندەکە کۆکرانەوە، پاشان ژن و مندالەکانیان بە جیا خستنە کەنیسـە و پیاوەکانیشـیان بـەزەبری چـەك خسـتنە هـۆڵی سـەربازی و لـە پاشـان گۆلەبارانکران و گوندەکانیشیان سوتاند.[٥]

ناکرێـت مێـژووی نـازی لـە جیهـانی نـازی و بـیری نـازی جیابکرێتـەوە. قـەتل و عـام یـەکێك بـوو لـە دەرئەنجامـەکانی بـیری سۆشیالیسـتی نەتـەوەیی کەبـە روونـی لـە کتێبەکەی هیتلەردا بە ناوی (خەباتم) بە دی دەکرێت.[٦] مروڤ هیچ نرخێکی نـەبوو جگە لە ئامێرێك لـە دەولـەتی نازیـدا، پیـادەکردنی ئـەم بیرورایانـەش یەکسـەر دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لە ٣٠ کانونی دووەمی ١٩٣٣ دا دەستی پێکر.[٧]

پێش کوشتنی بەکۆمەڵ و بەردەوامی جولەکەکانی ئەوروپا، بە رەزامەندی دەولـەت چەندین نەخۆش وپەککەوتەو هانـدیکاپی ئـەلمانی وشـێت و ئەوانـەی پێیـان دەوتـرا (ناکۆمەڵایەتیەکان)، هەموو لەناوبران و ئەو کارە پێی دەوترا (پرۆسەی T4) کە لە تشرینی دووەمی ١٩٣٩ وە لەلایەن بارەگای هیتلەر خویەوە سەرپەرشتی دەکرا.[٨]

هیتلەر ئەو گرووپەی کە ئامانجی بوو لەناویان بەرێت(جولەکە)بوون، لـەلای بـەعس و سەدام حوسێنیش (بارزانیەکان) ئەو گرووپە مرۆڤەبوون کـەدەیان ویسـت لـەناوی بــەرن، پرۆســەی دەســتگیرکردن و شــوێن بزرکــردن و لــەناوبردنی بارزانیــەکان تەواوکەری فەلسەفەی بەعس بوو کـە لـە سـەرهەمان فەلسـەفەی نازییـەکانی ئـەلمان دارێژراوە. بەم شێوەیە سەدام و رژێمی بەعسی عێراق تا ئەندازەییـەکی زۆر لاسـایی کاروکردەوەکانی هیتلەر و نازییەکانی ئەلمانیا دەکاتەوە.

راول هێلبێـرگ ( Roul Hilberg) لـە مێـژووە بایەخدارەکەیـدا سـەبارەت بـە هۆلۆکۆست باسی دەکات:

**پرۆسەی لەناوبردن نموونەیەکی ڕەگ داکوتاوە تەنها یەك ڕێگە هەیە کە بتوانرێت، بە هۆیەوە کۆمەڵێکی پەرت و بڵاوی کاریگەرانە پێ لە ناوببرێت سێ هەنگاو هەن کەلە پرۆسەکەدا بنەرەتین.**




**ئەمە پێکهاتەی نەگۆڕی پرۆسە بنچینەیەکە، چونکە هیچ کۆمەڵێك بێ کۆکردنەوە یان گرتنی قوربانییەکان ناکوژرێن وقوربانییەکانیش ناتوانرێ قڕبکرێن لە پێش ئەوەدا کە بکوژەکە بزانێت کێ سەر بەکۆمەڵەکەیە.[٩]**

**هێلکاری ژمارە(٢) هەنگاوەکانی پرۆسەی لە ناوبردن ڕوونەدەکاتەوە**

(هایدریغ)ی سەرۆکی بەشی ئاسایش لە (SS)دا کە لە ٢٧ی ئەیلولی ١٩٣٩ دا چەند فەرمانێکی دەرکرد دەربارەی چۆنیەتی کۆکردنەوەی جولەکەکان. دەبێت هەموو جولەکەکان لەنێو(گێتۆ)[١٠]ی شارەکاندا کۆبکرێنەوە تا چاکتر کۆنترۆڵ بکرێت و پاشان گواستنەوەیان ئاسان بێت. گرنگترین کار لە کاتی ئێستادا کۆکرنەوە و دوورخستنەوەی ئەو جولەکە فروشیارانەیە کە لە گوند و شاروچکەکاندان. ئەم ئەرکە دەبێت لە سێ تا چوار هەفتەی داهاتوودا جێبەجێ بکرێت هەتا ئەو بازرگانە بچکولانە لە شارۆچکەکاندا بمێنن پێویستە لە گەڵ (فێرماچات) رێکبکەون لە سەرئەو جولەکانەی کە لەو شوێنانە دەمێنەوە بۆ دابینکردنی ئازوقەی سوپا.

ئەم فەرمان و رێنماییانەی خوارەوە دەبێت پەیرەو بکرێن:

١. چەند دەتوانرێت پەلە لە گواستنەوەی جولەکەکان بکرێت بۆ نێو شارەکان.
٢. دەرکردنی جولەکە لە ئەلمانیاوە(رایغ) بۆ پۆلەندا.
٣. ئەو قەرەجانەی ماون دەگوێزرێنەوە بۆ پۆلەندا.
٤. ڕێکخستنی گواستنەوەی جولەکەکان لە خاکی ئەلمانیاوە بەهۆی ئەو شەمەندەفەرانەی بۆ شتومەك گواستنەوە بەکاردێن ئەنجام دەدرێت.[١١]

ئەم قۆناغانەی جینۆساید (دەست نیشانکردن و کۆکرنە و لە ناوبردن)، لەلایەن حکۆمەتی پێشووی عێراقیش بەرامبەر بە بارزانیەکان پیادەکرا بەم شێوەیە:

### قۆناغی یەکەم:

لەساڵی ١٩٧٥ بەدوواوە پرۆسەی ڕاگواستنی بارزانیەکان بەردەوام بوو، بارزانیەکان لە شوێنی ڕەسەنی خۆیان ڕاگوێزران بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق، وێرانکردنی دێهاتەکانی ئەو دەڤەرەو سوتاندنی دارو زەوی بەپیت و چێنراوەکان و تێکدانی ژینگەی دەڤەرەکە و تالانکردنی مەڕومالات و بەرهەمە کشتوکالیەکانی خەڵکەکە.[١٢]

ئـەو بیابانـەی کـە بـۆی ڕاگوێزرابـوون ئـاو هەوایەکـەی زۆر پـیس بـووە بـۆ هەناسـە وەرگرتن نەدەشیا بەردەوام لە شێوەی گەردەلوولی بیابان هەڵی دەکرد. خـەلکێکی زۆر دەمـردن بـە تایبـەتی ژن و منـداڵ ئـەم ڕێژەیـە ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ زیـاتر دەبـوو کـە بێگومان ئەمەش مەبەستێکی سەرەکی ڕژێم بوو لە ڕاگواستنی بارزانیـەکان بـۆ ئـەم بیابانە کە ئەمەش لە سەر هەمان بیرۆکەی نازی و هیتلەر دایان ڕشتبوو کاتێـك لـە سـەردەمی هیتلـەری نازیـدا خـەڵکێکی زۆر بـۆ گێتوەکـان ڕادەگـوێزران و نیشتەجێدەکران ڕێژەی مردنـی ئاسایی زۆر لـە زیادبوونـدابوو ساڵی ١٩٤١ پتر لـە ١٠٪ خەڵکی گێتوی وارشۆ لەبەر نەخۆشی و لە برسان مردن(١٣)

ئـەو بارزانییانـەی بـۆ باشـووری عێـراق ڕاگوێزرابـوون لەسـاڵی ١٩٨٠ لـە ئۆردوگـا زۆرەملێیەکانی قوشتەپە ئۆردوگای (قودس و قادسیە) نیشتەجێکران، پێش ئەمەش لە ساڵی ١٩٧٨ هەموو بارزانیەکانی تـر ئەوانـەی لـە شـوێنی ڕەسـەنی خۆیـان مـابوون ڕاگوێزران بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی (دیانا و حەریر و بەحرکە و گۆڕەتوو...).

بارزانیەکان لە چەند ئۆردوگایەك لـە ژێـر کـۆنترۆڵی تۆنـدی سـەربازیدا کۆکرانـەوە. بەم شێوەیە ئەم کۆمەڵە مرۆڤەی پێویست بوو لە نـاو بـبرێن کـە بارزانیـەکان بـوون دەستنیشانکران.

**قۆناغی دووەم:**

پاش دەستنیشانکردنی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی مەبەست بوو لـە نـاوببرێن، لـە قۆنـاغی دووەمدا گرتن و ڕاپێچکردن دەستی پێکرد.

لـە کۆتـایی تـەمموز و سـەرەتای مـانگی ئـابی ١٩٨٣، دەسـت کـرا بـە گرتنـی نێرینـەی بارزانیەکان لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکاندا، یـەکێك لـە بەڵگەنامـەکان چۆنیەتی گـرتن و ڕاپێچکردنی بارزانیەکان ڕووندەکاتەوە، دەقی بەڵگەنامەکە بەم جورەیە:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بەروار / /١٩

بەرێز/ جێگری بەرێوەبەرایەتی گشتی بۆ کاروباری سیاسی ڕێزدار سلاورێز

ئەوەی خوارەوە زانیارییەکانی منە دەربارەی ڕاگواستنی بارزانیەکان لە ساڵی ١٩٨٣.

بە فەرمانی بەرێز بەرێوەبەری پێشووی ئاسایشی گشتی (د.فازل بەراکی ڕێزدار) هێزێکی گەورە لە ئەفسەران و مونتەسیبەکانی بەرێوەبەرایەتیەکانی ئاسایشی هەولێر و بارەگای حوکمی زاتی و فەوجەکانی فریاکەوتن لە پارێزگاکان بە فەرماندەی بەرێزان "لیوا عبدالموحسێن و لیواخەیری ساڵح داود"(بەرێوەبەری ئاسایشی حکۆمی زاتی و بەرێوەبەری ئاسایشی هەولێر) نەخشەیەك دارێژراوە کە بە پێی ئەو نەخشەیە هێزەکە بەشێوەیەکی زۆر نهێنی لە ناوچە نزیکەکانی گۆمەڵگەکان مایەوە هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گۆمەڵگایانە لەلایەن هێزی پاسەوانی کۆماری دەورەدران و دەستکرا بەکۆکردنەوەی بارزانیەکان بەدوو قۆناغ، یەکەم لە کۆمەڵگاکانی ( قودس و قادسیە) قوشتەپەی نزیك مەرکەزی پارێزگای هەولێر چوار دەور گرتنی هێزەکە لەشەوی پێش جێبەجێکردنی ئەرکەکە کۆنترۆل کرابوون هێزەکە لە بەرەبەیانیەوە لە ئاسایشی هەولێر دەرچوو، قۆناغی دووەمیش کۆمەڵگای حەریر لە کەرتی قەزای شەقلاوە و کۆمەڵگای دیانا لە کەرتی رەواندوز و کۆمەڵگەی مێرگەسۆر لەکەرتی قەزای زێبار بوو و ئەو کۆمەڵگانە لەلایەن هێزی پاسەوانی کوماری دەورەدران و هێزی ئاسایش زۆر بە نهێنی لەشوێنی نزیك ئەو کۆمەڵگانە جێگیربوون لە بەیانیشدا بارزانیەکان کۆکرانەوە و دەستگیرکردنیشیان بەردەوام بوو لە ماڵەکان و لەو ناوچە نزیکانەی کە خۆیان لێ حەشاردابوو، ئەوەش

لەسەرەتاکانی مانگی ئابی ١٩٨٣ بوو، بارزانیـە خایینـەکان لـەو ئۆتومبێلـە گەورانـەدا کۆکرانەوە کە بۆ ئەو مەبەستە بە فەرماندەیی چەند ئەفسەرێکی کۆشکی کۆماری لە بەغداوە هاتبوون و دوای کۆتایی هاتنی کۆکردنەوەیان راپێچکران بۆ بەغدا.
تکایە بفەرموون بە تەماشاکردنی لە گەڵ رێزماندا.

رائید

یاسین ئەسعەد

ص در ش[٣]

١٩٨٩/٣/٢٩

بروانە دەقی دیکومێنتی ژمارە(٢).
بارزانیەکان پاش گرتنیان گواستراونەتەوە بۆ خوارووی عێـراق و ڕەوانـەی پارێزگـای موسەنا کراون لە ئۆردوگاکانی (ابوالجد) و (الليه)دا دەستبەسەربوون ئـەم شـوێنەش بە ٤٥ کم لە سنووری سعودییەوە دوورە ناوچەیەکی بیابانی و لماوی دوورە خەڵکە و نزیکی هەردوو ئۆردوگای "عـادن و شـێحاتە" کـە سـاڵی ١٩٨٢ خـەڵکی(دجێل)ی تێـدا حجزکرابـوون.[١٤] ئەمـەش قۆنـاغی گـرتن و کۆکردنـەوە و ڕاپێچـکردنی بارزانیـەکان بوو.

**قۆناغی سێیەم:**

بارزانیـەکان بـە شـێوازی جیاجیـا زینـدە بەچـالکران، بـە پێـی ڕاسـپاردەیەکی بەرێوەبەری ئەمنی گشتی ئـەوکات (د.فـازل بـەراك) لـە سـەرەتای مـانگی ئـابی ١٩٨٣ فەرمانی گەل (ئیعدام) لـە سـەر بەشـێکیان جێبـەجێکراوە (١٦) دۆز بـۆ (٦٦٧) کـەس رێکخـراوە وحـۆکمی لـە سـێدارەدانیان بـۆ دراوە. بەشـەکانی تـریش بـە شـێوازی تـر کوژراون، لە بیابانی (بوسەیە) زیندەبەچالکراون، پرۆسەی کوشـتنی بارزانیـەکان لـە

**ژێـر چـاودێری رائیدێكـدا بـووه بـه‌ناوی (عاصـی ابـراهیم عاصـی الـدوری) كـه لـه ئاسایشی به‌غداوه هاتبوو بۆ (بوسه‌یه)و ماوه‌ی دووهه‌فته له‌وێ ماوه‌ته‌وه.**

# وێنە و دیکۆمێنتەکانی بەشی دووەم

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(٢)

بسم الله الرحمن الرحيم

التاريخ / / ١٩

السيد م م ع للشؤون السياسية المحترم

تحية وتقدير

في ادناه معلوماتي عن تسفير البارزانيين عام ١٩٨٢.

"بالتعاون مع السيد مدير الامن العام السابق
(الدكتور فاضل البراك المعدم) فرضت قوة كبيرة
من الضباط والمنتسبين من مديريات امن اربيل ومقر
الحكم الذاتي وافواج الطوارئ من المحافظات بامرة
السيد اللواء عبد الرحمن واللواء فخري صالح
داود المدنيون (مدير امن الحكم الذاتي ومدير
امن اربيل) وتم رسم خطة تم بموجبها بقاء القوة
في اماكن قريبة من المجمعات وبسرية تامة وانتظار
ذلك تطويق المجمعات من قبل قوة الجيش الشعبي
ويبدو ان تجمع البارزانيين وفق مرحلتين الاولى من
مجمعات القدس والقادسية وقوشتبة القريبة
من مركز محافظة اربيل حيث تم تطويق القوة من
الليلة التي سبقت تنفيذ الواجب وفرضت القوة
من امن اربيل من الصباح الباكر والمرحلة الثانية
مجمعات قرى ضمن قاطع قضاء شقلاوة ومجمع
دلانا ضمن قاطع راوندوز ومجمع [illegible] ضمن قاطع
قضاء الزيبار حيث تم تطويق هذه المجمعات من قبل
قوة الجيش الشعبي وتمكنت قوة الامن من الاماكن
القريبة من هذه المجمعات وبسرية تامة وفي الصباح
تم جمع البارزانيين واستمر القبض عليهم من
المساكن ومن المناطق القريبة التي اختفوا
فيها وقد كان ذلك اوائل شهر آب ١٩٨٢ وتم
[illegible] في سيارات كبيرة

بسم الله الرحمن الرحيم

التاريخ / / ١٩

السيد م م ع للشؤون السياسية المحترم

تحيــة وتقــدير

تمت من بغداد بهذا الخصوص بأمر من ضباط من القصر الجمهوري واقتادتهم الى بغداد بعد الاستشهاد من جميعهم

ارجو التفضل بالاطلاع مع التقدير

١/١ش

مدير امن

ضابط ش٢

٩٨٩/٢/٢٩

دیكۆمێنتی ژماره (٣)

به‌ناوی خوای گه‌وره و میهره‌بان

به‌روار ١٩٨٩/٣/٢٩

به‌ڕێز/ جێگری به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی بۆ كاروباری سیاسی ڕێزدار
سلاو ڕێز

١- له كوتایی ته‌مموزی ساڵی ١٩٨٣ من و ژماره‌یه‌ك ئه‌فسه‌ری دیكه‌ی ئاسایشی به‌غدا و ئاسایشی گشتی له لایه‌ن به‌ڕێز به‌ڕێوه‌به‌ری پێشووی ئاسایشی به‌غدا عه‌قید علی عبدالله برع ئاگادار كراینه‌وه به وه‌رگرتنی ژماره‌یه‌ك له‌و خیانه‌تكاره بارزانیانه‌ی كه له حوكمی زاتی و ئاسایشی گشتی — هوبه‌ی سێیه‌م- ه‌وه و به‌شێكیان زیندانی بوون له زیندانی ئه‌بو غریب.

٢- به تێكڕای ٢٢٢٥ له‌و خیانه‌تكارانه ئیستیلامكران به ڕێگه‌ی پاسه‌كان گوێزرانه‌وه(بصیه) تاوه‌كو له‌وێ حیجز بكرێن.

٣- به‌ڕێز به‌ڕێوه‌به‌ری ئاسایشی به‌غدا فه‌رمانی دا به پێكهێنانی گرووپێكی كار به فه‌رمانده‌ی خۆی و بریاری جێبه‌جی كردنی له سێداره‌دانی به‌رامبه‌ر ئه‌و خیانه‌تنكارانه‌ی سه‌ره‌وه دا.

٤- له سه‌ره‌تای ئابی سالی ١٩٨٣ فه‌رمانی گه‌ل به‌رامبه‌ر ئه‌و خیانه‌تكارانه‌ی سه‌ره‌وه كه ژماره‌یان ٢٢٢٥ بوون له پارێزگای موسه‌ننا له ناوچه(بصیه) به هه‌ماهه‌نگی له گه‌ڵ به‌ڕێوه‌به‌ری ئه‌منی ئه‌و پارێزگایه جێبه‌جێكرا.

٥- به پێی راسپارده‌یه‌كی به‌ڕێز به‌ڕێوه‌به‌ری پێشووی ئاسایشی گشتی دكتور فازل به‌راك سه‌باره‌ت به درووستكردنی دوزی تایبه‌ت بو كه‌سه گرنگه‌كانیان، (١٦)دوز بۆ (٦٦٧) تاوانباریان رێكخراون دۆزه‌كان درانه سه‌رۆكایه‌تی دادگای شۆڕش و حوكمی له سێداره‌دانیان بۆ درا. و شه‌هاده‌ی وه‌فاتیشیان ته‌سلیم نه‌كرانه‌وه.

٦- (١٥٥٨) هـه‌زار و پێـنچ سـه‌د و پـه‌نجا و هه‌شـت تاوانباریـان هـیچ دوزێکیـان بـۆ رێکنه‌خرا.

٧- لێژنه‌یه‌ك له ژماره‌یه‌ك ئه‌فسه‌ر پێکهێندرا بۆ وه‌رگرتنی ئه‌و بڕه پاره‌ی لـه گـه‌ڵ ئـه‌و تاوانبارانـه‌ی سـه‌ره‌وه‌دا بـوو و ئـه‌و بـڕه پاره‌یـه‌ش ره‌وانـه‌ی به‌رێوه‌به‌رایـه‌تی ئاسایشی گشتی –هوبه‌ی ٣- کرا به چه‌ند چه‌کێك و به پێی نوسراوی ئاسایشی به‌غدا ٤٧٨٣٢ له ١٩٨٣/٩/١٤.

٨- به‌رێز به‌رێوه‌به‌ری پێشووی ئه‌منی به‌غدا فه‌رمانی دا که وه‌ڵامی هیچ پرسیارێك نه‌درێته‌وه به هۆی ده‌رچوونی فه‌رمانێك له ده‌سه‌ڵاتی بالا و ته‌نیا له لایه‌ن ئـه‌منی گشتی وه‌ڵامده‌درێته‌وه به هه‌بوونی ڕاسپارده‌یه‌ك له‌و باره‌یه‌وه.

تکایه بفه‌رموون به ته‌ماشه‌کردنی

.. له‌گه‌ل ڕێزماندا

واژووی/ موقه‌دده‌م

حه‌قی ئیسماعیل

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(٣)

بسم الله الرحمن الرحيم

التاريخ ٩/ ٢/ ١٩٨٩

السيد م م ع للشؤون السياسية المحترم

تحية وتقدير

١. في نهاية تموز من عام ١٩٨٢ بلغت مع عدد من ضباط أمن بغداد والأمن العامة من قبل السيد مدير أمن بغداد السابق العقيد علي عبد الله برعي باستلام عدد من الخونة البارزانيين الذين سيصلون من الحكم الذاتي والأمن العامة الشعبة الثالثة وقسم كان محجوزين في سجن أبي غريب.

٢. تم استلام ما مجموعه ٥٠٠٠ من الخونة وبواسطة الحافلات تم نقلهم الى (لبيه) لحجزهم هناك.

٣. أمر السيد مدير أمن بغداد بتشكيل فريق عمل بآمرته حيث أصدر أمر بتنفيذ حكم الشعب بحق هؤلاء الخونة العملاء.

٤. في بداية آب عام ١٩٨٢ تم تنفيذ حكم الشعب بحق الخونة العملاء وعددهم ٥٠٠٠ منهم في محافظة المثنى منطقة (لبيه) بالتنسيق مع مدير أمن المنطقة العلاه.

٥. صدر توجيه من السيد مدير الأمن العام السابق الدكتور فاضل البراك بتنظيم قضايا خاصة للبعض منهم، وفعلاً تم تنظيم (١٦) قضية لـ(٧٠٠) منهم وأحيلت القضايا الى رئاسة محكمة الثورة وصدر بحقهم حكم الإعدام. ولم تشكل [illegible]

٦. بقي (١٥٥٨) ألف وخمسمائة وثمانية وخمسون متهماً لم تنظم لهم قضايا.

٧. شكلت لجنة من عدد من الضباط لاستلام المبالغ من المتهمين أعلاه والتي كانت بحوزتهم وأرسلت هذه المبالغ الى المديرية الأمن العامة - ش٢ - بموجب صكوك

بسم الله الرحمن الرحيم

التاريخ / / ١٩

السيد م م ع للشؤون السياسية المحترم

تحية وتقدير

وبموجب كتاب أمن بغداد ٢٢٨٧٤ في ١٤/٩/١٩٨٢
٨ امر السيد مدير أمن بغداد السابق بعدم الاجابة
على اي استفسار بصدد اي من الجهات العليا والاجابة
حصراً من قبل امناكم لوجود توجيه بذلك.

ارجو التفضل بالاطلاع
... مع التقدير

المقدم
صفي اسماعيل

## دیكۆمێنتی ژماره(٤)

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

زۆر نهێنی

وەزارەتی بەرگری

بەرێوەبەرایەتی هەوالگیری لەشكری گشتی

ژمارە/ م١:ش٣:ق٤: ٥٨٦/

رێكەوت/٢٤ ی تشرینی دووەمی/ ١٩٨٠

بۆ: هۆبەی دووەم

بابەت: خێزانە بارزانییەكان

لەگەل نوسراوی زۆر نهێنیمان ٥٣٣٦٧ لە ٢ ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ هاوپێچ ناو و ژمارەی خێزانە بارزانییەكان ئەوانەی لە ئێران و عێراقن و بەم شێوەییە:

١- لە ئێران (٥٣) خێزان – پاشكوی (أ)
٢- لە كۆمەلگای حەریر (٥٦٧) خێزان – پاشكوی (ب)
٣- لە كۆمەلگای قوشتەپە (١٥٨٩) خێزان – پاشكوی (ج)
٤- لە كۆمەلگای گۆرەتوو (١٤٠) خێزان – پاشكوی (د)
٥- لە كۆمەلگای دیانا (٥٤٦) خێزان – پاشكوی (ه)
٦- كۆی خێزانە بارزانیەكان (٢٩٢٥) خێزان

تكایە بفەرموون بە تێروانینی... لە گەل رێزدا.

هاوپێچ

**٥ پاشكو**

**واژووی**

**عه‌میدی ركن**

**به‌رێوه‌به‌ری هه‌والگیری لشكری گشتی**

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(٤)

بسم الله الرحمن الرحيم

سري للغاية

وزارة الدفاع

مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

الرقم: م١: ش٣: ق٤: ٥٨٦٤/ ٦٣٩٥٩

التاريخ ٤ / ٢ ت٢ ١٩٨٠

الى: الشعبة الثانية

الموضوع: عوائل البارزانيين

الحاقاً بكتابنا سري للغاية ٥٣٣٦٧ في ٢ ت٢ ١٩٨٠ طياً اسماء وتعداد عوائل البارزانيين المتواجدين في ايران والعراق وكما يلي :-

١. في ايران (٥٣) عائلة - الملحق (أ)
٢. في مجمع حرير (٥٦٧) عائلة - الملحق (ب)
٣. = مجمع قوش تبه (١٥٨٩) عائلة - الملحق (ج)
٤. = مجمع قوره تو (١٤٠) عائلة - الملحق (د)
٥. = مجمع ديانا (٥٤٦) عائلة - الملحق (هـ)
٦. مجموع عوائل البارزانيين (٢٩٢٥) عائلة

يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير.

المرفقات

٥ ملاحق

العميد الركن

مدير الاستخبارات العسكرية العامة

سري للغاية

## دیکۆمێنتی ژمارە (٥)

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

کۆماری عێراق

وەزارەتی ناوخو

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی :نهێنی:

((م)) ژمارە/٦٤. ق٣ ٧٢٦٠

ڕێکەوت ١٤/ ٢/ ١٩٨٠

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی ٤٥

بابەت: زانیاری

هاوپێچ لیستێك بە ناوی سەرۆك خێزانە کوردە بارزانییەکان ئەوانەی ڕاگوێزراون لە پارێزگای قادسیە بۆ پارێزگای هەولێر.

بۆ ئاماژەپێکردن تکایە.

واژووی

بەڕێوەبەری ٦٤

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(٥)

الجمهوريه العراقيـــــه (بسم الله الرحمن الرحيم)
وزارة الداخليـــه
مديرية الامن العامـــه : ســـــرى : العدد/٦٤٠ق٣/ ٢٦٠
(( م )) التاريخ ٢٦/٢/١٩٨٠

واردنا ٢٥٩١٨
٢٥/٢/٨٠

الى : مديريـــــة ٤٥
م: معلومـــــات

نرفق طيا قوائم تتضمن اسماء رؤساء عوائل الاكراد البارزانيين الذين تم ترحيلهم من محافظة القادسيه الى محافظة اربيـــل .
للتأشـــــير رجـــــاء .

ع مديـــــر ٦٤

تدقيق وحفظ
٨٠/٢/٢

خ/....

**دیکۆمێنتی ژمارە (٦)**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**کۆماری عێراق**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**نوسینگەی تایبەت**

**ژمارە ٢٠٢ زۆر نهێنی و تایبەت**

**رێکەوت ٢٦ / ٥ / ١٩٨٥**

**بۆ/دەزگای گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی/نوسینگەی بەرێز سەرۆکی دەزگا**

**ب/ بەڵگەنامەی کوچی دوایی**

**هاوپێچ وێنەیەك لە نوسراوی سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆك زۆر نهێنی ژمار (ق/ ١٦٢٢٣) لە رێکەوتی ١٩٨٥/٥/٢٥ پێکهاتووە لە پێدانی دەسەڵات بە هەر یەك لە بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی و بەرێوەبەری دەزگای هەواڵگیری و بەرێوەبەری هەواڵگیری لەشکری گشتی. توانای دەرکردنی بەڵگەنامەی کوچی دوایی بۆ ئەو کەسانەی حوکمی لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە لەلایەن لایەنی ناوبراو.**

**تکایە بۆ تێروانین و ئەوەی پێویستی بۆ بکریت.**

**لە گەل رێزدا**

**هاوپێچ**

**وێنەیەکی نوسراو**

**واژووی**

**بەکر مەحمود رسول**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

وێنەیەك بۆ/

سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆك/ تکایە بفەرموون بە تێڕوانینی و ئاماژە بە نوسراوتان لە سەرەوە.. لە گەل رێزدا

وەزارەتی ناوخو

وەزارەتی داد

وەزارەتی تەندروستی

وەزارەتی دارایی... نوسینگەی تایبەت- بفەرموون بە تێروانین و ئاماژە بە نوسراوی دیوانی سەرۆکایەتی سەرەوە لەگەل رێزدا

بەرێز بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی

بەرێز بەرێوەبەری دەزگای هەوالگیری

بەرێز بەرێوەبەری هەوالگیری سەربازی گشتی... تکایە بروانن. ئاماژە بە نوسراوی دیوانی سەرۆکایەتی سەرەوە.. لە گەل رێزدا

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(٦)

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

ديوان الرئاسة

سري للغاية وشخصي

وزارة العمل والشؤون الاجتماعية
ـ المكتب الخاص ـ

العدد : ٢٠٢
التاريخ : ١٩٨٥/٥/٢٦

الى /المؤسسة العامة للاصلاح الاجتماعي / مكتب السيد رئيس المؤسسة

م/ شهادات وفاة

نرفق طيا " صورة كتاب رئاسة ديوان الرئاسة السري للغاية المرقم (ق /١٦٢٢٣) والمؤرخ في ١٩٨٥/٥/٢٥ المتضمن انه تقرر تخويل كل من مدير الامن العام ومدير جهاز المخابرات ومدير الاستخبارات العسكرية العامة صلاحية اصدار شهادات وفاة بالنسبة للاشخاص الذين تنفذ فيهم احكام الاعدام من قبل الجهات المذكورة .

راجين الاطلاع واتخاذ مايقتضي لتنفيذ ذلك

مع التقدير

المرفقات

صورة كتاب

بكر محمود رسول
وزير العمل والشؤون الاجتماعية

نسخة الى /
رئاسة ديوان الرئاسة / راجين التفضل بالاطلاع واشارة الى كتابكم اعلاه .. مع التقدير
وزارة الداخلية
وزارة العدل
وزارة الصحة
وزارة المالية
} المكتب الخاص ـ للتفضل بالاطلاع واشارة الى كتاب ديوان الرئاسة اعلاه مع التقدير

السيد مدير الامن العام
السيد مدير جهاز المخابرات
السيد مدير الاستخبارات العسكرية العامة
} راجين الاطلاع . واشارة الى كتاب ديوان الرئاسة اعلاه .. مع التقدير

ديوان الرئاسة
تصور
وتتلف بعد التصوير
التاريخ / / ١٩

الدائرة المختصة ....
التوقيع ....
رقم ملف الحفظ /

**دیکۆمێنتی ژمارە (٧)**

**بە ناوی خوای گەورە و مێهرەبان**

**کۆماری عێراق**

**دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار**

**فەرمانگەی کاروباری یاسایی سەلامەتی نیشتیمانی**

**ژمارە / ٢٣/ ١٥٦٣**

**ڕێکەوت / ١٩/ ١٠/ ١٩٨٣**

**نهێنی**

**سەرۆکایەتی دادگای شۆڕش**

**/بریاری ڕەوانەکراو/**

**بە تێروانینێکی زۆر لە هۆیەکانی ڕەوانەکردنی کێشەی لێکۆڵینەوە ژمارە ٩٨٣/١٥ (ئایشی بەغدا / ش ٣١) تایبەت بە تاوانباران کە ناوەکانیان ڕێزبەندکراوە پشت بەستن بە ماددەی(یەکەم) لە بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ژمارە (٥٦٥) لە ٣٠/٤٠/١٩٧٩ و برگەی (سێ) لە ماددەی (هەشت) لە یاسای سزادانی فەرمان بەدەستەکان لە سەر سەلامەتی نیشتیمانی و تێکدەرانی ڕژێمی فەرمانرەوا ژمارە (٧) ساڵی ١٩٥٨.**

**بریارماندا بە رەوانەکردنی تاوانبارانی ناوبراو بۆ دادگاکەتان بە دادگایکردنیان بەو تاوانەی کە خراوەتە پاڵیان بە پێ ماددەی ١٥٩ و ١٦٢ و ١٧٥ / ٢ ق.ع.**

**لە گەڵ هاوپێچی کێشەی ڕەوانەکراو و کاری پێویست و ئاگادارمان بکەنەوە.**

**واژووی**

**سەدام حسین**

**سەرۆك کۆمار**

## ناوی تاوانباران

١) خۆرشید رشید سلێمان ٢) ئەحمەد حەدو محەمەد

٣) باوەر عەلی محەمەد ٤) یوسف فەرخو محەمەد

٥) حسێن عمەر حسێن ٦) مەحمود فقی محەمەد حسێن

٧) حسێن مەلاحبیب عەبدوالرەحمان ٨)عیسا محەمەد حەسەن بارزانی

٩) جهور یونس ئیبراهیم بارزانی ١٠) جزیری برایم محەمەد

١١) محەمەد برایم محەمەد بارزانی ١٢) نەعمان شەریف شەمزین

١٣) عزیز فقی سە عید ١٤)خەلیل تاهر عەبدوللا بارزانی

١٥) نیاز عەزیز عەبدوللابارزانی ١٦)حاجی عمەر عەبدوللا بارزانی

١٧) عسمان حەسەن عسمان بارزانی ١٨) عەزیز مەلە عەبدوللا فەقی

١٩)ئیبراهیم عسمان حاجی بارزانی ٢٠) عەلی قاسم عەلی بارزانی

٢١) نزمی محەمەد محەمەد ئەمین ٢٢) محەمەد تاهر حاجی ئیبراهیم

٢٣) عمەر ئەحمەد عمەر بارزانی ٢٤) حسین خالند مەلا

٢٥) عیسا حەسەن شەریف بارزانی ٢٦) حسین عەبدولرەحمان حسین

٢٧) تەها محەمەد یوسف بارزانی ٢٨) حسین محەمەد یوسف بارزانی

٢٩) ئەیوب محەمەد عیسا ٣٠) مەولودجوج مەولود بارزانی

٣١) محەمەد قرتاس سالح بارزانی ٣٢) شێخ عمەر شێخ عمەر باپیر

٣٣) خوشەوی داود محەمەد ٣٤) شاکر خالد سالح

٣٥) عمەر حەدو محەمەد ٣٦) تاهر عەبدولرەحمان عەلی بارزانی

٣٧) حسین محەمەد حسین بارزانی ٣٨) عەزیز ئیبراهیم شینو

٣٩) سلێمان سەبری عیسا بارزانی ٤٠) عمەر تاهر عمەر

٤١) حسین فەقی محەمەد حسین ٤٢) نەزهەت شەریف عمەر بارزانی

٤٣) مەمو سەبری عیسا بارزانی ٤٤) فەریق مەلکو تاهر بارزانی
٤٥) حەدو محەمەد ئەحمەد ٤٦) فرات ئیبراهیم باپیر بارزانی
٤٧) عەبدوللا ئەبوبەکر فتح الله ٤٨) حەسەن محەمەد شێرو
٤٩) دەروێش عمەر یاسین بارزانی ٥٠) تەمەر محمود قرتاس بارزانی
٥١) عەبدولواحد عمەر سعید بارزانی

**هاوپێچ**

وێنەی یەکەم لە کێشەکە.

## ده‌قی دیكۆمێنتی ژماره(٧)

بسم الله الرحمن الرحيم

ختم الواردة

١٧٧٥ / ع / ٨٢

الجمهورية العراقية
ديوان رئاسة الجمهورية
دائرة شؤون قانون السلامة الوطنية

سـري

الرقم ٢٣/ ١٥٦٢ رئاسة محكمة الثورة
التاريخ ١٠/ ١٩٨٢/ ١٩ / قرار احالة /

بالنظر لتوفر اسباب الاحالة في القضية التحقيقية المرقمة ١٥ /١٩٨٢ ( امن بغداد /ش ٣)

الخاصة بالمتهمين المدرجة اسماؤهم ادناه واستنادا الى ( اولا ) من قرار مجلس قيادة الثورة

رقم ٥٦٥ في ٣٠/٤/١٩٧٩ والفقرة الثالثة من المادة الثامنة من قانون معاقبة المتآمرين على

سلامة الوطن ومفسدي نظام الحكم رقم ٧ لسنة ١٩٥٨ المعدل .

قررنا احالة المتهمين المذكورين على محكمتكم لاجراء محاكمتهم عن التهم المسندة اليهم

وفق المواد ١٥٩ و١٦٢ و١٧٥ / ٢ ق ع .

بطيه القضية المحالة لاتخاذ مايلزم واعلامنا .

صدام حسين
رئيس الجمهورية

اسماء المتهمين

١) خورشيد رشيد سلمان
٢) احمد حدر محمد
٣) بايز علي محمد
٤) يوسف فرخو محمد
٥) حسين عمر حسين
٦) محمود فقي محمد حسين
٧) حسين ملاحبيب عبد الرحمن
٨) عيسى محمد حسن البارزاني
٩) جهور يونس ابراهيم البارزاني
١٠) جزيري برايم محمد
١١) محمد برايم محمد البارزاني
١٢) نعمان شريف شمزين
١٣) عزيز فقي سعيد
١٤) خليل طاهر عبدالله البارزاني
١٥) نياز عزيز عبدالله البارزاني
١٦) حاجي عمر عبدالله البارزاني
١٧) عثمان حسن عثمان البارزاني
١٨) عزيز طه عبدالله فقي البارزاني
١٩) ابراهيم عثمان حاجي البارزاني
٢٠) علي قاسم علي البارزاني

// يتبع //

بسم الله الرحمن الرحيم

ختم الواردة

الجمهورية العراقية
ديوان رئاسة الجمهورية
دائرة شؤون قانون السلامة الوطنية

الرقم ..............................
التاريخ ..............................

٢١) نزمي محمد محمد امين
٢٢) محمد طاهر حاجي ابراهيم البارزاني
٢٣) عمر احمد عمر البارزاني
٢٤) حسين خالد ملا
٢٥) عيسى حسن شريف البارزاني
٢٦) حسين عبد الرحمن حسين
٢٧) طه محمد يوسف البارزاني
٢٨) حسين محمد يوسف البارزاني
٢٩) ايوب محمد عيسى
٣٠) مولود جوج مولود البارزاني
٣١) محمد قرقاس صالح البارزاني
٣٢) شيخ عمر شيخ عمر بابير
٣٣) خوشوي داود محمد
٣٤) شاكر خالد صالح
٣٥) عمر حيدر محمد
٣٦) طاهر عبد الرحمن علي البارزاني
٣٧) حسين محمد حسين البارزاني
٣٨) عزيز ابراهيم شهسوار
٣٩) سليمان صبري عيسى البارزاني
٤٠) عمر طاهر عمر
٤١) حسين فقي محمد حسين
٤٢) نزهت شريف عمر البارزاني
٤٣) عمو صبري عيسى البارزاني
٤٤) فريق ملكو طاهر البارزاني
٤٥) حيدر محمد احمد
٤٦) فرات ابراهيم بابير البارزاني
٤٧) عبد الله ابو بكر فتح الله
٤٨) حسن محمد شهسوار
٤٩) درويش عمر ياسين البارزاني
٥٠) تمر محمود قرطاس البارزاني
٥١) عبد الواحد عمر سعيد البارزاني

المرفقات
---

النسخة الاولى من القضية.

اربعة يوم / / ٨٢ موعداً للمحاكمة
ع. يبلغ المحامي
الرئيس

## دیكۆمێنتی ژماره(٨)

سه‌رۆكایه‌تی دادگای شۆرش

(به‌غداد)

ژماره‌ی داوا :- ١٧٧٥ / ج / ١٩٨٣

رێكه‌وت :- ٢٢ / ١١ / ١٩٨٣

**بریاری سزادان**

دادگای شۆرش پێكهات له به‌رواری ٢٢ / ١١ / ١٩٨٣ به سه‌رۆكایه‌تی به‌رێز عه‌واد حه‌مه‌د به‌نده‌ر به ئه‌ندامیه‌تی عه‌قیدی ماف په‌روه‌ر داود سلێمان شه‌هاب و مه‌قه‌ده‌می ماف په‌روه‌ر تارق هادی شه‌كر به‌ناوی گه‌ل بریاری ده‌دات:-

سزا به سه‌ر هه‌موو ئه‌وانه خۆرشید رشید سلێمان و ئه‌حمه‌د حه‌دو محه‌مه‌د و باوه‌ر عه‌لی محه‌مه‌د و یوسف فه‌رخو محه‌مه‌د و حسێن عمه‌ر حسێن و مه‌حمود فقی محه‌مه‌د حسێن و حسێن مه‌لاحبیب عه‌بدوالره‌حمان و عیسا محه‌مه‌د حه‌سه‌ن بارزانی و جهور یونس ئیبراهیم بارزانی و جزیری برایم محه‌مه‌د و محه‌مه‌د برایم محه‌مه‌د بارزانی و نه‌عمان شه‌ریف شه‌مزین و عزیز فقی سه عید و خه‌لیل تاهر عه‌بدوللا بارزانی و نیاز عه‌زیز عه‌بدوللا بارزانی و حاجی عمه‌ر عه‌بدوللا بارزانی و عسمان حه‌سه‌ن عسمان بارزانی و عه‌زیز مه‌له عه‌بدوللا فه‌قی بارزانی و ئیبراهیم عسمان حاجی بارزانی و عه‌لی قاسم عه‌لی بارزانی و نزمی محه‌مه‌د محه‌مه‌د ئه‌مین و محه‌مه‌د تاهر حاجی ئیبراهیم بارزانی و عمه‌ر ئه‌حمه‌د عمه‌ر بارزانی و حسین خالند مه‌لا و عیسا حه‌سه‌ن شه‌ریف بارزانی و حسین عه‌بدولره‌حمان حسین و ته‌ها محه‌مه‌د یوسف بارزانی و حسین محه‌مه‌د یوسف بارزانی و ئه‌یوب محه‌مه‌د عیسا و مه‌ولودجوج مه‌ولود بارزانی و محه‌مه‌د قرتاس سالح بارزانی و شێخ عمه‌ر

شێخ عمه‌ر باپیر و خوشه‌وی داود محه‌مه‌د و شاكر خالد سالح و عمه‌ر حه‌دو محه‌مه‌د و تاهر عه‌بدولره‌حمان عه‌لی بارزانی و حسین محه‌مه‌د حسین بارزانی و عه‌زیز ئیبراهیم شینو و سلێمان سه‌بری عیسا بارزانی و عمه‌ر تاهر عمه‌ر و حسین فه‌قی محه‌مه‌د حسین و نه‌زهه‌ت شه‌ریف عمه‌ر بارزانی و مه‌مو سه‌بری عیسا بارزانی و فه‌ریق مه‌لكو تاهر بارزانی و حه‌دو محه‌مه‌د ئه‌حمه‌د و فرات ئیبراهیم باپیر بارزانی و عه‌بدوللا ئه‌بوبه‌كر فتح الله و حه‌سه‌ن محه‌مه‌د شێرو و ده‌روێش عمه‌ر یاسین بارزانی و ته‌مه‌ر محمود قرتاس بارزانی و عه‌بدولواحد عمه‌ر سعید بارزانی.

له سێداره‌دان تامردن به پێی مادده‌ی ١٥٩ و ١٦٢ و ١٧٥ / ٢

٤٩ و ٥٠ و ٥٢ ده‌ست به‌سه‌راگرتنی ماڵ و سامانی گوێزراو و نه‌گوێزراو

بریار ده‌رچوو به هاوبه‌شی بیر و ڕایه‌كان و به ئاشكرا ڕاگه‌یه‌نرا له ٢٢/ ١١ /١٩٨٣

واژووی

| | | |
|---|---|---|
| مقه‌دده‌می ماف په‌روه‌ر | عه‌قیدی ماف په‌روه‌ر | عه‌واد حه‌حه‌د به‌نده‌ر |
| تارق هادی شكر | داود سلێمان شه‌هاب | سه‌رۆكی دادگایی شۆڕش |
| ئه‌ندام | ئه‌ندام | |

ته‌نها ده وێنه

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(٨)

رئاسة محكمة الثـــــورة

(بغداد)

عدد الدعوى :- ١٧٧٥/ج/١٩٨٣

التاريـــخ :- ٢٢/١١/١٩٨٣ قرارالحكــــــم

تشكلت محكمة الثورة بتاريخ ٢٢/١١/١٩٨٣ برئاسة السيد عواد حمد البندر وعضويـــة العقيد الحقوقي داود سلمان شهاب والمقدم الحقوقي طارق هادي شكر واصدرت باســـم الشعب القرار الاتي :-

الحكم على كل من خورشيد رشيد سلمان واحمد حمد و محمد وباور علي محمد ويوسف فرخو محمد وحسين عمر حسين ومحمود فقي محمد حسين وحسين ملا حبيب عبد الرحمن وعيسى محمد حسن البارزاني وجمهور يونس ابراهيم البارزاني وجزيري برايم محمد ومحمد برايم محمد البارزاني ونعمان شريف شمزين وعزيز فقي سعيد وخليل طاهر عبد اللـــه البارزاني ونباز عزيز عبد الله البارزاني وحاجي عمر عبد الله البارزاني وعثمان حسن عثمان البارزاني وعزيز طه عبد الله فقي البارزاني وابراهيم عثمان حاجي البارزاني وعلي قاسم علي البارزاني ونزمي محمد محمد امين ومحمد طاهر حاجي ابراهيم البارزاني وعمر احمد عمر البارزاني وحسين خالند ملا وعيسى حسن شريف البارزاني وحسين عبد الرحمن حسين وطه محمد يوسف البارزاني وحسين محمد يوسف البارزاني وايوب محمد عيسى ومولود جوج مولود البارزاني ومحمد قرقاس صالح البارزاني وشيخ عمر شيخ عمر بابيز وخوشوي داود محمد وشاكر خالد صالح وعمر حمد و محمد وطاهر عبد الرحمن علي البارزاني وحسين محمد حسين البارزاني وعزيز ابراهيم شينو وسليمان صبري عيسى البارزاني وعمر طاهر عمر وحسين فقي محمد حسين ونزهت شريف عمر البارزاني ومسو صبري عيسى البارزاني وفريق ملكو طاهـــر البارزاني وحمد و محمد احمد وفرات ابراهيم بابير البارزاني وعبد الله ابو بكر فتح اللـــه وحسن محمد شيرو ودرويش عمر ياسين البارزاني وتمر... محمود قرطاس البارزانـــي وعبد الواحد عمر سعيد البارزاني بالاعدام شنقا حتى الموت وفق المواد ١٥٩ و٢٦١ و١٧٥/٢ و٤٩ و٥٠ و٥٣ ومصادرة اموالهم المنقولة وغير المنقولة .

قرارا صدر باتفاق الاراء وافهم علنا في ٢٢/١١/١٩٨٣

| | | |
|---|---|---|
| المقدم الحقوقي | العقيد الحقوقي | عواد حمد البندر |
| طارق هادي شكر | داود سلمان شهاب | رئيس محكمة الثـــورة |
| عضو | عضو | |

عشرة نسخ فقط

## دیکۆمێنتی ژمارە(٩)

بەناوی خوای گەورەو مێهرەبان

<u>نهێنی</u>

وەزارەتی ناوخو    ژمارە ٤٥ق / ١٨٢٢٩٥

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی    ڕێکەوت/ ١٩ / ١٢ /١٩٨٣

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای بەغداد / ش٣١

ب/ <u>داواکردنی کێشە</u>

تکایە روونکردنەوەی زیارترمان پێبدەن دەربارەی کیشەی ژمارە / ١٥ /١٩٨٣ ئاسایشی بەغداد ش٣١ لە داوای ژمارە /١٧٧٥/ج/١٩٨٣ تایبەت بە تاوانبار خورشید رەشید سلێمان بارزانی و گرووپەکەی لەبەر نەهاتنی کێشەکەیان بۆ ئێمە.. لەگەڵ ڕێزدا.

واژوو/ بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(٩)

بسم الله الرحمن الرحيم

وزارة الداخليه

سري

مديرية الامن العامه

العدد / ٤٥ق/١٨٢٢٩٥/١٨

التاريخ / ١٩/١٢/١٩٨٣

مديرية أمن محافظة بغداد / ش٣/١

م/ طلب قضيه

يرجى تزويدنا بالقضيه المرقمه ١٥/٨٣/١٦٨٣ أمن بغداد ش٣/١ من الدعوى المرقمه ١٧٧٥/ج/١٩٨٣ والخاصه بالمتهمين خورشيد رشيد سلمان البارزاني وجماعته لعدم ورودها الينا ٠٠ مع التقدير ٠

موقع/ ع٠ مدير الامن العام

١٩٨٤/١/٤

## دیکۆمێنتی ژمارە (١٠)

بەناوی خودای گەورەو مێهرەبان

زور نهێنی و تایبەت

سەرۆکایەتی دادگای شۆرش

بەغداد

ژمارە/٤٠٦٦

ڕێکەوت/١٩٨٣/١١/٢٤

بۆ/ سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆك کۆمار

ب: پاشکوی خشتەی کاری دادگا بۆ رۆژی ١٩٨٣/١١/٢٢

١. ئاماژە بە فەرمانی رەوانەکراو ژمارە /١٥٦٣/٢٣/ لە ١٩٨٣/١٠/١٩ .
دادگەکەمان کێشەی ژمارە ١٥/ ١٩٨٣ ئاسایشی بەغداد ش ٣١ لە سەر داوای ژمارە ١٧٧٥/ج/١٩٨٣ یەکلاکردەوە تایبەت بە تاوانباران خورشید رشید سلێمان بارزانی و گرووپەکەی سەپاندنی بریاری لە سێدارەدان تامردن دەرکرا بە پێی ماددەی ١٥٩ و ١٦٢ و ١٧٥ /٢ - ٤٩ و ٥٠ و ٥٣ لە ق.ع دەست بە سەرداگرتنی ماڵ و سامانی گوێزراو نەگوێزراو.

٢. ئاماژە بە

فەرمانی رەوانەکراو ژمارە /١٤٣٣/٢٣/ لە ١٩٨٣/٩/٢٧ .
دادگەکەمان کێشەی ژمارە ١٩٨٣/٥ ئاسایشی بەغداد ش ٣١ لە سەر داوای ژمارە ١٦٠٩/ج/١٩٨٣ یەکلاکردەوە تایبەت بە تاوانباران مەلا سەعید حەسەن بارزانی و

گرۆپەکەی سەپاندنی بریاری لە سێدارەدان تامردن بە پێی ماددەی ١٥٩ و ١٦٢ و ١٧٥ /٢ - ٤٩ و ٥٠ و ٥٣ لە ق.ع دەست بە سەرداگرتنی ماڵ و سامانی گوێزراو نەگوێزراو. تکایە بفەرموون بە تێروانینی..لە گەڵ رێزدا

واژوو/ عەواد حەمەد بەندەر

سەرۆکی دادگای شورش

وێنەیەك بۆ/

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش/ نوسینگەی پاراستنی نهێنی

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش/ نوسینگەی جێگری سەرۆك

بەرێوبەرایەتی کاروباری یاسایی سەلامەتی نیشتیمانی

بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی بەغداد ش٣١ تکایە بفەرموون بە خوێندنەوەی لە گەل رێزدا.

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(١٠)

بسم الله الرحمن الرحيم

سري للغاية وشخصي

رئاسة محكمة الثوره

بغداد

العدد/ ٤٠٦٦

التاريخ/ ٢٤/١١/١٩٨٣

الى/ رئاسة ديوان رئاسة الجمهوريه

م/ ملحق جدول اعمال المحكمه ليوم ٢٢/١١/١٩٨٣

١) اشارة الى امر الاحاله المرقم ٢٣/١٥٦٣ في ١٩/١٠/١٩٨٣

حسمت محكمتنا القضيه المرقمه ١٥/١٩٨٣ امن بغداد ش١٣ في الدعوى المرقمه ١٧٧٥/ج/١٩٨٣ والخاصه بالمتهمين خورشيد رشيد سلمان البارزاني وجماعته وقررت الحكم عليهم بالاعدام شنقاً حتى الموت وفق المواد ١٥٩ و١٦٢ و١٧٥/٢-١٩٤ و٥٠ و٥٣ من ق ع ومصادرة اموالهم المنقوله وغير المنقوله

٢) اشارة الى امر الاحاله المرقم ٢٣/١٤٣٣ في ٢٧/٩/١٩٨٣

حسمت محكمتنا القضيه المرقمه ٥/١٩٨٣ امن بغداد/ ش٢١ في الدعوى المرقمه ١٦٠٩/ج/١٩٨٣ والخاصه بالمتهمين ملا سعيد حسن البارزاني وجماعته وقررت الحكم عليهم بالاعدام شنقاً حتى الموت وفق المواد ١٥٩ و١٦٢ و١٧٥/٢-١٩٤ و٥٠ و٥٣ من ق ع ومصادرة اموالهم المنقوله وغير المنقوله .

راجين التفضل بالاطلاع .. مع التقدير .

موقع/ عواد حمد البندر

رئيس محكمة الثوره

نسخه الى/

مجلس قيادة الثوره / مكتب امانة السر

مجلس قيادة الثوره / مكتب نائب الرئيس

دائرة شؤون قانون السلامه الوطنيه

مديرية الامن العامه

مديرية امن بغداد ش٢١

راجين التفضل بالاطلاع .. مع التقدير .

## دیکۆمێنتی ژمارە (١١)

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی ژمارە/م/٢٨٣٩٢

-م- رێکەوت/١٩٨٥/٤/٣

لیستی پێراگەیاندن (د) و بەرێوەبەرایەتی تاوان و ٤٥

بابەت: فەرمانی سێدارەدان

لە گەل وێنەیەیەك لە نوسراوی سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆك ژمارە/١٠٢٨٥ لە ١٩٨٥/٣/٣١ لە گەل هاوپێچەکانی مەراسیمی کوماری لە ژمارە ٩٩٨ بۆ ژمارە١٠٣٦ بۆ سالّی ١٩٨٣ تایبەت بە جێبەجێکردنی فەرمانی لە سێدارەدان بۆ کەسانی مەدەنی کە ناوەکانیان دیاری کراون حوکمەکە دەرچوە لە دادگای شۆرش بەو کێشانەی کە سروشتێکی تایبەتیان هەیە، داواکارین جێبەجێبکرێت لە بەرامبەریان. لە گەل رێزماندا.

واژوو/ و. بەرێوەبەری

ئاسایشی گشتی

هاوپێچ

مەراسیمی کوماری

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(١١)

بسم الله الرحمن الرحيم

مديرية الامن العامه
م

العدد / م / ٩٢ ٢٨٤
التاريخ / ٣ / ٤ / ١٩٨٥

قائمة التبليغات ( د ) ومديرية الجنائيه و٤٥

م: احكام اعدام

بطيه نسخه من كتاب رئاسة ديوان الرئاسه المرقم ١٠٢٨٥ في ٢١ / ٣ / ١٩٨٥ مع مرفقاته مراسيم جمهوريه من رقم ٩٩٨ الى رقم ١٠٣٦ لسنة ١٩٨٣ والخاصه بتنفيذ احكام الاعدام بالمدانين المبينه اسماؤهم فيها والصادره بحقهم من محكمة الثوره في القضايا ذات الطبيعه الخاصه راجين اتخاذ مايلزم بشأنها • مع التقدير •

تدقيق رعنية
الاصل ١١/١/٨٥

٥/٤/٨٥

موقع / ع • مدير الامن العام

المرفقات
مراسيم جمهوريه •

التفريق / ش • م

للتدقيق في حالة وجود اوامر قبض او منع سفر ضدهم •

موقع / السيد المدير
٦/٤

**دیکۆمێنتی ژمارە (١٢)**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**کوماری عێراق**

**دیوانی سەرۆکایەتی**

**ژمارە التکس ٢٢٩٩/القصر**

**ژمارە/ق/٣/١٠٢٨٥**

**رێکەوت/١٩٨٥/٣/٣١**

**دەزگای هەوالگری**

**بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی**

**بابەت/ حوکمی لە سێدارەدان**

**هاوپێچ لە گەل وێنەیەك لە مەراسیمی کوماری لە ژمارە/٩٩٨ بۆ ژمارە/٩٣٦ سالی ١٩٨٣ بە جێبەجێکردنی حوکمی لە سێدارەدانی هاولاتیانی مەدەنی کە ناویان لە خوارەوە هاتووە ئەم بریارە دەرچووە لە لایەن دادگای شورەشەوە بەو کێشانەی سروشتێکی تایبەتیان هەیە داواکارین جێبەجێبکرێت لە بەرامبەریان.. لە گەل رێزدا.**

**واژوو/دکتور گ. ابراهیم عبدالله**

**سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی بە وەکالەت**

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(١٢)

بسم الله الرحمن الرحيم

ديوان الرئاسة　　　　الجمهوريه العراقيه

رقم التلكس ٢٢٩٩/القصر

الرقم /ق/ ١٠٢٨٥/٣

التاريخ / ٢١/٢/١٩٨٥

جهاز المخابرات

مديرية الامن العامه

م/ احكام اعدام

نرفق طيه نسخه من المراسيم الجمهوريه من رقم ٩٩٨ الى رقم ١٠٣٦ السنة ١٩٨٣ بتنفيذ احكام الاعدام بالمدانين المبينه اسماؤهم فيها الصادر بحقهم من محكمة الثوره في القضايا ذات الطبيعه الخاصه ٠

راجين اتخاذ مايلزم بشانها ٠٠مع التقدير ٠

موقع/ الدكتور طه ابراهيم العبد الله
رئيس ديوان الرئاسه وكالة



**وێنەی ژمارە (٦)قوتابییە بارزانیەکان لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکان بە زۆر ناچار دەکران پەروەردەی بەعس بخوێنن، هەروەك لە تەختە ڕەشەکە دیارە.**



**وێنەی ژمارە(٧) ژیانی بارزانیە راگوێزراوەکان لە ئۆردوگاکاندا، تۆ بڵێ بۆ ژیانی ئایندەیان چیان لە هزردا بووبێت.**





وێنەی ژمارە(٨) بەشێك لە ژیانی بارزانیەکان لە نێو زیل و لۆریە بارهەڵگرەکاندا بووە،



**وێنەی ژمارە(٩) لە سروشتی جوانی کوردستانەوە بۆ تۆزو لمی ئۆردوگایەکانی بیابان.**



**وێنەی ژمارە(١٠)ئەمجارەیان ئۆردوگا زۆرەملێیەکانیان خمێمە بوون، لە ئۆردوگای قودس ساڵی ١٩٨٠**

## سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی دووەم

١. د.محەمەد ئیحسان، کوردو هۆلۆکۆست، هەفتەنامەی گوڵان، ژمارە (٥١٢)، هەولێر٢٠٠٤، ل٣٣.

٢. هـ.س.پ، ل٣٣.

٣. سستیڤن برۆکفید - پۆل ئە.لیڤن، بۆ نەوەکانتانی بگێرنەوە (دەربارەی ئەو هۆلۆکۆستیەیە کە لە ئەوروپای ١٩٣٣-١٩٤٥ دارویداوە، و: ئیبراهیم خ.ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢، ل١٣٢.

٤. هـ.س.پ، ل١١٣.

٥. یوسف دزەیی، ئەنفال کارەسات ئەنجام و ڕەهەندەکانی،چاپی یەکەم ، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر٢٠٠١، ل٥٤

٦. هیتلەر کتێبی (خەباتم)ی لە زیندان دا نوسیووە، پاش ئەوەی هەولێدا حکۆمەتی "باڤاری" بگۆڕێ سەرکەوتوو نەبوو، لە نیسانی ١٩٢٤ بە پێنج ساڵ زیندانی حوکم درا. سەرچاوە (سستیڤن برۆکفید - پۆل ئە.لیڤن، هـ.س.پ، ل٢٧).

٧. سستیڤن برۆکفید - پۆل ئە. لیڤن، هـ.س.پ، ل١٧.

٨. هـ.س.پ، ل١١٧.

٩. میدڵ ئیست وچ، جینۆساید لە عێراق پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، و: محەمەد حەمە ساڵح تەوفیق، بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٤٧. نەخشەی ژمارە(١) لە هەمان سەرچاوە وەرگیراوە.

١٠. گێتو(گێتوەکان) لە سەدەکانی ناوەراستدا زۆربەی جولەکەکان لە گەرەکی تایبەتدا لە شاروچکەکانی ئەورووپادا دەژیان، بە واتایەکی تر گەرەکی تایبەت بە جولەکە هەبوون، لەسەرەتای سەدەی(١٦)وە بەو گەرەکانە دەوترا (گێتو) لە کاتی جەنگی ناپلیوندا و لە سەرەتاکانی سەدەی (١٩)دا گێتوکانی ئەلمانیا تێکدران. پاش

ئەوەی ئەلمانیا لە ئەیلولی ۱۹۳۹ پۆلەندای داگیرکرد نازییەکان بە پەلە ڕایانگەیاند کە لە سەر هەموو جولەکەکانی پۆلەندا پێویستە شوێن و ماڵەکانیان جێبێڵن و بگوێزرێنەوە بۆ ئەو شوێنە تایبەتانەی بۆیان دروستکرابوو، بەمەش یەکەم گێتو لە سەرەتای ساڵی ۱۹٤۰ دروستکرایەوە و هەر پاش ماوەیەکی کەم سەدان گێتوی بچوك و فراوان لە پۆلەنداو ئەوروپای ڕۆژهەلاتدا دروستکران، دروستکردنی ئەو ژمارە زۆرەی گێتو کۆکردنەوەی جولەکەکان هەنگاوێك بوو کە پاشان ئەنجامدانی قەتل و عامەکەی گەلێك ئاسان کرد. سەرچاوە (سستیڤن بروکفل، پولّ ئە.لیڤن، هـ.س.پ، ل٥٢.

١١. سستیڤن بروکفید-پولّ ئە.لیڤن، هـ.س.پ، ل٥٢.

١٢.فەلەکەدین کاکەیی، هذا الوثایق عن التطهر العرقیها ابادة جماعیة لالف البرزانیین، وتارێکە لە ڕۆژنامەی -التأخی- بلاوکراوەتەوە بە زمانی عەرەبی ژمارە -٤٠٤٢- ساڵی، ٢٠٠٣، ل٣.

١٣.سستیڤن برۆکفید - پۆل ئە.لیڤن، هـ.س.پ،ل٦٤.

١٤.عەدالەت عومەر، لە (٢٢)وەمین ساڵیادی ئەنفالی بارزانیەکاندا بیابانی (بوسییە) دوزەخی کەم ژیان و کەل ژیان، هەفتەنامەی گولان، ژمارە٥٤٧، هەولێر ٢٠٠٥، ل٣٨.

*بەشی سێیەم*

# لە ناوبردن و کۆمەڵکوژی و ئەنفال؛ جۆر و قۆناغەکانی

**باسی یەکەم**

**- جۆرەکانی پڕۆژەی قڕکردنی بە کۆمەڵ لە کوردستان لە سەردەمی بەعسدا**

**باسی دووەم**

**- قۆناغەکانی لە ناوبردنی کورد لە سەردەمی سەدام حوسێندا**

**باسی سێیەم**

**- قۆناغەکانی کۆمەڵکوژی بارزانیەکان**

## باسی یەکەم

## جۆرەکانی پرۆژەی قڕکردنی بە کۆمەڵ لە کوردستان لە سەردەمی بەعسدا

بەعس ئەو رژێمە بوو لە سەدەی بیستەمدا گەلێك جار سودی لە ئەزموونی ئـەنفال وەرگرتووەو دژ بە گەلی کورد بەکارهێناوە چ ئەوەی لە ساڵی (١٩٨٨) بە ناوی ئـەنفال چ ئەوانەی پشووتر و دواتر بەناوی تـر و بـە بـێ نـاو ئەنجامیـدان.[١] ڕژێمـی بەعسـی ویسـتی لـە ڕێگـەی سیاسـەتی ئەنفالکردنـەوە، نـەك هـەر ژمارەیـەکی زۆر کـورد لـە ناوبـەرێت، بـەلکو ئامـانجی گـرنگتری ئـەوەبوو گـەورەیی ئینسـانیانەی ئـەم میللەتـە پووچبکاتەوە.[٢] ئەنفال بەشێویەکی ڕەسمی سـاڵی (١٩٨٧ - ١٩٨٨)ی خایانـد، بـەلاّم لـە ڕاستیدا زۆر زووتـر لە ساڵی (١٩٧٥) بەدواوە تاوانەکانی پرۆژەی قڕکردنی بە کۆمـەلی کورد لە کوردستان دەبینرا، ئەنفالیش بەشێکی سەرەکی و ئاشکرا بـووە لـە پـرۆژەی لە ناوبردنی بە کۆمەڵی کورد، لەم توێژینەوەیـەدا بەشـێوەیەکی سـەرەکی قرکردنـی دەکرێن بە دوو جۆر:-




هێلکاری ژماره(٣) جۆرەکانی قڕکردنی به کۆمەڵ له سەردەمی بەعسدا ڕووندەکاتەوە.

**١- قڕکردنی به کۆمەڵی نائاشکرا:**

کورده فەیلیەکان دەکرێ بـه خـاڵی دەسپێکردنی پـڕۆژەی قڕکردنـی بـه کۆمـەڵی نـا ئاشـکرا دابنـێن. د. مـونزر ئەلفـەزەل دەڵێـت: لـه سـاڵی ١٩٨٠ تـا سـاڵی ١٩٨٨ ڕژێمـی بەعسی بـه سـەرکردایەتی سـەدام حوسـێن و بـەرزان تکریتـی سـەرۆکی موخابـەرات، دەسـتیان کـرد بـه دڕنـدەترین شـێوەکانی چەوسـانەوە و تـاوانی نێودەوڵـەتی دژ بـه گەلێکی ئاشێخواز که خوازیاری ژیـانێکی ئـازادبوون، ئـەم ڕژێمـه زیـاتر لـه (١) یـەك ملیۆن مرۆڤی عێراقی بێسەروشوێن کرد و ڕاگواست، بـەبێ ئـەوەی هـیچ تاوانێکیـان هەبێت، تەنیا ئەوە نەبێ سوجدەیان بـۆ ئـەو... نـەبرد، لـه بەرئـەوەی کوردبـوون و زۆربەیان سەربه مەزهەبی شیعه بوون.[٢] گرتن و دەربەدەرکردن و کوشتن و شـوێن بزرکردنـی هـەزاران کوردی فـەیلی لـەجوان و پـیر، ژن و پیـاو، کـور و کـچ، گـەوره و

بچوك، دەوڵەمەند و هەژار دابەشکردنی سامان و سەرمایە و موڵکیان وەك دەستکەوت بەسەر ڕمۆزەکانی بەعسدا. ئەو کردە ڕەگەز پەرستە نامرۆڤانەیە شێوازێکی تری سیاسەتی فڕکردنە بە وێنەی ئەنفال.[٤] هەروەها فڕکردنی (٨) هەزار لە نێرینە بارزانیەکان و زیندەبەچاڵکردنیان لە بیابانەکانی خواروی عێراق و هیشتنەوەی ئافرەت و منداڵ لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا بەبێ هیچ خزمەتگوزارییەك، ئەمانە ڕاستەوخۆ دووبارەبونەوەی مەودایەکی زۆر لەوە گەورەتربوو، دەسپێکی ئەو تەکنیکە بوو کە دواتر لە ساڵی (١٩٨٧) و (١٩٨٨) بە ئەندازەیەکی یەکجار بەرفراوانتر دژی گەلی کورد بەکارهات و بە ئاشکرا ناوی (ئەنفالی) لێنرا لە لایەن ڕژێمی دارۆخاوی بەعسی عێراقەوە.

**٢-فڕکردنی بە کۆمەڵی ئاشکرا:**

لە ساڵی ١٩٨٧ پرۆژەی فڕکردنی کورد بە ئاشکرا دەسستپێکرا زاراوەی ئەنفالیش لەساڵی (١٩٨٨)بەدواوە هاتە نێو فەرهەنگی وڵاتی مندا، زنجیرەیەك کردەوەی سەربازی بوون لە (٢٣)ی شوبات تا(٦)ی ئەیلولی ساڵی(١٩٨٨)ی خایاند.

ڕێکخراوی "میدل ئیست وچ" (M.E.W)[٥] دەڵێت: ئەنفال ((ناوێکە بۆ زنجیرەیەك هێرش و پەلاماری چروپری سەربازی سەرجەمیان (٨) هەشت پەلامار بوون لە (٦) شەش ناوچەی جیۆگرافی جیاواز بەرێوەچوو، فەرماندەی گشتی عەمالیاتەکە لە دەست نوسینگەی باکووری ڕێکخراوی حیزبی بەعسدا بوو، کە بنکەی شاری کەرکوك بوو، لە مارتی (١٩٨٧) بە دواوە لەلایەن "عەلی حەسەن مەجید"ەوە سەرۆکایەتی دەکرا.))

"یوست هیلتەرمان"[٦] دەڵێت: (ئەنفالەکان بریتی بوون لە نەخشەو پلانی پێش وەخت بۆ بە کۆمەڵ کوشتنی کوردە گوندنشینەکان لەسەر بناغەی کوردبونیان...).

"مەریوان وریا قانع"[٧] دەڵێت: (ئەنفال لە کاتێکدا کوشتن و بێسەرو شوێنکردنی سەدان هەزار کەسە لە هەمانکاتدا وێرانکردنی هەموو ئەو مەرجە پێشینانەیە کە ژیان لە سادەترین مانایدا بو بەردەوامبوون پێویستی پێیەتی. وێرانکردنێکی پلانرێژکراوی هەزاران گوند و شار و شاروچکە و سوتاندنی دەیان دارستان و خنکاندنی سەدان کانیاو و کوشتن و تالانکردنی هەزاران ئاژەلە. چەندە وێرانەیەکی مادییە بەهەمان ئەندازەش وێرانەیەکی مەعنەوییە).

ئەنفال تێکدان و نەهێشتنی ژێرخانی ئابووری کوردستان و شێواندن و سڕینەوەی کولتوری نەتەوەی کوردە. ئەنفال لوتکەی سیاسەتی تاوان و مەرگەساتە، لوتکەی پێشلکردنی هەموو بەها بەرزەمرۆیی ڕەوشتییەکانە، ئەنفال سوکایەتی کردنە بە ئاین و باوەرە ئاسمانییەکان، بە یاسا سروشتی و دانراوەکان.[٨]

سوکایەتی کردن بە ڕەوشت و کەرامەتی ئافرەت و ئازاردانیان دوور لە هەموو بەها و داب و نەریتێکی مروڤایەتی. توقاندنی ئافرەت و مندال وچاندنی ترس و دڵەراوکێ لە دەروونیاندا ئامانجێکی سەرەکی ڕژێمی بەعس بوو لە عێراق لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا.

حکومەتی بەغدا لە سەردەمی حزبی داروخاوی بەعسدا، بوجێبەجێکردنی پرۆژەی ئەنفال(٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار سەرباز و جاش و پیاوەکانی ئاسایشی لە ناوچە کوردییەکان کۆکردەوە و دەستی بە (راوەکورد) کرد، (٣/٢) دوو لە سێی خاکی کوردستان وێرانکراو بە (ناوچەی یاساخ) ناونرا، زیندەگی مروڤ و ئاژەڵی تیا قەدەغەکرا،[٩] هەندێ لەو رێگاو میتۆدانەی بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژەی ئەنفال بە کارهاتوون بریتین[١٠] لە:-

١- چوڵکردن و وێرانکردنی گوندو شارەکانی کوردستان.

٢- ڕاگواستنی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو گوند و شارانە بۆ خوارووی عێراق یان کۆکردنەوەیان لە شارە گەورەکانی کوردنشین و لە ژێر چاودێرکردنێکی توندوتیژی حکومی.

٣- درووستکردنی ناوچەی قەدەغەکراو (**المناطق المحرمة**)کە (٣/٢) دوو لە سەر سێی کوردستانی گرتبووەخو، لە ئەنجامیش بریاری کوشتنی هەرکەسێك درا کە بچێتە ئەم ناوچانە.

٤- مینڕێژکردنی ناوچە قەدەغەکراوەکان.

٥- دانانی ئابلوقەی ئابووری و پزیشکی لە سەر ئەو ناوچانەی هێزی پێشمەرگە چالاکی تیادەکرد.

٦- بۆردوومانی خەست و بەردەوام بە هێزی ئاسمانی و تۆپی دوورهاوێژ (سکەدی زەوی- زەوی) ئەو ناوچانەی بارەگای بەرگری کوردیان تێدابوو.

٧- بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، لە دژی بەرگری کورد، بوماوەی دوورودرێژ.

٨- سەرژمێری کۆمەڵانی خەڵك بە شێوەیەکی ورد بۆ ئەوەی بزانێ کێ پالپشتی لە بزوتنەوەی کورد دەکات و کێش لە گەل ڕژێم دایە.

٩- گرتنی خزم و کەسی (پ.م) و ئەندامانی بزوتنەوەی کورد و کوشتنیان بە کۆمەڵ و شاردنەوەیان لە گۆڕە بەکۆمەلەکان.

١٠- درووستکردنی ئۆردوگای گرتن بە جیاواز بۆ ئافرەت و پیاوان و منداڵان.

١١- بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لە ناو خەڵکی کورد لە ڕێگەی هەرەشەی ڕاگواستن و کوشتنی هەرکەسێك بەچاپوکی بەشداری لەگەل ڕژێم نەکات بۆ لەناوبردنی(پ.م).

١٢- جۆشدانی کۆمەڵانی خەڵك لە ڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن، ئاهەنگی سەربازی و خەڵاتدان بەو کەسانەی بەشداریان لە هێرشەکانی ئەنفالدا کردووە.

باسی دووەم:

## قۆناغەکانی لە ناوبردنی کورد لە سەردەمی سەدام حوسێندا

قۆناغەکانی لە ناوبردنی کورد لە سەردەمی سەدام حوسێندا بە شێوەیەکی گشتی لەم توێژینەوەدا کراوەتە سێ قۆناغی سەرەکی ئەمانەی خوارەوەن:




هێلکاری ژمارە(٤) قۆناغەکانی لە ناوبردنی کورد لە سەردەمی سەدام حوسێندا ڕووندەکاتەوە.

**قۆناغی یەکەم:**

**قۆناغی یەکەمی لە ناوبردنی کورد، لە کوردە فەیلیەکان دەستی پێکرد لە ساڵی ١٩٨٠ دەیان هەزار کوردی (بەغدا و شارەبان و بەدەر و مەسان و مەندەلی)یان بە بیانووی ئێرانی بوون گرت و کوشت و شوێن بزر و ئاوارەکرد ژمارەیان نزیکەی (١٠) دەهەزار کەس دەبوو. ڕاپێچی زیندانەکانی خوارووی عێراقی کرد[١١] ئەوانی دیکەش راپێچی سەر سنوورکران.**

**د. کەمال قەیتولی لە نامەیەکدا سەبارەت بە نەهامەتیەکانی کوردە فەیلیەکان نووسیویەتی ((پرۆسەی ڕاگواستنی ئەوخەڵکە (کوردە فەیلییەکان) لە ١٩٨٠/٤/٤ دەستی پێکرد، دوای دەست بەسەرداگرتنی هەموو ماڵ و دیکۆمێنتە کەسییەکانیان، ڕەگەزنامەی عێراقی، ناسنامەی باری شارستانی، دەفتەری خزمەتی سەربازی، مۆڵەتی شوفێری، ناسنامەی ژووری بازرگانی بۆ ئەوانەی بازرگان بوون، ناسنامەی یەکێتی پیشەسازی عێراقی بو ئەوانەی خاوەنی پێشەسازیبوون، دیکۆمێنتی خاوەنداریێتی، بڕوانامەی قوتابخانە، زانکو...هتد.))[١٢]**

**خێزانە فەیلییە دەرکراوەکان بە دووری چەندان کیلومەتر بە کۆچڕەو بە نێو بیابان و گەرما بەبێ نان و ئاو رێیان بڕیوە و بە منداڵ و ژن و پیرەوە ملیان دابووە بەر، لێرەو لە وێ هەبوون لە برسێتی و تێنوێتی (بە تایبەتی ژن و منداڵ) گیانیان لە دەستدابوو هەر لەوێشدا ژێر گل کراون، گەڕانەوەش بۆ سنووری عێراق بەپێی بروسکەی نهێنی وەزارەتی ناوخوی عێراق ژمارە (٢٨٨٤) لە ١٩٨٠/٤/١٠ دا کوشتنی لە سەر بووە وەك لە کوتاییەکەیدا دەڵێن: (...جەخت لە سەر فەرمانەکەمان دەکەینەوە بە تەقەکردن لەوەی کە هەوڵی گەڕانەوە بۆ نێو خاکی عێراق دەدات، لەوانەی ڕاگوێزاون...).[١٣]**

**دەتوانین ئامانجی حکومەتی بەعس و چونیەتی ڕاگواستنی کوردە فەیلیەکان لەم رووانەی خوارەوە شی بکەینەوە:[١٤]**

١. گـرتن و زینـدانیکردن: خێزانـە کـوردە فەیلیـەکان سـەرەتا دووچـاری دەسـت بەسـەرگرتن و زینـدانیکردن بـوون، بـێ ئـەوەی هـیچ تاوانێکیـان کردبـێ، سـەرباری ئەوەی لە هەموو بەڵگەنامـە و نوسـراوێکی ڕەسمـی کـە عێراقچیەتیان دەچەسـپێنێ وەك (ڕەگەزنامـە، ناسـنامە...هتد)... هـەموو خێزانـەکان کۆدەکرانـەوە و بەشـەو دەربەدەر دەکران...

هـەربوو نموونـە؛ یـەکێ لـە کـوردە فەیلیـەکان دەڵـێ: ((شـەوی ٣٠ی ئـادار لـە نێـوە شــەودا... دەزگــای ئاســایش و پیــاوانی مخابــەرات لــە دەرگــای ماڵەوەمانیــدا... بەخەبەریانی کردینەوە... دەرگامـان کـردەوە و پرسـیاریان کـرد ئەمـە مـاڵی فلانـە؟ وەڵامم دانەوە بەڵێ: ناسنامەی ڕەسمیان نیشانداین و چەکەکانمان بینی کە بەراستی لە دەزگای ئاسایشەوە هاتبوون... پاشان ئێمەیان بردە بەرێوەبەرایـەتی پولیسخانەی گشتی، هەرچی بەڵگەنامـە و ناسـنامە و نوسـراوێکمان پـێ بـوو کـە عێراقچیـەتیمان دەچەسپێنێ لێیان سەندین و ئێمەیان کردە ژێر زەمینێکی بچکولە بـە جۆرێـك لـە بەرتەسـکی نـەمان دەتـوانی بجولێینـەوە... ئـەوەی زیـاتر ئـازار و بـێ هێـزی کـردین گریانی منداڵەکان و فرمێسکی ئافرەتـان بـوو. لـەم ژێرزەمینـە نزیکـەی (٥٠) پـەنجا کەسێك بووین، بۆ بەیانی ئێمەیان بردە شوێنێکی تر بـۆ مـاوەی هەفتەیـەکی تـەواو ماینەوە تاکو شاڵاوی نیسانی ١٩٨٠ و ئێمەیان خستە ناو لۆریەکان.))

٢.دەست بەسەر داگرتنی بەڵگەنامەکان و بەهێز دەرکردنیان بەرەو سنوور: پیـاوانی ڕژێـم هەرئەوەنـدەی دەسـتیان بەسـەر بەڵگەنامـە ڕەسمیەکانـدا گـرت کـە ڕاسـتی عێراقیبوونیـان ئاشـکرا دەکـرد... بـە دەیـان هـەزار لـە کـوردە فەیلیـەکان ڕەوانـەی سنووری ئێران کران... خەڵکەکە ناچاربوون ماوەیەکی زۆر بە چەندین کاتژمێر بـە پییادە برۆن تا نزیك بنکەی سنووری ئێران...

یەکێ لە کوردە فەیلیەکان دەڵێ: ((ئێمەیان رەوانەی سنووری ئێران - عێراق کرد پیان گوتین: بەم ڕێگەیە برون هەر کەسێ بگەرێتەوە گوللەباران دەکەین!... پاشان چەند کاتژمێر بەپێ رویشتین گەیشتینە سنووری ئێران...))

٣.گرتن و دەست بە سەراگرتنی گەنجەکانی کوردە فەیلیەکان:

دەسەلاتی عێراق دەستی بەگرتنی کوڕە گەنجەکانی خێزانە دەرکراوەکان کرد بەتایبەتی ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (١٨-٣٠)ساڵی بوو.

یەکێ لە دەرکراوەکان دەلێت: ((لە ڕۆژی یەکەم براکانم و خالم کە لاو بوون هەموویان بردن بۆ گرتووخانەی (ئەبۆغرێب) لەوانە زیاتر لە (٧٠٠٠)حەوت هەزار کوری گەنج بوون تاکو ئێستا چارەنوسیان دیار نییە... ئەم ژمارەیە لە قۆناغی یەکەمدابوو... بەلام لە ساڵی١٩٨٠ هەموو گەنجە نێرەکانی تر گیراون و ڕەوانەی گرتووخانەکانی دیکە کران...))

٤. دەست بەسەر داگرتنی سامان.

٥.هەڵوەشانەوەی شیرازەی خێزان.

**قۆناغی دووەم:**

دووەم قۆناغی لە ناوبردنی کورد شوێن بزرکردن و زیندەبەچاڵکردنی نێرینەی بارزانیەکان بوو، دوای ئەوەی بەشێکیان لە ساڵی ١٩٧٥ بە دواوە لە شوێنی ڕەسەنی خویان ڕاگوێزران و (٥) پێنج ساڵیان لە بیابانەکانی باشووری عێراق لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا ژیانیان بەسەر برد، پاشان دووبارە ڕاگوێزرانەوە بۆ باکووری عێراق لە دەوروبەری هەولێر لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی قوشتەپە بەناوی (القودس) و (القادسیە) جێنشینکران و دواتر لە بەرەبەیانی ١٩٨٣/٧/٣١ هەرچی نێرینەی سەرووی (٧)حەفت ساڵی بوو گیرا.

ئەو بارزانییانەی تر کە مابوون پاش ئەوەی لە ساڵی(١٩٧٨) بەدواوە بەرەو ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی (دیانە و حەریر و بەحرکە و گۆڕەتوو...) ڕاگوێزران لەم ئۆردوگایانەدا لە ژێر کۆنترۆڵی توندی سەربازیدا و لە بەرەبەیانی ١٩٨٣/٨/١٠ ئەمانەش دەسگیرکران.

بارزانیەکان گواسترانەوە بەرەو باشووری عێراق لە سێگوشەی سنووری (عێراق-کویت، عێراق-سعودییە) بە زیندوویی کۆمەڵکوژکراون.

پاش پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ گۆڕی بەکۆمەڵی ژمارەیەك لە نێرینەی بارزانیەکان لە بیابانەکانی (بوسەیە) لە گۆڕی بەکۆمەڵدا بە جل و بەرگ و جامانە تایبەتییەکانیانەوە دۆزرانەوە، تەرمی (٥٠٣) کەس لە کۆی (٨) هەشت هەزار منداڵ و پیر و پەککەوتە و کەم ئەندام و کەم ئەقل لە نێرینە بارزانیەکان لە ٢٠٠٥/١٠/١٧ لە رێورەسمێکی شایستەدا هێنرانەوە کوردستان، لە ٢٠٠٥/١٠/١٨ تەرمی ئەو پێنج سەد و سێ کەسە لە زێدی خویان لە بارزان لە گۆرستانێکی تایبەتی دا نێژران. لە سەر هیچ یەکێك لە کێلەکان ناوی هیچ کەسێك تومار نەکراوە چونکە تەنیا بە جل و بەرگیانەوە ناسراون کە بارزانین زۆربەیان ئێسکەکانیان تێکەڵن.

**قۆناغی سێیەم:**

سێیەم قۆناغی لە ناوبردنی کورد لە ساڵی ١٩٨٨ دەستی پێکرد هەموو کوردستانی عێراقی گرتەوە ئەمەشیان ئەنفالکردنی کورد بوو بە (٨) هەشت قۆناغ.

جگە لە زیانی ئابووری و وێرانکردنی دێهاتەکان، زیاتر لە (١٨٢) سەدوو هەشتاو دوو هەزار ئافرەت و منداڵ و پیرو پەککەوتەو گەنجی کورد بوون بە قوربانی.

لە هەموو سەرچاوە و چاوپێکەوتووەکان، رزگاربووانی شالاوی ئەنفال وەك کاری مەیدانی جەخت لەوە کراوە کە ئەو خێزانانە لە شوێنێکی دیاریکراو کۆکراونەتەوە بە پێی نەخشەی ڕژێمی داروخاوی بەعس کراون بە سێ بەشەوە:

١. جیاکردنەوەی کوڕە گەنج و پیاوەکان لە (١٢-٤٥) ساڵ.
٢. کچە گەنج و ژنەکان لە (١٢-٤٥) ساڵ.
٣. منداڵ و ئافرەت و پیرەکان، ئەو منداڵانەی لە خوارووی(١٢) ساڵیدابوون، ژن و پیرەکانیش لە (٥٠-٨٠)ساڵ.

هەرچی چارەنووسی نێرینەکان بوو دەستگیرکردن و کۆمەلکوژیبوو. چارەنوسی ئافرەت و مندالەکانیش هەندێ جار بەتایبەتی لە شالاوی ئەنفالی (٣) سێدا وەك گەنجەکان بوو.[١٥]

ئەوەی بە پێویست دەزانرێت لەم توێژینەوەدا ئاماژەی بۆ بکرێت چەند خالێك لە دەقی ڕاپورتی بریاردەری تایبەت بۆ کۆمیسیونی باڵای مافەکانی مرۆڤ بریتین لە:[١٦]

١- ... ڕژێمی پێشوی عێراق دەستی کرد بە پرۆسەیەکی ترسناکی گرتنی خەڵك و ڕاپێچکردنیان بۆ ناوەند و خوارووی عێراق، یاخود بەندیخانەکان ئینجا دەگوێزرانەوە بۆ شوێنی دیکە و قەتلوعامی دەکران، ئەم پرۆسەیەش هەموو عێراقی گرتبووە. پلان دارێژراو و سەرۆکی دەستەی ئەو کۆکوژییە تاوانبار(عەلی حەسەن مەجید)ناسراو بە عەلی کیمیاوی بووە.

بەلگەنامەکان دەیسەلمێنن کە ئەم تاوانبارە زۆر بێ بەزەییانە پاکتاوی ڕەگەزی کوردیان کردووە، عەرەبی هاوردووە بۆ شوێن و گوندەکانیان، سەرجەم ئەم پرۆسەیەش بە جینۆساید لە قەلەم دەدرێت وەك ئەویش مامەلەی لەگەڵدا دەکرێت.

٢- زۆر جار کوردیان بەخییانەتکار دادەنا و سوپای عێراقی چواردەوری دەگرتن و شەقامەکانی دادەخست، ماڵ و گوندو شارەکانی لە کورد چول دەکرد، هەموو کوردەکانی دەگرت و دەری دەکردن بە ئافرەت و منداڵیشەوە، ئافرەت و مندالەکانیش لە نێو پیاوەکاندا بلاوەیان دەکردن و پاشان دەیانگواستنەوە و

دەستبەسەریان دەکردن. ئەم پرۆسەیە رەگەز پەرستییەش دەستبەجێ جێبەجێ دەکرا.

پیاوەکانیش کە بە لۆری دەگوازرانەوە، راپێچی شوێنێك دەکران کە گۆری ئامادەکراوی لێ بوو دەست بەجێ ژێرخوڵیان دەکردن و کۆکوژدەکران. زۆرجاریش لە پشتەوە تەقەیان لێدەکردن و پاشان لە گۆرە بەکۆمەڵەکاندا لەگەل زەوی تەخت دەکران و پر دەکرانەوە...

٣- وەك دەردەکەوێت لە مەسەلەی ئافرەت و منداڵدا. لایەنی کەم بەشێکیان کۆکوژنەکراون. بەڵام ئەوانیش ژمارەیەکی زۆر کەمن...

٤- ژمارەیەك لەو لێدوانانەی لە لایەن ئەوکەسانەی رزگاریان بووە بۆ بریاردەری تایبەت ئامادەکراوە دەربارەی ئەم مەسەلانەن:

أ. قوربانیانی منداڵ کە بەبێ دەرمان و خۆراك بەجێ دەهێلران تا دەمردن.

ب. ئافرەتی هەرزەکار دەرفێندران، وەك کوێلە دەفروشران...

ج. توقاندن بەشێوەیەکی سیستماتیکی پیادە دەکرا.

ء. ئافرەتی سك پر ناچار دەکرا لە بەرچاوی پاسەوانە پیاوەکان منداڵیان ببێت.




نەخشەی ژمارە(١) قۆناغەکانی ئەنفالکردنی ناوچەکانی کوردستان لە لایەن ڕژێمی بەعس.

باسی سێیەم:

## قۆناغەکانی کۆمەڵکوژی بارزانیەکان

کۆمـــەڵکوژی بارزانیـــەکان دوور لـــە هـــەموو عـــورف و عـــادات و یاســـا و ئـــاینێکی ئاسمانیـەوە ئەنجامـدرا، بـە بەرچـاوی ژن و منـداڵ و دایـك و خوشـکەکانیانەوە. بـە شێوەیەکی زۆر فاشیانە ئافرەت و کچی گەنج و منداڵە بارزانیـەکان بـێ بـاوك و بـێ مێرد و بێ کور بـێ بـرا کـران، خێزانـەکان بـێ پیـاو مـان، ئەمـەش ئازارێـك بـوو تـا ئـەمرۆش لـە ویـژدانی نەتـەوەی کـوردا ماوتـەوە. لـەم توێژینەوەیەشـدا کۆمـەڵکوژی بازرانییەکان بە سەر چوار قۆناغدا دابەشکراوە لـە کـات و شـوێنی جیـاواز ئەمانـەی خوارەوەن:




هێلکاری ژمارە(٥) قۆناغەکانی کۆمەڵکوژی بارزانیەکان ڕووندەکاتەوە.

- قۆناغی یەکەم: لە بەرواری (١٩٨٣/٧/٣٠) ژمارەیەك لە کەسایەتی و هەندێك لە شێخانی بارزان کە کەسە نزیکەکانی بەرێز(مەسعود بارزانی)[١٧] بوون کۆمەڵکوژکراون، لەوانە (شێخ عوسمانی کوری شێخ ئەحمەد، عیماد کوری شێخ عوسمان، سابر کوڕی مەلا مستەفا، هەڤال شێخ سادق، ئیسماعیل کوری شێخ عەبدولسلامی بارزانی... هتد)

- قۆناغی دووەم: لە (١٩٨٣/٧/٣١) لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی قوشتەپە بەناوی (قودس و قادسیە) ژمارەیەکی زۆری بارزانیەکان لە ڕەگەزی نێر زیندەبەچاڵکراون.
- قۆناغی سێیەم: لە (١٩٨٣/٨/١٠) نێرینەی بارزانیەکانی ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی (دیانا و حەریر و بەحرکە و گۆڕەتوو...) کۆمەڵکوژکراون.
- قۆناغی چوارەم: لە (١٩٨٣/١٠/١) ئەم جارەیان زۆرچڕتر لە جارەکانی تر ماڵ بە ماڵ زۆر بەوردی گەڕان، هەرچی نێرینەی بارزانی مابوون دەستگیرکران و پاشان کۆمەلکوژکران.



نەخشەی ژمارە(٢) پێگەی کۆمەڵگای زۆرەملێی بەحرکە




نەخشەی ژمارە(٣) پێگەی کۆمەڵگای زۆرەملێی قوشتەپە( قودس – قادسیە)




نەخشەی ژمارە(٤) پێگەی کۆمەلگای زۆرەملێی دیانا




نەخشەی ژمارە(٥) پێگەی کۆمەلگای زۆرەملێی حەریر




نەخشەی ژمارە(٦) پێگەی کۆمەڵگای زۆرەملێی گۆڕەتوو




**نەخشەی ژمارە(٧) ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی بارزانیەکان**




**نەخشەی ژمارە(٨) ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی هەرێمی کوردستان.**

**سەرچاوە: ئەتڵەسی هەریمی کوردستانی عیراق، عیراق و جیهان، لە ئامادەکردنی، د. هاشم یاسین حمدامین، سەردار محمد عبدالرحمن، هوشیار محمدامین خۆشناو، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای تی نووس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩**

## وێنە و دیکۆمێنتەکانی بەشی سێیەم

**دیکۆمێنتی ژمارە(١٣)**

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

سەرۆکایەتی کۆمار

سکرتێر

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی حوکمی زاتی

ژمارە ٤٣٢٨

ڕێکەوت ١٩٨٩/٣/٢٩ز

٢١/شەعبانی ١٤٠٩ك

بەڕێز جێگری بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری سیاسی ڕێزدار

سلاوێکی گەرم

لە پەیوەندیەکی تەلەفونیدا لە گەڵ بەڕێز بەڕێوەبەری نوسینگەی گشتی ڕێزدار

١-هاوپێچ لیستێك پێکهاتووە لە (٤٠٣) پیاو لە بارزانیەکان ئەوانەی دەستگیرکراون لە ڕێکەوتی ١٩٨٣/٨/١٠ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای هەولێر و بە هاوکاری لیوای زێرەڤانی کۆمار و هەلسان بە ناردنیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی ئەوکات، ئەوان دانیشتوی کومەلگای حەریرن، پێکهاتبوون لە نەوەی ئەمانە: بارزانی، شێروانی، مزوری، بۆ زانین عەشیرەتی بارزانی پێکهاتووە لەم نەوانە:

بـارزانی، شـێروانی، خورشـیدی، دوله‌مـه‌ری و ئـه‌و مزوریانـه‌ی دانیشـتووی بلـێ و بارزانن.

٢.هاوپێچ وێنه‌یه‌ك له نوسراوتان ٥٩٥٤٧ له ١٩٨٧/٨/٣ له گه‌ڵ بریاری به‌رێز سه‌رۆكی پێشه‌وا (خوابیپارێزێ) تایبه‌ت به هه‌ڵسوكه‌وت له گه‌ڵ خێزانه بارزانییه‌كان.

٣.لیستێكه به ناوی ژماره‌یه‌ك له پێكهاته‌ی خراپكاران و ئه‌وانه‌ی په‌یوه‌ندیان له گه‌ڵ خراپكاران هه‌یه له دانیشتووانی كومه‌ڵگای حه‌ریر، سه‌پاندنی مافی گه‌ڵ به پێی ڕه‌زامه‌نی پێشه‌وای نوسینگه‌ی باكوور ژماره‌یان(٨)كه‌سن.

٤.له گه‌ڵ لیستێك به ناوی ئه‌و دووخێزانانه‌ی كه ده‌ستیان به سه‌رداگیراوه له دانیشتووانی كومه‌ڵگای حه‌ریر، پێكهاتوون له چوار كه‌س (سێ ئافره‌ت و منداڵێك) چونكه له ماڵی خراپكاران بوون ئه‌وانه‌ی كاری تێكده‌رانه ده‌كه‌ن. تا ئێستا ده‌ست به‌سه‌رن له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ئاسایشی هه‌ولێر.

٥.له گه‌ڵ نوسراوێك له سه‌ر بارودۆخی ئه‌منی له ناحیه‌ی حه‌ریر.

تكایه بۆ پێداچونه‌وه.. له گه‌ڵ رێزدا

واژووی

عه‌میدی ئاسایش

ج. ب. گ. بۆ ناوچه‌ی حوكمی زاتی

١٩٨٩/٣/٢٩

هاوپێچ/

١- لیسته‌كان.

٢- ڕاپورته‌كانی ئاسایش.

٣- وێنه‌یه‌كی نوسراوه‌كه.

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(١٣)

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
مديرية أمن الحكم الذاتي
العدد ٣٤٢٨
التاريخ ٢٩/ ٣/ ١٩٨٩م
٢١ شعبان ١٤٠٩هـ

السيد م.م.ع. للشؤون السياسية المحترم

تحية طيبة :

بناءً على المكالمة الهاتفية مع السيد مدير مكتب السيد العام المحترم ..

١- نرفق طياً قائمة تضم (٤٠٣) رجل من البارزانيين الذين تم القبض عليهم بتاريخ ١٩٨٣/٨/١٠ من قبل مديرية أمن محافظة أربيل وبمعاونة لواء الحرس الجمهوري وتم ارسالهم الى مديرية الأمن العامة في حينه وهم من سكنة مجمع حرير، ويتكونون من الافخاذ التالية :
البارزانيين، الشيروانيين، المزوريين، علماً أن عشيرة البارزانيين مكونة من الافخاذ التالية :
البارزانيين، الشيروانيين، الخورشيديين، دولمري المزوريين من سكنة بله وبرزان .

٢- نرفق طياً صورة كتابكم ٥٩٥٤٧ في ١٩٨٧/٨/٢ الذي يتضمن أمر السيد الرئيس القائد (حفظه الله) بخصوص التعامل مع العوائل البارزانية .

" شع لطفاً "

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
مديرية

- ٢ -

العدد /
التاريخ / / ١٩٨

٣- طيا قائمة بأسماء عدد من العناصر التخريبية والتي لها علاقة بالمخربين من سكنة حرير، والمنظمة بحقهم قضايا تحقيقية أصولية ونفذ بحقهم حكم الصلب حسب موافقات قيادة مكتب تنظيم الشمال وعددهم (٨) أشخاص.

٤- طيا قائمة بأسماء عائلتين محجوزتين من سكنة حرير، مكونة من أربعة أشخاص (ثلاث نساء وطفل) كونهم من ذوي المخربين الذين قاموا بتنفيذ عمليات تخريبية بعد الانهيار. ولازالوا محجوزين في مديرية أمن أربيل.

٥- طيا تقرير عن الواقع الامني لناحية حرير.

راجين التفضل بالاطلاع .. مع التقدير

عميد الأمن
٣٠٢ع منطقة الحكم الذاتي
٢٩/٣/١٩٨٩

المرفقات
١- قوائم
٢- تقرير أمني
٣- صورة كتاب

## دیکۆمێنتی ژمارە(١٤)

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
العدد ٨٤
التاريخ ٢٩/ ٣/ ١٩٨٩
٢٢/شعبان/١٤٠٩هـ

السيد سكرتير السيد الرئيس القائد المحترم

تحية وتقدير

بناءً على طلب سيادتكم .. فيما يلي المعلومات المتوفرة لدينا حول ناحية حرير بمحافظة أربيل ..

١. في تموز ١٩٨٢ وخلال هجوم العدو الايراني الصهيوني على قاطع حاج عمران وثبوت مشاركة زمرة سليلي الخيانة المعروفة بغالبية عناصرها من البارزانيين ، صدر إيعاز من السيد مدير الأمن العام الأسبق « الدكتور فاضل البراك » الى مديرية أمن منطقة الحكم الذاتي بتشكيل قوة كبيرة من منتسبي مقر ومديريات أمن منطقة الحكم الذاتي واحيطت مهمتها بالسرية التامة لتكون جاهزة في فجر اليوم التالي ، حيث باشرت بتاريخ ١٩٨٢/٨/١ مع قوة عسكرية من الحرس الجمهوري بتطويق مجمعات « القدس ، القادسية ، قوشتبة » المخصصة لسكن العوائل البارزانية ، وبوشر بالقبض على جميع البارزانيين من الذكور عدا من يقل عمره عن (١٥) سنة ، واقلتهم سيارات كبيرة كانت مهيأة من نفراد بصحبة القوة العسكرية .

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة

العدد
التاريخ / / ١٩٨

« ٢ »

كما تم وبنفس الأسلوب القبض على البارزانيين في مجمع « حرير » ضمن قاطع شقلاوه و البالغ عددهم « ٤٠٢ » وهم من أفخاذ « البارزانيه ، الشيروانيه ، المزوريه » وهم من عشيرة البارزانيين . وكذلك في مجمعات « ديانا » ضمن قاطع راوندوز و « ميركه سور » بمحافظة أربيل أيضاً .

٢. من ناحية اخرى ، تم وبأيعاز من السيد مدير الأمن العام الأسبق ، تشكيل قوه من منتسبي مقر مديرية الأمن العامه ومديرية أمن بغداد تولت إستلام المقبوض عليهم في المجمعات أعلاه وامثالهم المحجوزين في سجن أبي غريب ، حيث بلغ مجموع الذين إستلمتهم هذه القوه « ٢٢٢٥ » تم نقلهم الى منطقة بصية بمحافظة المثنى ، وشكل فريق عمل قام بتنفيذ حكم الشعب بحق المذكورين .

٣. ثم صدر توجيه من السيد مدير الامن العام الأسبق بتنظيم قضايا خاصه للمحميين منهم ، وفعلاً تم تنظيم « ١٦ » قضيه لـ « ٦٦٧ » منهم واحيلت القضايا الى رئاسة محكمة الثوره وأصدرت بحقهم حكم الشعب بالأعدام ولم تسلم شهادات وفاة لذويهم .

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
العدد
التاريخ ١٩٨

" ٢ "

تم إستلام المبالغ التي كانت بحوزة المذكورين والبالغه " ١٩٤,٦٤٨,٤٤٠ " مائه وأربعة وتسعون ألف وستمائه وثمانية وأربعون ديناراً وأربعمائه وأربعون فلساً ، واودعت لدى حسابات هذه المديريه .

ونظراً لإستمرار تأكيد المجرم مسعود البارزاني على هذا الموضوع فقد أوعزت رئاسة الجمهورية - السكرتير بكتابها المرقم ٢٦٥١/ك في ١٩٨٧/٨/٢٤ بتوجيه المسؤولين والأجهزه الأمنيه المعنيه بالقضيه الكرديه الذين من المحتمل الإتصال بهم من خلال طرف ثالث بأن يكون الرد محدد وموحد بأن " لا أحد يعرف عنهم شيئ سوى قيادة الدوله وان المسأله الأساسيه أكبر من تصفية هذه العوائل "، وان يعتمد هذا الجواب في الرد على أي إستفسار منهم قد يحصل عن مصير هذه العوائل .

تم مؤخراً القاء القبض على ثمانيه أشخاص لهم علاقه بالمخربين من سكنة حرير ونظمت بحقهم قضايا إصوليه ونفذ بحقهم حكم الشعب حسب موافقات قيادة مكتب تنظيم الشمال .

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
العدد
التاريخ / / ١٩٨

" ٤ "

كما تم حجز عائلتين مكونه من أربعة أشخاص " ثلاثة نساء وطفل " كونهم من ذوي المخربين الذين قاموا بتنفيذ عمليات تخريبيه في الفتره الأخيره ، ولا زالوا رهن الحجز.

فيما يخص الوضع الأمني لناحية حرير في الوقت الحاضر..

تعتبر حرير من المناطق القريبه من مقرات زمر التخريب لوجود طرق تمتد الى حوض باليسان شرق حرير ، وطريق بأتجاه بارزان الذي يسير بمحاذاة جبل حرير وحتى نهر الزاب الأعلى ، وتتكون حرير من حوالي " ٨٠٠ " دار تقطنها عشائر من السورجيه والخيلانيه والمزوريه وعدد من العشيره البارزانيه .

في عام ١٩٧٥ تم إنشاء " مجمع حرير " وذلك بعد انهيار الجيب العميل ، وتم إسكان البارزانيين فيه والذين تمت إعادتهم من المنطقه الجنوبيه الى حرير ، واضيفت اليهم مجاميع من بعض القرى الحدوديه المزاله واصبح المجمع يضم عشائر من البارزانيه والشيروانيه الذين هم فخذ من البارزانيين ، والمزوريين والبالك والهركي ، ويبلغ عدد نفوس المجمع " ٧٠٥٠ " نسمه. أما المجمع الثاني فهو مجمع " باسرمه " الذي أنشئ على مقربة من ناحية حرير بمسافة ٤ كم في نيسان ١٩٨٧ بناء على قرار من مكتب تنظيم الشمال بعد ازالة القرى المحذوره من المنطقة .

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة

العدد
التاريخ / / ١٩٨

"٥"

وقد تم إسكان عوائل الشبك المرحلين من محافظة نينوى في هذا المجمع، واضيف له مجاميع من بعض قرى المنطقة المزاله والعشائر التي تسكن هذا المجمع هي من السورچيه والهركيه وبالك إضافة الى الشبك، ويبلغ عدد نفوس المجمع "٧٤٠٠" نسمه.

لقد كانت حرير قبل عمليات الأنفال الأخيره من القصبات الواهنه وكان المخربون يترددون اليها على الرغم من تواجد أعداد كبيره من مسلحي أفواج الدفاع الوطني في الناحيه وضواحيها، وبعد عمليات الأنفال الخالده هرب المخربون تاركين مقراتهم واماكن تواجدهم الا انه على الرغم من ذلك فقد كانت هناك مجاميع صغيره من زمرة عميلي الخيانه والشيوعيين يترددون الى المنطقة وقد وقعت بعض الحوادث منها إغتيال أحد مراتب الشرطه الذين قدموا مع عوائل الشبك كحمايه لهم، وكذلك إختطاف عضو منظمة حرير الرفيق باقي سليم عيسى واطلاق سراحه فيما بعد.

وبشكل عام يعتبر الوضع الامني جيد في المنطقه لاسيما إذا ماتمت السيطره على المنافذ المهمه المؤديه الى حرير لقطع دابر التسلل،

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
العدد
التاريخ / / ١٩٨

" ٦ "

وتعتبر العشيره البارزانيه من العشائر غير المواليه للحزب والثوره والوطن عبر عشرات السنين، حيث أنها وقفت ولاتزال ضد وحدة الوطن وكانت بحق «سليلي الخيانه» وهي لاتزال تعتبر نفسها العشيره الاكثر شرعيه في تمثيل الشعب الكردي، ويملأ نفوسهم الحقد والكراهيه..

الآن الوضع الأمني الحالي في المنطقه جيد جداً..

راجين التفضل بالأطلاع.. مع التقدير.

مدير الأمن العام
٢٦/ ٢/ ١٩٨٩
٢٢/ شعبان/ ١٤٠٩

## دیکۆمێنتی ژمارە(١٥)

بسم الله الرحمن الرحيم

« مذكرة »

التاريخ / / ١٩

معاون

سيدي مدير الامن العام المحترم

تحية طيبة

م/ البارزانيين

ترد بين أونة وأخرى طلبات من المراجع العليا وخصوصاً من ديوان الرئاسة بطلب الموافقة بيان مصير أزواجهم وأولادهم بالأخص «البارزانيين» الذين نالوا جزاءهم ووصلوا الى الجحيم لخيانتهم تربة الوطن

فقد وردنا الطلب المرفق طياً من ديوان الرئاسة ولم يذكر الطلب بأنهم من البارزانيين، أوضحنا للرئاسة أن المذكورين من البارزانيين وقد تم تنفيذ حكم الاعدام بحقهم لخيانتهم الوطن عام ١٩٨٢ بموجب كتابنا ١٢٦٥٤ في ٤/٢/١٩٩٠ وقد أعلمنا ديوان الرئاسة بموجب كتابها ٣٢٩ في ١٢/أيار/١٩٩٠ المرفق طياً أنه سيتم تبليغ ذوي الموما اليهم بأنهم فقدوا أثناء الحرب مع العدو الايراني

يرجى التفضل بالاطلاع مع التقدير

٩٠/٧/١٥



وێنەی ژمارە(١١) ئۆردوگای زۆرەملێ قودس قوشتەپە.



وێنەی ژمارە(١٢) ژیانی بێکاری لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا،



- ١ -

انا واثقون من ايمان الجماهير الفلاحية
بالثورة واهدافها واستعدادها للبذل
والعطاء والتطور .

الرئيس القائد
صدام حسين

ئێمە دڵنیاین بە بڕواو ئیمانی
جەماوەرانی جوتیاری بە شۆڕشو
ئامانجەکانی و ئامادە بونیان بو خوبەخت
کردن و بەخشین و پەرەسەندن .
سەرۆکی فەرماندە
صدام حسین

- ٢ -

**من تراث الحزب**

ان مشكلة الارض والفلاحين يجب ان تواجه
بمنطق اشتراكي علمي ، وهذا يقتضي بدوره
احداث ثورة زراعية تفتح الطريق باتجاه التطور
الاقتصادي السريع في كافة انشطة الانتاج ...

گیرو گرفتی زەوی و جوتیاران پێویستە
لە روانگەو تیگەیشتنێکی زانستیانەوە سەیر
بکرێت ئەوەش پێویستی بە بەرپاکردنی شۆڕشێکی
کشتوکاڵی یە کە رێگا بکاتەوە بەرەو پەرەپێدانی ئابوریکی
زوو بە زووی لە هەموو چالاکیەکانی بەرهەم
هێنان دا ..
لەکەلەپوری
پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالست



- ٣ -

**قانون الجمعيات الفلاحية التعاونية رقم ٤٣ وتعديله**

اصدر مجلس قيادة الثورة قانون الجمعيات الفلاحية التعاونية
رقم ٤٣ والتعديل الذي اعقبه لتوحيد الحركة الفلاحية التعاونية
في القطر وضمان تطورها لتحقيق التحولات الثورية المناسبة في
الكيان الاقتصادي والاجتماعي للريف والجماهير الفلاحية .

وقد حددت نشاطات الجمعية الفلاحية التعاونية بالعمل من اجل
حماية الثورة ونشر وتعميق الوعي القومي والاشتراكي بين الفلاحين
وتثقيفهم باتجاه تنفيذ قوانين الدولة وتنفيذ برامج الثورة ومن
اجل خلق علاقات انتاج اشتراكية تعمل على تفجير القدرات
والطاقات للجماهير الفلاحية وصبها في اطار بناء المجتمع الجديد

- ٤ -

**یاسای کۆمەڵانی جوتیاری هەرەوەزی ژمارە ٤٣ و راهێنکراوەکانی**

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، یاسای کۆمەڵانی جوتیاری
هەرەوەزی ژمارە ٤٣ ی دەرهێنا هەروەهاش راهێنکراوەکانی
لە پێناوی یەک کردنی بزوتنەوەی جوتیاری هەرەوەزی لە
هەرێماو دڵنیایی پەرەسەندنی بۆ جێبەجێ کردنی گۆڕانکارێکی
شۆڕشگێڕی کونجاو لەگەڵ قەواری ئابوری و کۆمەڵایەتی ی
لادێ و جەماوەرانی جوتیاری ، وە سنوری چالاکیەکانی
کۆمەڵانی جوتیاری هەرەوەزیش دانرا ، لە بۆ کارکردن لە
پێناوی پاریزی کردنی شۆڕش و قوڵ کردنی بیری نەتەوەیی و
سۆشیالستی لە بێوان جوتیاراندا و رۆشنبیر کردنیان بەرەو
راپەراندنی یاساکانی میری و راپەراندنی بەرنامەکانی شۆڕش ، لە
پیناوی خولقاندنی پەیوەندایەتیکی سۆشیالستی لە بەرهەم هینان دا بۆ
تەقاندنەوەی توانا و هێزەکانی جەماوەرانی جوتیاری و رشتنەوەی
بە چوارچێوەی بنیات نانی کومەڵگەی نوێ .



-٥-

الاسم الثلاثي

الجنسية

محل وتاريخ الولادة

رقم دفتر الخدمة العسكرية

هوية الاحوال المدنية

التحصيل الدراسي

الحالة الزوجية

اسم الجمعية/المزرعة الجماعية الموقعة فيها

تاريخ الانتماء للجمعية

رقم الهوية ـ تاريخ الاصدار

السكرتير | مدير عام الهيئة العامة للزراعة والاصلاح الزراعي | رئيس الاتحاد

-٦-

الاسهم المدفوعة وتواريخها

| التسلسل | السنة | السهم | المبلغ المدفوع | الملاحظات |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٩٨٤ | ٥ | ١٠ | |
| ٢ | | | | |
| ٣ | | | | |
| ٤ | | | | |
| ٥ | | | | |
| ٦ | | | | |
| ٧ | | | | |
| ٨ | | | | |
| ٩ | | | | |
| ١٠ | | | | |
| ١١ | | | | |
| ١٢ | | | | |



-٧-

الاشتراكات

السنة الاولى

امين الصندوق

السنة الثانية

امين الصندوق

السنة الثالثة

امين الصندوق

-٨-

التجديد الاول

السكرتير الرئيس

- ٩ -

التجديد الثاني

السكرتير          الرئيس

- ١٠ -

التجديد الثالث

السكرتير          الرئيس

- ١١ -

قانون الاصلاح الزراعي رقم ١١٧ لسنة ١٩٧٠

في ٢١ آيار ١٩٧٠ تم تشريع قانون الاصلاح الزراعي الجذري رقم ١١٧ لسنة ١٩٧٠ كبديل ثوري للقانون رقم ٣٠ لسنة ١٩٥٨ الذي احتوى سلبيات كثيرة، وقد تم بموجب القانون رقم ١١٧ تحديد الملكية الزراعية على اساس طبيعة الارض، موقعها، طريقة الري، نوع الزراعة وخصوبتها، كما اقر القانون مبدأ التوزيع الجماعي للارض الزراعية. كما واكد مبدأ تكوين المزارع الجماعية والجمعيات الفلاحية التعاونية، ونظم العلاقة الزراعية بين الفلاحين والغى البدل النقدي عن الاراضي المستولى عليها من الاقطاع ..

- ١٢ -

یاسای چاك كردنی كشتوكاڵی ژمارە ١١٧ی ساڵی ١٩٧٠

لە ٢١ی ئایاری ١٩٧٠ یاسای چاك كردنی كشتوكاڵی ژمارە ١١٧ی ساڵی ١٩٧٠ دەهێنرا، كە بابەتێكی شۆڕشگێڕییە/بە یاسای ژمارە ٣٠ی ساڵی ١٩٥٨، كە زۆر سلبیاتی تێدا بووە، بەپێی یاسای ژمارە ١١٧ سنووری موڵكداری كشتوكاڵی دانرا، لە سەر بناغەی سروشتی زەوی ..جێگە و شوێنی.. چۆنێتی ئاودێری.. جۆری كشتوكاڵی.. شیاوی، هەروەها لە یاساكەدا بڕیاری دابەش كردنێكی گەلەكیێی داوە لە زەوی كشتوكاڵی.. هەروەهاش دوپاتی بیرو باوەڕی پێكهێنانی كێڵگەكانی گەلەكیێی و كۆمەڵانی جوتیاری هەروەها زیاتی وپێ رەوی پەیوەندییی كشتوكاڵی لە نێوان جوتیاراندا هەروەهاش هەڵوەشاندنی دانی پارەی نەقدی لە باتی ئەو زەوییانە كە دەستی بەسەرا گیراوە و لە زەوییەكانی دەرەبەگەكان ..

-١٣-

**قانون تنظيم الملكية الزراعية في منطقة الحكم الذاتي**

اصدر مجلس قيادة الثورة في ٢٥ اذار القانون رقم ٩٠ لسنة ١٩٧٥ الخاص بتنظيم الملكية الزراعية في منطقة الحكم الذاتي .. فكان عطاءً جديداً من عطاءات الثورة ومكسباً مهماً لجماهير الفلاحين باعتباره ثورة زراعية تستهدف احداث التغييرات الجذرية في الملكية الزراعية والانتاج الزراعي ومجمل العلاقات الاجتماعية السائدة . حيث اعتمد القانون مبدأ التوزيع الجماعي واكد على تاسيس المزارع والجمعيات الفلاحية والتعاونية .. ودفع عجلة التنمية الاقتصادية الى امام .

-١٤-

**یاسای ڕێکخستنی موڵکداری کشتوکاڵی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی**

لە ٢٥ ی ئاداری ١٩٧٥ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، یاسای ژمارە ٩٠ ی ساڵی ١٩٧٥ ی دەرهێنا تایبەت بە ڕێکخستنی موڵکداری کشتوکاڵی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەوەش کە بەخششێکی نوێ بو لە بەخشینەکانی شۆڕش و دەستکەوتێکی گرنگە بۆ جەماوەرانی جوتیاری کە شۆڕشێکی کشتوکاڵییە ، مەبەستی گۆڕینێکی یەکسەرییە لە موڵکداری کشتوکاڵی و بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی و هەموو پەیوەندییە تییەکی کۆمەڵایەتی کە لە پێشا بووە .. کە تێدا یاساکە بیرو باوەڕی دابەش کردنی کۆمەڵی داناوە. هەروەهاش دوپات کردنی بەسەر دامەزراندنی کێڵگەکانی گەلەکیڵی و کۆمەڵانی جوتیاری هەرەوەزی و پاڵ پێوەنانی ڕەورەوەی ئەشونمای ئابوری بۆ پێشەوە.

-١٥-

**مقتطفات من قانون الجمعيات الفلاحية التعاونية رقم ٤٣ لسنة ١٩٧٧**

● يتمتع حامل هذه الهوية بكامل الحقوق المنصوص عليها في قانون الجمعيات الفلاحية التعاونية والانظمة الصادرة بموجبه.

● الهيئة العامة هي اعلى سلطة في الجمعية الفلاحية التعاونية .

-١٦-

**چەند برلە قانونی کومەلانی هاوکاری جوتیاران نمرە ٤٣ سالی ١٩٧٧**

● هەلگری ئەوانا هەمی ماف هەیە لە جوری قانی کومەلانی هاوکاری جوتیاران و ریکخراوی لی دەرچوە

● کومیتی بەریبەری گشتی بەرزترین بەرپرسیارە لە کومەلی هاوکاری جوتیاران




ناسنامەی کرێکارە جینوسایدکراوێك گوزارشتە لە بێ تاوانیەکەی.



وێنەی ژمارە(١٣)ئۆردوگا زۆرەملێیەکان نەیانتوانی پەیوەندی و یەکریزی بارزانییەکان کز بکەن.



وێنەی ژمارە(١٤) ڕاگواستن نەیتوانی کەلتووری ڕەسەنی بارزانییەکان لە ناو بەرێت.



وێنەی ژمارە(١٥)وشکی ئۆردوگای قودسی قوشتەپە جەنگێکی دەروونی بوو، لە سەر ژیانیان.

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی سێیەم


١. ئەسرین زرار قادر، لە سالیادی جینۆسایدی ئەنفالدا...، هەفتەنامەی گولان، ژمارە ٣٧٨، هەولێر ٢٠٠٢، ل٧.

٢. ڕێبوار سوەیلی، نەتەوە و حەکایەت، لەبلاوکراوەکانی سپیرێز، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، دهوك٢٠٠٢، ل٤٤٠.

٣. د.مونزر ئەلفەزی، عەدالەتی کێشەی کورد...(بەشی سێیەم)، هەفتەنامەی گولان ژمارە(٥٧٣)، هەولێر ٢٠٠٦، ل٨.

٤. نەورەس رەشید، ئەنفال، پێشێلکردنی مافی مروڤ، بەهای سروشت نرخی یاسایە، هاواری ئەنفال، ژمارە(١)سالی یەکەم پایزی ٢٠٠٢، ل٦٢.

٥. یوسف دزەیی، ئەنفال کارەسات ئەنجام و ڕەهەندەکانی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوە موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠١، ل٢٩.

٦.ئەسرین زرار قادر، ه.س.پ، ل٧.

٧. مەریوان وریا قانع، دەسەلات و جیاوازی، چاپی دووەم، بەرەزامەندی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە سەر ئەرکی کتێبخانەی (بەستە)چاپکراوەتەوە، سلێمانی ٢٠٠١، ل١٦٦.

٨. نەورەس رەشید، ه.س.پ، ل٦٢.

٩. دکتور جاسم توفیق خوشناو، مەسەلەی کوردو یاسای نیودەولەتان، لەبلاوکراوەکانی سەنتەری لێکولینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٢، ل٢٣.

١٠. جاسم توفیق خوشناو، دەخالەتی مروڤانە لە کوردستان، بلاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٤، ل٨٢.

١١. یوسف دزەیی و محەمەد شوانی، ئامانجەکانی پرۆسەی ئەنفال و قڕکردنی سامانی مرویی کورد، توێژینەوەیەکە لە گوڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(٢٤) هەولێر، هاوینی ٢٠٠٢، ل.٣٣٠

١٢. د.مونزر ئەلفەزل، ه.س.پ، هەمان لاپەرە.

١٣. هەژار عەزیز سورمێ، کوردو جینۆسایدو ئیبادەکردن - هەلوێستی یاسای نیودەولەتی، چاپی دووەم، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل.١٠٥

١٤. د.شوکریە رەسول، هەلوەشاندنەوەی خێزانی کورد لەنێوان دەسەلاتی بەعس و مافی مرۆڤدا، هاواری ئەنفال ژمارە(١) هەولێر ٢٠٠٢، ل.٣١

١٥. ه.س.پ، ل.٣٩

١٦. دەقی ڕاپورتی بریاردەری تایبەت بۆ کومسیونی بالای مافەکانی مروڤ، وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە فەرهاد محەمەد، گوڤاری هاواری ئەنفال ژمارە(٢)، هەولێر ٢٠٠٤، ل٨٨.

١٧- مەسعود بارزانی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستانی عێراقی فیدرال.

### به‌شی چواره‌م

# گۆڕه به‌کۆمه‌ڵه‌کانی بارزانیه‌کان

## باسی یه‌که‌م
## گۆڕه به‌کۆمه‌ڵه‌کانی بارزانیه‌کان

باسی یەکەم:

## گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بارزانیەکان

تاوەکو روخانی ڕژێمی بەعس لە (٩-٤-٢٠٠٣) کەسوکاری بارزانیە شوێن بزرکراوەکان چاوەڕێی ئەوەبوون ڕۆژێك لە ڕۆژان کەسوکارە بێ سەروشوێن کراوەکانیان لە دەرگا بدەن و بگەڕێنەوە و پێیان شادبنەوە، بەڵام مخابن پاش ڕۆخانی ڕژێمی بەعس، سەدان گۆڕی بە کۆمەڵ لە شوێنە جیاجیاکانی عێراق دوزرانەوە. بەردەوام لێرە و لەوێ باس باسی گۆڕی بە کۆمەڵە، دەڵێن لە بن فلان پەیکەردا و لە بن فلانە کۆشکدا، لە فلان شوێن، گۆڕێکی بە کۆمەڵ هەیە، لە هەر شوێنێك بەهزر و خەیاڵی مروڤدا نەچێت. لە باشووری پان و بەریندا لە جێگای پارك و قوتابخانە و خواردنگە و شوێنە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، لە جێگای هەر جوانییەك گۆڕێکی بەکۆمەڵی لێیە.[1]

گۆڕە بەکۆمەڵەکان دوا هیوا و چاوەڕوانیەکی دوور و درێژی کەسوکاری بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان بوون، لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا جل و بەرگی کوردی و کلاوجامانەی سۆر پشتوێن و پیلاو و کاتژمێری...هتد منداڵ و گەنج و پیرو پەککەوتەی بارزانیەکان دۆزراونەتەوە.

بارزانیەکان چوون لە ماڵەوە ڕفێندرابوون، هەر بەو جل و بەرگانەشەوە ژێرخاك نرابوون، تەسبیح و جەمەدانەی سۆر هەمووی دەناسرانەوە، لە ژێر تۆز و لمی بیاباندا ئەو جل و بەرگانە وەك شایەدێك بۆ ئەو تاوانە دژ بە مروڤایەتییە مابوونەوە.

لە کۆتایی تەمموز و سەرەتای ئابی ١٩٨٣ لە ناوچە جیاجیاکانی بیابانی (بۆسەیە) بارزانیەکان کۆمەڵ کوژکراون، ئەم بیابانە بیابانێکی زۆر گەورەیە، رووبەرەکەی

(٢٤٥٣٢)کم[٢] نزیکەی (٥,٧)ی رووبەری عێراقە و رووبەری پارێزگای سەماوە نزیکەی (٥١٧٤٠)کم[٢]یە، سێگۆشەی سنووری نێوان عێراق _کوێت و عێراق_سعودییە پێکدەهێنێت، لە ناسریە دەست پێدەکات تا دەگاتە سنووری سعودییە، گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش لەم بیابانە لە شوێنێك شاردراونەتەوە کەپێی دەڵێن(بەسوە) لە ناوچەیەکی تریش کە ئەویش (هەریارییە)لە قۆلایی بیابانیشدا سێ ناوچەی تریش هەن بارزانیەکان لەوێش کۆمەڵکوژکراون.[٢]

لە گوندی(عادن)ی سەر بە(بوسەیە) لە بیابانی(بادیە) بە دووری (٤٤٠)کم لە سەماوە کە ویستگەی دووەمی گۆڕی بەکۆمەڵی بارزانیەکانە.[٣]

د. محەمەد ئیحسان سەبارەت بە چۆنیەتی دەرهێنانی لاشەکان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دەڵێت: (ئێمە جاری پێنجەم لە ٢٨-٩-٢٠٠٥ چووین، دوای خێمەدانان و دابینکردنی پێداویستییەکان لە ٢٩-٩-٢٠٠٥ دەستمان بەدەرهێنانی لاشەکان کرد... لە یەکەم رۆژدا توانیمان لاشەی (١٤٨) کەس بەشێوەیەکی زانستی دەربێنین، چونکە دەرهێنانی لاشەیەك بەکارێکی زانستی زۆر ئالۆزە، تو قاچ دەبینی پێویستە بە دەست و بە فلچە لە دوای قاچەکە هەموو ئێسکەکانی تر دەربێنی، تاکو هیچ بەڵگەیەك لە ناو نەچێت، چونکە ناتوانی قاچێك بێنی، سەری یەکێکی دیکەی بۆ بێنی، لە رووی یاساییەوە ئەوە قبوڵ ناکرێ، هەر لاشەیەکیش کە دەرمان دەهێنا، فایلێکی پزیشکیمان بۆ درووست کردووە، هۆی کوشتن وچونیەتی کوشتن و تەمەنی و وێنەیەکی دیجیتال لە جێگای کوشتنی و لە کاتی دەرهێنانی و چ شتێکیش لەگەڵ بووە، ئەوانە هەمووی تێدا نوسراون، چونکە ئەگەر وانەبێ لە لێکولینەوەیەکی نێودەولەتیدا ناتوانین بەکاریبێنین.

بارزانیەکان بە گوللەی میسری کوژراون...بە عەرەبی لە سەر گوللەکان نوسراوە و لە ساڵی ١٩٨٢ لە میسر درووستکراون گوللەش هەبووە لە ساڵی ١٩٨٣ درووست کراوە.

پاش گرتنی بارزانیەکان لە نێو ماڵ و خێزانیان بردنیان بۆ بیابانی بوسەیە(بصیە)تەنیا (٢٦) ڕۆژ ژیاون، خێراترین کوشتن لە عێراقدا هی بارزانیەکان بووە، درەنگترین کردەوەی کوشتنیش کێشەی بارزانیەکان بووە لەلای سەدام حوسێن... بارزانیەکان لە گۆڕیشدا جێی مەترسی بەعسیەکان بوونە ئەوەش بە شێوازی کوشتنیانەوە دەردەکەوێ. ئەو شوێنەی بارزانیەکانیان لێ شاردۆتەوە هیچ ئاسەواری روون و ئاشکرای نییە، ناوچەکە خۆی کلسی بیابانی و ڕەملییە. لە دوای کوشتنیان ئاویان بەتانکەر لێ ڕەشاندووە تاکو یەکسان بێ لە گەڵ زەویدا.

رائید(عاسی ابراهیم) لە ئاسایشی گشتی، سەرپەرشتی کوشتنی بارزانیەکانی کردووە، سەدام پلەی بەرزدەکاتەوە و دەیکاتە (عەمید)دەست بە خوێندنی دکتورا دەکات لە بواری یاسا، دواتر لە کۆلیژی پولیس دەبێتە ماموستا و تا هەفتەیەك پێش ڕوخانی ڕژێمی بەعس وانەی گوتووتەوە. بەرێوەبەری ئاسایشی ئەوکاتی موسەننا ناوی (خلف الحدیثی)بووە، لە کاتی ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ بەرێوەبەری ئاسایشی سلێمانی بووە و ئەو کات لەلایەن خەڵکی ڕاپەریوەوە کوژراوە. ناوبراو سەرپەرشتیاری سەرەکی بووە لە کوشتنی بارزانیەکان، زۆربەیان بە "سینگل شەت"کوژراون، گوللەیەك لە پانکەسەر(پشتەوەی سەر) کاتی سەیری لاشە دەکەی لەناو گۆڕ، دەزانی ئەوانە زۆربە ئاسوودەیی کوشتوویانن ... بە پرۆسیسێکی رێکخراوە کوژراون. سیاسەتێکیان هەبووە لەو بارەوە کە ئینکارێکی تەواو لەو مەسەلەیە بکەن، وەك لە بەڵگەنامەیەکدا دیارە خودی سەدام حوسێن خۆی رێنمایی دەداتە دەزگا ئاسایشیەکان پێیان دەڵێت: ئەگەر یەکێك لە چارەنوسی ئەو بارزانییانە بپرسی، من پێتان دەڵێم بڵێن: ((بێجگە لە سەرۆکایەتی دەولەت کەس هیچ لەو بارەیەوە نازانێ)).

دوای کوشتنی بارزانیەکان پاش چەند مانگێك داوا لە (محكمة الثورة) دەکەن کە قەزییەیان بۆ درووست بکەن دوای کوشتنیان، لێرەدا بەدیار دەکەوێت هەتا لە

گۆڕیشدا لە بارزانیەکان ترساون، داوا لە (عواد بندر) دەکەن ئەوکات سەرۆکی دادگای شۆڕش بوو، ئەویش بە نوسراوێك وەڵام دەداتەوە و دەڵێ توانیمان تەنیا (١٦) قەزیە بۆ (٦٦٧) کەس درووست بکەین، لە سەر بنەمای ئەو (١٦) قەزیە حوکمی لە سێدارەدان بۆ (٦٦٧) کەسی مردوو دراوە...

قڕکردنی بارزانیەکان زیاتر لە سەر(فازل بەراك) سکرتێری سەدام حوسێن ساخ دەبێتەوە، دواتر بووەتە سەرۆکی دیوان، هەروەها خودی سەدام حوسێن خوی.

لە کاتی ژێر خاککردنی بارزانیەکان کێشەی شوفلیان هەبووە چون شوفلێ ببەنە بیابان، پەیوەندی بە شارەوانی سەماوە دەکەن پێیان دەڵێن شوفلێك لە ناسرییە بێنن، شوفلێك لە وێ دێنن، شوفێرەکە گەنجێکی بەسەزمانە، کاردەکات تەحەمولی نامێنێ و شێت دەبێ دەست بەگریان دەکاو کارناکات، شوفێرەکەش دەکوژن.

خاوەن شوفەلێکی تر دێنن لە نوگرە سەلمان، کە ٢٠٠ کم لە شوێنەکەوە دوورە. شوفێرەکە کاریان بۆ دەکات، بەڵام عەدالەتی خوا وا لەم شوفێرە دەکات کە شێت ببێ، چەند ساڵێك بەر لە ئێستا مردووە. خێزانی شوفێری دووەم دەڵێت: (( پاش تەواوبوونی کارەکەی گەڕاوەتەوە نەیتوانی لە سەر شوفڵ کاربکات، دووچاری یەك دوو رووداوی ئوتومبێل دەبێت، لە دوایدا دەبێتە شێتێکی تەواو، ژنەکەی دەڵێت: هیچ کاتێك ئەو دیمەنانەی لە خەیاڵ دەرنەچووە، هەردەی گوت چون وام کرد... چون وام کرد؟!...))[٤]

سەدامی دکتاتور بەو تاوانەی دەیان ساڵ بوو میللەتێکی بەو ئازارە هێشتەوە، ئامادە نەبوو تەرمی پیرۆزیان بۆ کور و کچ و خێزان و دایکەکانیان بگەڕێنێتەوە، ئەمە جگە لە ئازاری بردنی نێرینەکان و هێشتنەوەی کچ و ئافرەت و دایك و خوشك بە بێ پیاو، ئەوە تاوانێك بوو سەدام و حزبی بەعس بۆ مرۆڤایەتیان سەلماند کە ئەوان و رژێم و ئایدیۆلۆژیا شوفێنزمەکەی ئەوان زەرەیەك کەرامەتی ئەخلاقی و مرۆیی و ئاینییان لەلا نەمابوو.

لە نێو گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا چەند ناسنامەیەك وەك بەڵگە بۆ ئەو تاوانە ڕەشە مابوون، یەکێك لە ناسنامەکان هی جینۆسایدکراو(ئەسعەد عەلی جان عەلی)یە خەلکی گوندی بازێ سەر بە دەڤەری بارزان، لە نێو گۆڕێکی بە کۆمەڵدا دۆزراوەتەوە، لە دایك بووی ساڵی(١٩٤٥)ە و لە ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ هەشت هەزار نێرینەی بارزانی کۆمەڵکوژکراوە، خێزانەکەی بەناوی (بەسنا مستەفا الیاس)[٥] تەمەن(٥٩) ساڵ دەبێژیت: ((بەر لە بانگی بەیانی سوپا و لەشکر دەوری ئۆردوگاکەمانی گرتبوو، ئەو بەیانییە وەك بەیانییەکانی تر نەبوو دەنگی ئۆتومبێل و دەنگی تانکی و لەشکر زۆر دەهات... سەربازەکان بێ حورمەتانە بە ناو ماڵەکان کەوتن، بەر لەوەی بگەنە ماڵی ئێمە گوتم (ئەسعەد)خۆت بشارەوە، بەڵام (ئەسعەد) گوتی: نەخێر نامگرن، بۆ دەمگرن، خزمەتی سەربازیم تەواوکردووە، هیچ تاوانێکم نەکردووە، سەرپێچی یاسام نەکردووە، نامگرن. لە ناکاو سەربازەکان بە ناو ماڵمان کەوتن(ئەسعەد)یان گرت و برد، هندێك پارەم دایە (ئەسعەد) بەڵام وەری نەگرت، گوتی پارەم پێیە، ئەو پارەیە با لە لات بێت بۆ منداڵەکان خەرجی بکە، لە ناو مندالەکاندا (ئەسعەد)یان بردو هاوار و گریان و نزا و پاڕانەوەی ئێمە و منداڵەکان بێ سوود بوو، هەموو کەسوکارمان گیران ئێمەش بە ڕەزیلی و بێ کەسی لەو ئۆردۆگایانەماینەوە، هەرچاوەرێ بووین بگەڕێنەوە، ئەمرو نا سبەی هەرپێیان شاد دەبینەوە. بەڵام ئەفسوس ئێسکەکانیان بۆ هێنایەنەوە، ناسنامەکەی هاوسەرم(ئەسعەد)یان بوو هێنامەوە...))

# وێنە و دیکۆمێنتەکانی بەشی چوارەم


رئاسة المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان
المديرية رئاسة صحة محافظة اربيل
الاسم اسعد علي جان شي

**وێنەی ژمارە (١٦) ناسنامەی جینوسایدکراو ئەسعەد عەلی جان عەلی پاش ٢٢ لەنێو گۆڕی بەکۆمەڵدا بۆ سەلماندنی ئەم تاوانە چەپەلە خوی زیندوو ڕاگرت.**



**وێنەی ژمارە(١٧) جینوسایدکراو ئەسعەد عەلی جان عەلی**



١ – محل وتاريخ ولادة حامل الشهادة
٢ – الجنسية السابقة
٣ – الديانة
٤ – العلامات الفارقة
٥ – اسم الأب الكامل
٦ – محل
٧ – اسم
٨ – محل
٩ – تبعة
١٠ – تبعة الام الاصلية وجنسيتها الحالية
الملاحظات ( تكتب بالحبر الاحمر )

توقيع حامل الشهادة

بطابع ٦٢٥ فلسا



**وێنەی ژمارە(١٨) ڕەگەزنامەی عێراقی ئەسعەد عەلی جان عەلی کە خێزانەکەی وەك وەفایەك تاکو ئێستا پاراستوویەتی.**



**وێنەی ژمارە (١٩)کاتژمێر و تەسبیحەکان توانیان خۆ ڕاگر بن بەرامبەر بە بارۆڤی بیابان.**



وێنەی ژمارە (٢٠) ناسنامەکانیش وەك وەفاداریەك بۆ خاوەنەکانیان ئەمرۆ دەپەیڤن.



وێنەی ژمارە (٢١) روحەکان بوون بە فریشتە و کلاو و دوخینی دروستکراوی دەستی دایکان بوون بە یادگاری بۆ نەوەکانی داهاتوو.




**وێنەی ژمارە (٢٢) ئەلقەکانیش گەر زمانیان هەبووایە پڕ تراژیدیاترین داستانی خۆشەویستیان تۆماردەکرد.**



**وێنەی ژمارە (٢٣) تا دوا سات پارێزگاریم لە خاوەنەکەم کرد.**



وێنەی ژمارە (٢٤)دوای چەندین ساڵ ململانێ لە گەل خاکی بیابان، ئیوەش وەکو خاوەنەکانتان تامەزرۆی گەڕانەوەبوون.



وێنەی ژمارە (٢٥) ئێوە بەبێ خاوەنیش نموونەی میللەتیکی زولم لێکراون.



وێنــەی ژمــارە(٢٦) ســەدام و دارودەســتەکەی، نــوگرە ســەلمان و بیابانەکــەی، عــەلی حەســەن و کیمیاوییەکەی، نەیانتوانی لە ناوت بەرن، چونکە تۆ سومبۆلی ئاشتی و یەکسانی و دادپەروەری.



وێنەی ژمارە (٢٧)خاك و خۆڵی بیابانەکانیش نەیانتوانی لە ناوت بەرن.



وێنەی ژمارە(٢٨) من خاکێکی سەربلندم چونکە بێتاوانترین مرۆڤ لە باوەش دەگرم.



وێنەی ژمارە(٢٩) ئامادەکردنی گۆڕ بۆ بارزانیە جینوسایدکراوەکان. بارزان



وێنەی ژمارە(٣٠) ئامادەکردنی گۆڕ بۆ بارزانیە جینوسایدکراوەکان. بارزان



وێنەی ژمارە(٣١) ئامادەکردنی گۆڕ بۆ بارزانیە جینوسایدکراوەکان. بارزان



وێنەی ژمارە(٣٢) ئامادەکردنی گۆڕ بۆ بارزانیە جینوسایدکراوەکان. بارزان



وێنەی ژمارە(٣٣) مەراسیمی هینانەوی روفاتی بارزانییە کۆمەڵکوژکراوەکان لە فرۆکەخانەی نێودەولەتی هەولێر.




وێنەی ژماره(٣٤) مەراسیمی هینانەوی روفاتی بارزانییه کۆمەڵکوژکراوەکان له بارزان.




وێنەی ژماره(٣٥) مەراسیمی هینانەوی روفاتی بارزانییه کۆمەڵکوژکراوەکان له بارزان.




وێنەی ژمارە(٣٦) ناشتنی روفاتی بارزانییە کۆمەڵکوژکراوەکان لە بارزان.




وێنەی ژمارە(٣٧) پاش چەندین ساڵ چاوەروانی ئەمرۆ لە سەر تابوتی باوکی بە ئازادی دەگرییێت.



**وێنەی ژمارە(٣٨) بە ڕاگواستن و ئاوەربوون و جینۆسایدکردنی، بارزان و بارزانیەکان لە ناو ناچن و نەمرن .**



**وێنەی ژمارە(٣٩) سەدەیەکە ڕەشپۆشی ناسنامەتانە.**



**وێنەی ژمارە(٤٠) ئیتر نزای دایکان، لە سەر گۆڕەکانتانە.**





**وێنەی ژمارە(٤١) گۆڕستانی بارزانییە جینۆسایدکراوەکان/ بارزان**

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

١. ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، بیابان و چیا، پەرجان، ژمارە(٣) تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥، ل٢.

٢.عەدالەت عومەر، لە (٢٢)وەمین ساڵیادی ئەنفالی بارزانیەکاندا بیابانی(بوسەیە)دوزەخی کەم ژیان و کەل ژیان، هەفتەنامەی گوڵان، ژمارە(٥٤٧)هەولێر ٢٠٠٥، ل٣٨.

٣.ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی دوای ڕۆخانی ڕژێمی بەعس دۆزراونەتەوە، هەفتەنامەی گوڵان، ژمارە(٥٣٢)، هەولێر ٢٠٠٥، ل١٣.

٤. د.محەمەد ئیحسان، دیداری تایبەت لە گەڵ د.محەمەد ئیحسان سەبارەت بە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بارزانیە ئەنفالکراوەکان، هەفتەنامەی (میدیا) ژمارە(٢١٤) هەولێر ٢٠٠٥، ل٨ (بەشێوەیەکی پچرپچر سودم لەم دیدارە بینیوە).

٥.چاوپێکەوتن لە گەل (بەسنا مستەفا ئەلیاس) گوندی بازێ ٢٠٠٧.

## تەوەرەی دووەم

## لایەنی پڕاکتیکی

*بەشی پێنجەم*

# ستراتیژیەتی توێژینەوەی مەیدانی

**باسی یەکەم:**

پرسی توێژینەوە

**باسی دووەم:**

گرینگی توێژینەوە

**باسی سێیەم:**

ئامانجی توێژینەوە

**باسی چوارەم:**

گرێمانەکانی توێژینەوە

**باسی پێنجەم:**

میتۆدی توێژینەوە

**باسی شەشەم:**

نموونەی هەلبژێردراو

**باسی حەوتەم:**

کۆمەلگای توێژینەوە

**باسی هەشتەم:**

سنووری توێژینەوە

**باسی نویەم:**ئاستەنگەکانی توێژینەوە

**باسی دەیەم:** کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

باسی یەکەم:

## پرسی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی و کۆمەلأیەتی بەرلەوەی توێژینەوەی لە سەر ئەنجام بدرێت گرفتێکە لەلای توێژەر گەلالە بووە، ئەم گرفتە وادەکات کە توێـژەر هانبـدات بۆ ئەوەی توێژینەوەی لەسەر بکات.

پرسـی ئـەم توێژینەوەیـەش لـەو ئاکامـە کۆمەلأیـەتی و دەروونـی و دیمـۆگرافی و ئابوورییـە جیاجیانـەدا کـورت دەبێتـەوە کـە لـە ئـەنجامی لـە نـاوبردنی نێرینـەی بارزانیەکان لە ماوەی ٢٧ بیست وحەوت سالْی ڕابردوودا سەریان هەلْداوە.

باسی دووەم:

## گرینگی توێژینەوە

گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەم خالانە دا کورت دەبێتەوە:

١. هەنگاوێکـە بـۆ تێگەیشـتن لـە چـونیەتی بـارودۆخی کەسـوکاری بارزانیـە کۆمەلْکوژکراوەکان و کاریگەرییەکان لەسەر رەوتی ژیانیان.

٢.تیشـك دەخاتـە سـەر لایـەنی دیمـۆگرافی و ئـابووری و کۆمەلأیـەتی و دەروونـی، دەرخسـتنی هەلوێسـت و هەسـتی بـەجێماوەکان کـە بەهۆیـەوە، کۆمـەلێك لایـەنی شـاراوە تێدەگـەین کـە ئـەم کارەسـاتە تاچـەند ڕەنگـی داوەتـەوە لـە سـەر کەسـێتی و ستراکتەری خێزان لە ئەنجامی قڕکردنی نێرینەکان.

٣.یەکەم جارە بە شێوەیەکی ئەکادیمی توێژینەوە لە سەر کۆمەلْکوژی بارزانیەکان و ڕەوشـی بـەجێماوەکانیا دەکرێـت و لـە سـەر بنـەمای زانسـتی ڕەوشـی دیمـۆگرافی، ئابووری، کۆمەلأیەتی و دەروونی بەجێماوەکان شیدەکرێتەوە و دەخرێتـە بـەر بـاس و توێژینەوە.

باسی سێیەم:

## ئامانجی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی سەرەکی دەستنیشانکردنی ڕەوشی دیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی بەجێماوی بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان، خستنە رووی ئەو گیروگرفتانەی کە بەجێماوەکان بە دەستییەوە دەناڵێنن. پێشکەشکردنی چەند پێشنیارو ڕاسپاردە بۆ چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی کاریگەرییە خراپەکان لە سەر کەسوکاریان، بە پشت بەستن بە بنچینەی زانستی.

لایەنە پەیوەندیدارەکان بجولێنن بۆ ئەوەی هەوڵی تەواو بدەن بۆ چاککردن و بایەخدان بە ڕەوشی ژیانی کەسوکاری بارزانییە کۆمەڵکوژکراوەکان دانان و دارشتنی بەرنامە و پلان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

باسی چوارەم:

## گریمانەکانی توێژینەوە

یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکانی توێژینەوەی زانستی، کۆمەڵێك پرسیارە کە مێشکی توێژەری داگیرکردووە، توێژەر بەشێوەیەکی گریمانە دەیانخاتە روو، ڕێگەیەکە بۆتێگەیشتن لە دیاردەکان و ڕاڤەکردنیان. دارشتنی گریمانەش لە توێژینەوەکاندا بایەخی گرینگی هەیە، گریمانەکانی ئەم توێژینەوەیەش لەم چەند خالانەی خوارەوە کۆ دەکرێتەوە:

١. بووە هۆی خراپی باری دارایی و ئابووری و کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕەوشی ژیانی کەسوکاری بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان.

٢. پاش کۆمەڵکوژی بارزانیەکان بەها کۆمەڵایەتیەکان، ترادسیون، ڕەفتار و هەلسوکەوتی کۆمەڵایەتی و کۆلتوور گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

٣. ئەم کارەساتە بووە هۆی بلاوکردنەوەی نەخوێندەواری.

٤. قڕکردنی نێرینەی بارزانیەکان بووە هۆی پەرتەوازەبوون و تێکدانی شیرازە و ستراکتەری خێزان.

٥. بێوەژنە بارزانیەکان شوناکەنەوە لەبەر مەسائیلی عەشایری و بەخێوکرنی منداڵەکانیان.

٦. قڕکرنی نێرینەی بارزانیەکان کاریگەری خراپی لەرووی دەروونیەوە کردووتە سەر ئەندامانی بەجێماو.

٧. تێکدان و شێواندنی دیمۆگرافی.

٨. تاوانە یەك لە دوا یەکەکانی ڕژێمی بەعس دەرهەق بە بارزانیەکان هەستی نەتەوایەتی بارزانیەکانی بەهێزتر کردووە.

٩- مەبەستێکی تری ڕژێم سوکایەتیکردن بوو بە ڕەوشت و کەرامەت و ئاین و بیروباوەری ئافرەت و منداڵە بارزانیەکان لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا.

**باسی پێنجەم:**

## میتۆدی توێژینەوە

ئاشکرایە لە توێژینەوە مەیدانیەکاندا لە سەر توێژەر پێویستە ئەو میتۆدە (Method) زانستیانە بەکاربهێنێت کە دەکرێ لە میانەوە ئەو ئامانجانە بپێکی کە باسەکە بۆی دەچێت، هەر توێژینەوەیەك دەشێ زیاتر لە ڕێبازێکی توێژینەوەی تیدا بخرێتەکار، ئاوێتەکرنی ڕێبازەکان، بەکارهێنانی زێتر لە یەك ڕێباز لە توێژینەوەدا ئەویش بۆ کامڵترکردن و بەسەر داشکانە. ڕێبازەکانی توێژینەوە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، لەو روەوە ئاساییە لەیەك توێژینەوەدا چەندین ڕێباز بەکاربهێنرێت.[1]

پرۆژەی لە ناوبردنی بارزانیەکانیش دیاردەیەکی ئالۆزە، بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردن و تێگەیشتنی پێویستیمان بە زیاد لە میتۆدێکی شیکردنەوە هەیە.

ئەم توێژینەوەیەش پشتی بە کۆمەڵێك میتۆد بەستووە:

**١- میتۆدی مێژوویی (Historical method):**

لەم میتۆدە ئەو هۆکارە مێژووییانە خراونەتە ڕوو کە کاریگەریان هەبووە لەسەر بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان و گەشەکردنیان لە واقعی کۆمەڵایەتی و پەیوەست بوونیان بە ئاسەوارەکانی کۆمەڵکوژی بە ڕابردوویەکەیەوە. ڕەوشی دیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەلایەتی و دەروونی بە جێماوی بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان پێویست بەوە دەکات بگەڕێنەوە دواوە و تیشك بخەینە سەر ماوە و کاتی کارەساتەکە.

**٢- میتۆدی بەراوردکاری (comparative method):**

بریتیە لەو ڕێبازەی کە توێژەر لە ڕێگایەوە دەتوانێت سیمای گشتی دیاردەیەکی بۆ دەربکەوێت جا چ لەڕابردوو، یاخود لە کاتی ئێستا یان لە داهاتودا بێت ئەمەش لە ڕێگەی دیاریکردنی خاڵە جیاواز و لێکچووەکانی نێوان دوو دیاردە، یاخود دوو کۆمەڵ، زانینی پلەی پێشکەوتن و یان دواکەوتنیان.[٢]

هەنگاوە زانستیەکانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەش وا دەخوازێت ڕەوتی مێژوویی پرۆژەی لە ناوبردنی بارزانییەکان بخرێتە ڕوو، لێکدانەوە و هەلسەنگاندن بۆ هۆکارو ئەنجامەکانی و بەراوردکردنی نێوان قۆناغی پێش کۆمەڵکوژی و دوای کۆمەڵکوژی لە چوارچێوەی ماوەی بابەتی توێژینەوەکە ئەنجام بدرێت، بۆیە میتۆدی بەراوردکاری لە زۆر شوێندا بەکارهاتووە.

**٣- میتۆدی ئاماری (Statistical method):**

توێژەرە کۆمەلایەتییەکان لەڕێگای بەکارهێنانی ئەم ڕێبازە، هەڵدەستن بە گۆڕینی ئەنجامی دیراسەکانیان بۆ ژمارەی ڕێکخراو لە ناو خشتەکاندا، یاخود زۆر لە ئەنجامەکان بەشێوەی وێنە بەیانیەکان دەردەبڕن. بەشێوەیەکی دی ئەم ڕێبازە بریتیە لە گۆڕینی دیاردەکان لە چۆنی بۆ بڕی کە لە شێوەی هێماو ژمارەی دانراو دیاری دەکرێن. لە ڕێبازی ئاماریدا توێژەر هەوڵدەدات کەرەستە ئامارییەکان وەکو (وێنەو بەیانات و خشتە و هاوکێشە بیرکارییەکان) بۆ دیاری کردنی بەهاو دیاردەو

پەیوەندیە دیاریکراوەکان بەکاربهێنێت، هەروەها هەڵدەستێت بە روونکردنەوە و شیکردنەوەیان، بە جۆرێك یارمەتی تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوەکە بدات.[٣]

باسی شەشەم:

## نموونەی هەڵبژێردراو

هەلبژاردنی نموونە بە قۆناغێکی گرنگی پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوە دادەنرێت و خستنەڕوو وەسفکردنی تایبەتمەندیەکانی نموونە بە یەکێك لە شتە زۆر پێویستەکان لە قەڵەم دەدرێت بە تایبەتی لە توێژینەوە مەیدانیەکاندا. کە دەرئەنجامی سەرکەوتن و هەرەسهێنانی توێژینەوەکەی لەسەر بەندە. نموونەی توێژینەوەش بە رێژەیی گۆزارشت لە کۆی کۆمەڵە دەکات کە توێژەر دەیەوێ لێیان بکۆڵێتەوە.

نموونە -عەینە- (Sample) وا پێناسە دەکرێ کە بەشێکە لەو کۆمەڵگایەی بە گوێرەی رێگاو پرەنسیپی زانستی دیاری دەکرێت و بە شێوەیەکی ڕاست و درووست نوێنەرایەتی سەرجەم گۆمەڵگای توێژینەوە دەکات[٤] نموونە واتە هەڵبژاردنی رێژەیەکی دیاریکراو لە شتێك یان دەرهێنانی رێژەیەکی دیاریکراوە لە تاکەکانی کۆمەڵگای لێکۆڵڕاو واتە نموونەیەك هەڵبژێرێ (ئەگەر کەمیش بێت) وێنەی سەرجەم کۆمەڵەکە تێدا دەربکەوێ، دیراسەکردنی گشت یەکەکانی کۆمەڵ پێویستی بە تواناو ماوەیەکی زۆر هەیە، بۆیە توێژەران ناچارن بەشێك لە کۆمەڵ وەرگرن.

لەم توێژینەوەیەدا نموونەی (تۆپەڵە بەفری سەراولێژ) هەلبژێردراوە لە نێوان جۆرەکانی نموونە بۆ توێژینەوەی کۆمەڵگای باسەکە. نموونەی تۆپەلە بەفری سەراولێژ یەکێکە لە جۆرەکانی نموونەی مەبەستدار، کەئەم جۆرە وەك ئەوە وایە کە تۆپەلە بەفرێك لە سەرەوە بۆ خوارەوە سەراولێژ دەکرێت و لە ئەنجامی ئەوەدا

بەرەبەرە گەورە دبێت. ئەم جۆرە نموونەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧١ لەلایەن زانای ئەمریکی (تینهوتن) بەکارهێنراوە.
توێژەر سەرەتا لە تاکە کەسێکەوە دەست پێدەکات کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیەو زانیاریەکانی لێوەردەگرێت، ئەمە وەك خاڵی دەسپێك یا تۆپەلە بەفرە بچوکەکە سەیردەکرێت، دواتر پرسیار لەو کەسە دەکرێت کە کێی تر پەیوەندی بە هەمان بابەتەوە هەیە، بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە رادەی پێویست.
توێژەری ئەم توێژینەوەیەش بە هەمان شێوە لە کەسێکەوە دەستی پێکردووە، بە پێی پرسیارکردن گەڕاوە بە دوایاندا و کەسانی تری دەستکەوتووە، تا بووە بە (١٢٥) سەدو بیست و پێنج کەس وەك نموونە بۆ پرسیارنامەکە، لە هەمان کاتیشدا کەسان هەبوونە زانیاری زۆر و تێرۆ تەسەلیان لەلابووە توێژەر چاوپێکەوتنی لەگەل کردوون نزیکەی (٥٠) چاوپێکەوتن دەبێت، کە زۆربەیان چاوپێکەوتنی تێرۆ تەسەلن.
وەرگرتنی نموونەکە لە جۆری نموونەی قەبارە بچوکە (عینە صغیرە الحجم) کە پێکهاتووە لە (١٢٥) یەکە (مبحوث).

باسی حەوتەم:

## کۆمەڵگای توێژینەوە

کۆمەڵگا یاخود (کۆمەڵگای ئاماری) بریتیە لە هەموو ئەو یەکانەی لە نیو دیاردەی بابەتەکەن کە توێژینەوەی لەسەر دەکرێ. جا ئەگەر بێتو ئەو کۆمەڵگایە پێکهاتبێت لە (کێش، تاکەکان، شمەك، چینراوەکان لە ناوچەیەکی دیاری کراو یان کۆمەڵێك ئاژەڵ[(٥)] ...هتد).
کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان (ڕەوشی دیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی بەجێماوەکانی بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان) لە خۆدەگرێت.

لە بەر ئەوەی شوێنبزکردنی بارزانیەکانیش تەنیا یەك قۆناغ نەبوو لە ماوە و شوێنی جیاواز ئەنجامدرا. بوویە هەموو ئەو شوێنانەی بەجێماوی بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان لێ نیشتەجێن بە پێی توانا وەرمانگرتوون.

باسی هەشتەم:

**سنووری توێژینەوە**

زۆربەی کۆمەڵناسان و باسکاران و توێژەران لە سەر ئەوە کۆکن کە پێویستە سنووری توێژینەوە دیاری بکرێت. دیاریکردنی سنوورەکانی ئەم توێژینەوەیەش سێ سنوور لەخۆدەگرێت:

أ. سنووری مرۆیی: ئەو خەلکانە دەگرێتەوە کە کەسوکاری بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکانن ، ئەو خێزانانەی کە کەسێك یان زیاتریان لێ کۆمەڵکوژکراوە. هەروەها ئەو کەسانەی وەك نموونە (عینە) وەرگیراون مەرج بوو تەمەنیان لە (٣٦) ساڵ کەمتر نەبێت. چونکە زیاتر لە (٢٧)ساڵ بە سەر ئەم تاوانە تێپەریوە نەدەکرا تەمەنی بچوکتر وەرگرم.

ب. سنووری شوێنی: سنووری شوێنی ئەم توێژینەوەیە هەموو ئەو شوێنانە لە خودەگرێت کە بەجێماوی بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان تێدا نیشتەجێن لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراق. بروانە خشتەی ژمارە( ).

ج. سنووری کاتی: ئەو ماوەیە دەگرێتەوەی کە توێژینەوەی تێدا ئەنجامدراوە، لایەنی تیۆری لە ٢٠٠٦/١١/١٧ دەستیپێکردووە ٢٠٠٩/٧/١٩ کوتایی پێهاتووە، بەلام لایەنی مەیدانی لە ٢٠٠٧/١/٨ دەستیپێکردووە لە ٢٠٠٧/٥/٥ کوتایی پێهاتووە.

باسی نویەم:

**ئاستەنگەکانی توێژینەوە**

گومانی تێدا نییە کە توێژەر لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوە دووچاری کۆمەڵێك گیروگرفت بووە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

١. ئاستەنگی زانستی؛ ئەویش نەبوونی سەرچاوەی ئەکادیمی لە بارەی کۆمەڵکوژی بارزانیەکان و ڕەوشی بەجێماوەکانیان، جگە لە چەند وتار و ڕاپورتی ڕۆژنامەنووسی.

٢. نەخوێندەواری نموونەی توێژینەوە، کەمی ئاستی خوێندنی بەجێماوەکان گرفتێکی سەرەکی توێژینەوەکە بوو.

٣. بێ ئاگایی و شارەزانەبونیان لە توێژینەوە زانستییەکان، چونکە ئەوان پێیان وابوو بەرژەوەندییەك لە پشت ئەنجامدانی ئەم ڕاپرسییە هەیە، بوویە هەندێ جار ناچار پرسیارێکمان بە چەند شێوەیەك دەکرد بۆ ئەوەی زانیاری تەواو بەدەست بهێنین.

٤. دووری شوێنەکان لە یەکتر و نەبوونی هۆی گواستنەوە و دەرماڵەی تایبەت بە خەرجیەکانی کاری مەیدانی.

باسی دەیەم:

**کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**

توێژەر پەنای بردووتە بەر ئەو کەرەستانەی کە لە توێژینەوە مەیدانیەکاندا بەکاردێن، پشتی بە زێتر لە کەرەستەیەکی کۆکردنەوەی زانیاری بەستووە بۆ ئەوەی دواجار ڕێژەیەکی زۆری داتاو زانیاری لەلا گەڵاڵە ببێت.

توێژەر لەلایەنی پراکتیکی پشتی بەم کەرەستانە بەستووە:

**١.چاوپێکەوتن (Interview)**

یەکێك لە شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری چاوپێکەوتنە. ماکۆگی و ماکۆبی (Macoby).( Maccogy) پێناسەی چاوپێکەتن بەو جۆرە دەکەن کە: کار لە یەککردنێکی سەر زارییە، لە نێوان دوو تاکدا لە هەڵوێستێکی رووبەروودا بەرپا دەبێت، کاتێك لانی کەم هەوڵدەدات هەندێ زانیاری دەربڕێت و لای بەرامبەرەکەی بورۆژێنێت کە پەیوەندیان بە شارەزایی بیرو ڕاو بۆچونەکانەوە هەیە.(٦)

توێژەر سوودی لە چاوپێکەوتن وەرگرتووە لە رێگەی دانیشتن و گفتۆگۆکردنی رووبەروو لە گەل تاکەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، چاوپێکەوتن لە گەل کەسوکاری بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان کە بە هۆیەوە توێژەر زانیاری پتری بە دەست هێناوە، هەندێك لە چاوپێکەتنەکان چاوپێکەوتنی چڕ و تێرو تەسەلن (Interview Focused) هەندێکیش چاوپێکەوتنی ئازادن.

لەرێی چاوپێکەوتنەوە زیاتر ئەو زانیاریانە بەدەست دەکەون کە لە رێگەی چاودێریکردنەوە بە ئاسانی و باشی ناتوانرێت بەدەست بهێنرێت. بۆ نموونە زانینەکان، بیرو باوەرەکان، حەزو ئارەزووەکان، دۆخ و تایبەتمەندیەکانی تاکەکان، گرووپەکان کۆمەڵگا سنووردارەکان.(٧)

### ٢.چاودێریکردن(Observation)

چاودێریکردن بە شێوەیەکی روون و دیار، شێوەیەکی سەرەکی کۆکرنەوەی زانیارییە لەبارەی جیهانی دەوروبەر چاودێریکەر دەتوانێت چاودێری بارودۆخی نموونەکە بکات و لە گرفت و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و پەیوەنییەکانیان ئاگادار بێت.

توێژەر یەکێکە لە بەجێماوی کۆمەڵکوژی بارزانیەکان تەمەنی کەمتر لە ساڵێك بووە کە باوکی لە گەل (٨) هەشت هەزار نێرینەی بارزانی زیندەبەچاڵکراوە، لەو کاتەوە تا ئێستا لە نێو کەسوکاری کۆمەڵکوژکراوەکان و ئۆردوگا زۆرەملێیەکان دەژیت و

ئاگاداری ئەو گۆڕانانەیە کە بەسەر داب و نەریت و هەڵسوکەوت و شێوازی ژیانیان هاتووە، بۆیە دەشێ بە چاودێریکەرێك لە قەڵەم بدرێت.

٣.**پرسیارنامە (فۆرمی ڕاپرسی)** (questionnaire) فۆرمی ڕاپرسی بریتیە لەو بەلگەنامەیەی کە بەهۆی ئەمەوە زانیاری و شارەزایی لە بارەی دیاردەی بابەتی توێژینەوەکە کۆدەکرێتەوە.

کۆمەڵێ پرسیاری گشتی و تایبەتی لە خۆ دەگرێت کە کۆمەڵی یەکەم دەربارەی ڕەواڵەت و باری ژیانی تاکاکەنی نموونەی توێژینەوەکەیەوە. لە پرسیارنامەدا پێویستە ئامانجی توێژینەوە یاخود ئەو گریمانانەی کە مەبەستمانن بە تەواوی روون و ئاشکرابن و تا بکرێت لەفراوانی بابەتەکە کەم بکرێتەوە و بابەتەکە سنووردار بێت.[٨]

پرسیارنامەی ئەم توێژینەوەیەش لە (٢٧) پرسیار پێکهاتووە. (٨) پرسیار گشتین و(١٩) پرسیار تایبەتن بە بابەتی توێژینەوە لە پرسیارنامەکەدا پرسیارەکان بە هەردوو شێوە (کراوە) و (داخراو) خراونەتە روو.

پرسیارەکان بەسەر چوار بواری سەرەکیدا دابەشکراون بەم شێوەیە:

أ. بواری دیمۆگرافی: وەکو پرسیارکردن دەربارەی تەمەن، ڕەگەز، لە دایکبوون، تەمەن و ژمارەی کۆمەڵکوژکراوەکان و بەجێماوەکانیان... هتد.

ب. بواری ئابووری: لەم بوارەدا پرسیارەکان دەربارەی پیشەی ئەندامەکانی خێزان، پیشەی کۆمەڵکوژکراوەکان پێش کۆمەڵکوژی کردنیان، باری ئابووری لە هەر دوو قۆناغی پێش کۆمەڵکوژی و دوای کۆمەڵکوژی... هتد.

ج. بواری کۆمەڵایەتی: لەم بوارەدا پرسیارەکان دەربارەی باری کۆمەڵایەتی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە، باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵکوژکراوەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان، داب و نەریتی کۆمەڵایەتی... هتد.

ء. بـواری دەروونـی: پرسـیارەکان دەربـارەی حالـەت و نەخۆشـییە دەرونییـەکانی بەجێماوەکان و... هتد.

دوای ئـەوەی فـۆرمێکی سـەرەتایمان ئامـادەکرد و پێشـانی ژمارەیـەك شـارەزا و ماموستایانی زانکۆمان دا، ئەوانیش تێبینی خۆیان لە سەر نووسی و پرسیارەکانمان دارِشتەوە بە شێوەیەکی پۆخت ئینجا (١٥) فۆرممان وەك تاقیکرنەوەیەکی سەرەتایی (Pre Test) بەسـەر نموونەیـەك لـە کۆمـەڵگای (هـردان)دا دابەشـکرا، دواتـر فۆرمەکانمان بە شێوەیەکی پۆختر دارِشتەوە و پاشان ئـەو فۆرمـە بەسـەر(١٢٥) یەکـە (عینە) دابەشکران کە کەسوکاری بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان بوون.

دانەیەك لەم پرسیارنامەیە لە دواوەی ئەم توێژینەوە هاوپێچکراوە.

٤. هەندێ کەرەستەی تریش بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتوون وەك:

- تۆمارکردنی دەنگ.
- وێنەی فۆتۆگرافی.
- بەڵگەنامەی تایبەت بە جینۆسایدکردنی بارزانیەکان.

**٥.کەرەستەی ئاماری:**

لـەم توێژینـەوەدا جگـە لـە بـەکارهێنانی خشـتە بـۆ خسـتنەرووی زانیارییـەکان، نەخشەو بەیانات و هێلکاریش بەکارهاتوون بۆ شیکرنەوە و ڕاڤـەکردنی زانیاریـەکان وەك؛ شریتی بەیاناتی ئاسایی (تاکی)؛ شریتی بـەیاناتی ستوونی تێکـەڵاو؛ هێلکاری بە ڕێبازی هیستوگرام...هتد.

لە بواری مەیدانیدا چەند ئامرازو کەرەستەیەکی ئاماریش بە پێویست زانراوە:

١. بەکارهێنانی ڕێـژەی سـەدی (٪) ئـەو بەهایەیـە کـە قـەبارەی ڕێـژەیی بـۆ کۆمەڵـە بەهایەك لەمیانەی دابەشکردنی بەها (بـەش) کـە لـە سـەر کـۆی بـەها (گشت) و لـە یەکدانی ئەنجامی دابەشەکە لە قەبارەی نەگۆڕ (١٠٠) دیاردەکات.

بەش

رێژەی سەدی (٪) = ــــــ X ١٠٠

گشت

**٢. بەکارهێنانی ناوەندی ژمێریاری بۆ دیاریکردنی نێوەندی تەمەن.**

کگ (ن.ت X د )

ن.ژ = ــــــــــــــــ

کگ د

ن.ژ ؛ ناوەندی ژمێریاری

کگ ؛ کۆی گشتی

ن.ت ؛ ناوەندی تەمەن (کۆمەڵی تەمەن)

د ؛ دووبارەبوو

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم

١. موسلح ئیروانی، ئیسلام و ناسیونالیزم لە کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٣، ل٨٣.

٢. چنار سەعد عەبدوللا، کاریگەری باری سیاسی لە سەرگەشەکرنی هۆشیاری نەتەوەی کورد دوای ڕاپەرینی ١٩٩١، چاپی یەکەم، بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥ ، ل١٩٩.

٣. هـ.س.پ. هەمان لاپەرە.

٤. د. محمد ازهر سعید السماك، د.قبیس سعید الفهادی، صفاو یونس الصفاوی، أصول البحپ العلمیی، الگبعه الاول، گبع علی نفقه جامعه صلاح الدین، ١٩٨٦، ص.٦١

٥.نفس المصدر، ص٦٠.

٦. و؛ جەلال خلف ژاڵەیی، لێژنەی پسپۆری، دەرونزانی کۆمەلایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٧١.

٧. پەروین سازگارا، ئاوڕدانەوەیەك لە کۆمەڵناسی، و؛ جەواد مستەفا ستۆپەیی، لە بلاوکراوەکانی زنجیرەی هزرو کۆمەڵ، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٧٥.

٨. هـ.س.پ. ل٦٧.

## بەشی شەشەم

# خستەروو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەی مەیدانی

باسی یەکەم:

خەسلەتە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە:

باسی دووەم:

خستنەروو وشیکردنەوەی زانیارییە تایبەتییەکانی توێژینەوە

باسی یەکەم:

## خەسلەتە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە

- پێکهاتەی تەمەن:

خشتەی ژمارە -٣-

تەمەنی نموونەی توێژینەوە

| پێکهاتەی تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٣٥-٤٤ | ٧ | ٥,٦٠ ٪ |
| ٤٥-٥٤ | ٣٨ | ٣٠,٤٠ ٪ |
| ٥٥-٦٤ | ٢٧ | ٢١,٦٠ ٪ |
| ٦٥-٧٤ | ١٥ | ١٢ ٪ |
| ٧٥-٨٤ | ١٨ | ١٤,٤٠ ٪ |
| ٨٥-٩٤ | ١٦ | ١٢,٨٠ ٪ |
| ٩٥-١٠٤ | ٤ | ٣,٢٠ ٪ |
| کۆی گشتی | ٢٩٠ | ١٠٠ ٪ |

خشتەی ژمارە -٣- تایبەتە بە تەمەنی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە تەمەنی نموونەی توێژینەوە لە نێوان (٣٥ تا ١٠٤) ساڵی دایە. نموونەی توێژینەوە لە (٧) حەوت کۆمەڵەی تەمەن پێکهاتووە، بەرزترین ڕێژەی تەمەن دەکاتە ڕێژەی (٣٠,٤٠ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٤٥-٥٤) ساڵی، ڕێژەی (٢١,٦٠ ٪) تەمەنیان

دەکەوێتە نێوان (٥٥-٦٤) سالْی، رێژەی (١٤,٤٠ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٧٥-٨٤) سالْی، رێژەی (١٢,٨٠ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٨٥-٩٤) سالْی، رێژەی (١٢ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٦٥-٧٤) سالْی، رێژەی (٥,٦٠ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٣٥-٤٤) سالْی، نزمترین رێژەی تەمەن بە رێژەی (٣,٢٠ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٩٥-١٠٤) سالْی.

- **پێکهاتەی رەگەز:**

**خشتەی ژمارە -٤ -**

**رەگەزی نموونەی توێژینەوە**

| رەگەز | ژمارە | ٪ |
| --- | --- | --- |
| نێر | ١٧ | ١٣,٦٠ ٪ |
| مێ | ١٠٨ | ٪٨٦,٤٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ ٪ |

خشتەی ژمارە -٤- تایبەتە بە رەگەزی نموونەی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کەوا لە کۆی (١٢٥) کەس (١٧) کەس بە رێژەی (١٣,٦٠ ٪) لە رەگەزی نێرن و (١٠٨) کەسیش بە رێژەی (٨٦,٤٠ ٪) لە رەگەزی مێن. هەروەك دیارە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان

ڕێـژەی هـەردوو ڕەگەزەکـەدا هەیـە، ئەمـەش لـە بەرئـەوەی لـە شـالاوی کۆمـەلکوژی بارزانیەکاندا هەرچی نێرینەی سەرووی (٧) حـەوت سالی بـوون زیندەبەچالکران و ئـافرەت ومنداڵـەکانیش لـە ئۆردوگـا زۆرەملێیـەکان بەزینـدوویی مانـەوە، بۆیـە ڕێژەیەکی زۆر کەم لە ڕەگەزی نێر نموونەی توێژینەوەکەمان پێکدەهێنن، ئەو ڕێـژە دەگمەنـەی ڕەگـەزی نێـریش کـە لـەم شـالاوە ڕزگاریـان بـوو زۆربـەیان لـەنێو خێزانەکـەیان نـەمابوون، هەنـدێکیان لـە دەڤـەری بـارزان خۆیـان حەشـاردا و هندێکیشـیان گەیشـتنە هێـزی پێشـمەرگەو بەشێکیشـیان ئـاوارەی ولاتـانی دراوسـێ بوون، بۆیە زۆر دەگمـەن کەسی ڕەگـەزی نێـر هـەبوو لـە نزیکـەوە ئاگاداری ڕەوشـی ژیـانی منـداڵ و ئافرەتـە بـەجێماوەکان بـن. مەبەسـتی سـەرەکیش لـەم توێژینـەوەدا ڕەوشی ژیانی بەجێماوەکانە لە هەموو روویەکـەوە، نـەدەکراش ئـەو نێرینانـەی لـەو شالاوە رزگاربوونـە دواتـر لـەنێو خێزانـەکانیان نـەماون وەربگـرین، چونکە ئەمانـە لەنزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی ژیانی ئافرەت و منداڵە بەجێماوەکان نەبوون.




هێلکاری ژمارە (٦) ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە.

- **شوێنی لەدایکبوون:**

**خشتەی ژمارە -٥-**

**شوێنی لە دایکبوونی نموونەی توێژینەوە**

| شوێنی لە دایکبوون | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| لادێ و ناحیە و قەزا | ١٢٠ | ٩٦ ٪ |
| شار | ٢ | ١,٦٠ ٪ |
| وڵاتانی دراوسێ | ٢ | ١,٦٠ ٪ |
| لە رێگای ئاوارەبوون | ١ | ٠,٨٠ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ ٪ |

شوێنی لە دایکبوون بە یەکێك لە خەسلەتە دیمۆگرافییە گرنگەکان دەژمێردرێت لە زانینی پاشخانی کۆمەڵایەتی و کولتووری تاکەکان و باردۆخەکان لە رووی ژینگەی لادێیی و شارییەوە. زانیاریەکان لە خشتەی ژمارە -٥- دا شوێنی لە دایکبوونی نموونەی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە. لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا رێژەی (٩٦ ٪) لە لادێ و ناحیە و قەزایەکان لە دایکبوونە، رێژەی (١,٦٠ ٪) لە شار لە دایکبوونە، رێژەی (١,٦٠ ٪) لە وڵاتانی دراوسێ لە دایکبوونە، رێژەی (٠,٨٠ ٪) لە رێگەی ئاوارەبوون لە دایکبوونە. بەو رێژە بەرزەی لە لادێدا لە دایکبوونە بۆمان دەردەکەوێت بارزانیەکان خەڵکی لادێ نشێنن و پابەند بوونە بە ترادیسیۆن و

کولتوور و شێوازی ژیانی لادێ نشێنی خۆیان، سەرەرای ئەو هەموو بۆردومانکردن و گوند سوتاندن و ڕاگواستن و... هتد کە لەلایەن حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق لە سەدەی بیستەمدا بەرامبەر بە بارزانیەکان و دەڤەری بارزان کراوە بۆ لە ناوبردن و سڕینەوەی بارزان وبارزانیەکان، ئەمە جگە لە پشت گوێخستنی ئەم دەڤەرە لە هەموو بوارێکی تەندروستی و پەروەردەیی و ئابووری. هەر لە توێژینەوەکەدا بومان دەردەکەوێت بارزانیەکان زۆرجار ئاوارە و دەربەدەر بوونە بەڵام هەر گەڕاونەتەوە شوێنی ڕەسەنی خۆیان، وەك لە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکاندا دەردەکەوت لە ماوەی سەدەیەکدا زیاتر لە (١٦) جار دەڤەری بارزان وێرانکراوە و خەڵکەکە ئاوارەی ئەشکەوت و چیاییەکان و وڵاتانی دراوسێ بووێنە و گەڕاونەتەوە دێیەکانی خۆیان. هەر لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کەوا کەسانێك هەبوونە لە رێگای ئاوارەبوون و وڵاتانی دراوسێ لە دایك بوونە. ئافرەتێکی نموونەی توێژینەوە دەڵێت: (دایکم دەیگێڕاوە کە من لە ڕێگای ئاوارەبوون بۆ وڵاتی تورکیا لە ساڵی ١٩٣٢ لە دایکبوومە).[١]

پیاوێکی بارزانی تەمەن (١٠٧) ساڵ دەبێژێت: ((لە تەمەنی مندا ئەوەندەی بە بیرم دێت (١٦) شانزدە جار گوندەکەمان سۆتێنراوە و دووبارە ئاوەدانمان کردووتەوە، جار هەبووە ساڵی دووجار گوندەکەمان بۆردوومان دەکراو دەسۆتێنرا و ئاوارە دەبووین و دووبارە دەگەڕاینەوە و گوندەکەمان ئاوەدان دەکردەوە...))[٢]

ئەو کەمە ڕێژەیەی کە لە شاریش لە دایکبوونە بەشێکیان ئەو ئافرەتانەن کەخەڵکی (یەکێتی سوڤیەت)ی پێشوون، لە سەفەرە ئەفسانەیی و چارەنووس سازەکەی بارزانی نەمر و هەڤاڵەکانی بۆ (یەکێتی سوڤیەت)ی پێشوو شوویان بە بارزانیەکان کردووە و خێزانیان پێکهێناوەو لە گەڵ بارزانیەکان هاتوونەتە کوردستان و کەسوکاریان کۆمەڵکوژکراون.

## خشتەی ژمارە -٦-

## شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە

| شوێنی نیشتەجێبوون | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| ناوەندی شار | ٨ | ٪ ٦,٤٠ |
| قەزا | ١٨ | ٪ ١٤,٤٠ |
| ناحیە | ٣٠ | ٪ ٢٤ |
| گوند | ٦٩ | ٪ ٥٥,٢٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ |

**خشتەی ژمارە -٦- شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە دەست نیشاندەکات، زۆرترین ڕێژەی توێژینەوە دەگاتە (٥٥,٢٠٪) لە گوندەکان نیشتەجێن، ڕێژەی (٢٤ ٪) نیشتەجێی ناحیەکانن، ڕێژەی (١٤,٤٠ ٪) نیشتەجێی قەزاکانن، کەمترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوە لە شارەکان نیشتەجێن کە ڕێژەیان (٦,٤٠ ٪) یە.**

- **ئاستی خوێندن:**

**خشتەی ژمارە- ٧-**

**ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوە**

| ئاستی خوێندن | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| نەخۆێندەوار | ٩٤ | ٧٥,٢٠ ٪ |
| خوێندن و نوسین | ١٢ | ٩,٦٠ ٪ |
| سەرتایی | ٥ | ٤ ٪ |
| ناوەندی | ١١ | ٨,٨٠ ٪ |
| ئامادەیی | ٣ | ٢,٤٠ ٪ |
| سەروتر | - | - |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ ٪ |

مەبەست لە ئاستی خوێندن دابەشکردنی نموونەی توێژینەوەیە بە پێی قۆناغەکانی خوێندن.

لە داتایەکانی ناو خشتەی ژمارە -٧- دا کە تایبەتن بە ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوە دەردەکەوێت کەوا نەخوێندەوارەکان زۆرترین ڕێژەی نموونەکە پێکدێنن کە دەکاتە (٧٥,٢٠ ٪)، ڕێژەی (٩,٦٠ ٪) خوێندنەوە و نوسین دەزانن، ڕێژەی (٤ ٪) قۆناغی سەرەتایین مەبەست لە قۆناغی سەرەتایی لەم توێژینەوەدا هەموو ئەوانە

دەگرێتەوە کەچەند ساڵێك لە قۆناغی سەرەتایی خوێندوویانە یاخۆد بروانامەی سەرەتاییان وەرگرتووە، ڕێژەی (٨,٨٠ ٪) قۆناغی ناوەندی و ڕێژەی (٢,٤٠ ٪) قۆناغی ئامادەیین کە دوا پلەی ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوەکەیە. وەك لە خشتەکەدا دیارە نەخوێندەواران بەرزترین ڕێژەی نموونەکە پێکدێنن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك وەك کەمی قوتابخانەو هۆیەکانی خوێندن لە دێهاتەکانی کوردستان، حکومەت کەمتر بایەخی بەم بوارە دەدا هەمیشە خەریکی سیاسەتی هەژارکردنی رۆشنبیری و باری تاریکی نەخۆێندەواری بوویە بەسەر کورددا بۆئەوەی کورد لە خوێندن و زانین بێبەش بن کوردستان وەکو کۆمەڵگایەکی داخراو و دواکەوتویی بمێنێتەوە. هەروەها جیاوازی لەنێوان شارو لادێ. ئەمە جگە لە بۆردوومان کردنی بەردەوام و سوتاندنی گوندەکانی دەڤەری بارزان و ئاوارەبوونی بەردەوامی بارزانیەکان.




هێلکاری ژمارە (٧) ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە.

- **باری ئابووری:**

**خشتەی ژمارە -٨-**

**باری ئابووری نموونەی توێژینەوە**

| باری ئابووری | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| زۆر باش | - | - |
| باش | ١٩ | ٪ ١٥,٢٠ |
| ناوەند | ٢٩ | ٪٢٣,٢٠ |
| خراپ | ٧٧ | ٪ ٦١,٦٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ |

**ئێمە پێورێکی چەندایەتیمان وەرنەگرتووە بۆ پێوانەکردنی ئاستی ئابووری نموونەی توێژینەوە لە رووی زانستیەوە، چونکە ئەمە پەیوەندی بەخۆدی کەسەکەوە هەیە. لە کوردستانیشدا تاکو ئێستا نەتوانراوە هێڵێك بۆ هەژاری دیاری بکرێت. نموونەی توێژینەوەکەمان بەم شێوەیە خۆیان لە قەلەم داوە ڕێژەی (٦١,٦٠ ٪) ئاستی ئابوورییان خراپە کە زۆرترین ڕێژەی نموونەکە پێکدێنن، ڕێژەی (٢٣,٢٠ ٪) پێیان وایە باری ئابووریان مام ناوەندییە، کەمترین ڕێژەش باری ئابوریان بە باش لە قەلەم داوە کە دەکاتە ڕێژەی (١٥,٢٠ ٪) ی نموونە توێژینەوەکە، هیچ تاکێکی نموونەی توێژینەوەکە باری ئابووریان زۆر باش نییە.**




هێلکاری ژمارە (٨) باری ئابووری نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە.

- **باری کۆمەڵایەتی:**

**خشتەی ژمارە -٩-**

**باری کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوە**

| باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| سەلت | ١ | ٪ ٠,٨٠ |
| خێزاندار | ١٦ | ٪ ١٢,٨٠ |
| تاك مردوو | ٥ | ٪ ٤ |
| تاك کۆمەڵکوژ | ١٠٣ | ٪ ٨٢,٤٠ |
| تەلاقدراو | - | - |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ |

**خشتەی ژمارە -٩- باری کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوەکەمان بوو دەخاتە روو، بەرزترین ڕێژە کە دەکاتە (٢,٤٠ ٨٪) تاك کۆمەڵکوژکراون، واتە مێردیان کۆمەڵکوژکراوە، ڕێژەی (١٢,٨٠ ٪) خێزاندارن ئەمانە باوك یان برا یان کوریان کۆمەڵکوژکراوە، ڕێژەی (٤ ٪) تاك مردوون، ڕێژەی (٠,٨٠ ٪) سەلتن، ئەمانەش ئەوانەن کە باوك یان برایان کۆمەڵکوژکراوە، هیچ حاڵەتێکی تەلاقدراویش لە نموونەی توێژینەوەکەدا نییە.**

## خشتەی ژمارە -١٠-

## جۆری پیشەی نموونەی توێژینەوە

| جۆری پیشە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بێکار | ٦٥ | ٪٥٢ |
| کابان و کاری ماڵەوە | ٣٤ | ٪٢٧,٢٠ |
| ئاژەڵدار | ٦ | ٪٤,٨٠ |
| جوتیار | ٥ | ٪٤ |
| کرێکار و کاری ئازاد | ٤ | ٪٣,٢٠ |
| فەرمانبەر | ٦ | ٪٤,٨٠ |
| پ.م | ٥ | ٪٤ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە -١٠- تایبەتە بە پیشەی نموونەی توێژینەوە، رِێژەی (٪٥٢) خویان بە بێکار لە قەلەم داوە، ئەمەش رِێژەیەکی بەرزە و دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە نموونەی توێژینەوەکە زیاتر بە تەمەنەکان لە خۆ دەگرێت و زۆربەی هەرە زۆریش ئافرەتن هەروەك لە خشتەی ژمارە (٣) و ژمارە (٤) ئاماژەمان پێکردووە. هۆکارێکی تریش ئەوەیە ئەم ئافرەتانە بە هۆی ناهاوسەنگی باری دەروونی و ئەو تراژیدیایەی لە ژیانی خویاندا بینیویانە هەر لە تەمەنێکی زووە پیرو پەککەوتە بوونە و توانای کارکردنیان نەماوە، هۆکارێکی تر ئەوەیە کە زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە

نیشتەجێی دەڤەری بارزانن لەم دەڤەرەش دەرفەتی کارکردن کەمە. ڕێژەی (٢٧,٢٠٪) نموونەکە بە کابان و کاری ماڵەوە خەریکن لە وڵاتی ئێمەدا ئەمانەش هەر بە بێکار دەناسرێن. ڕێژەی (٤,٨٠٪) نموونەی توێژینەوەکە خەریکی ئاژەڵداریین. ڕێژەی (٤ ٪) پیشەیان جوتیارییە، ئەم دوو ڕێژەیەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە بۆ ئەم دەڤەرە چونکە لادێنشینن و شوێنی لەوەڕادنی ئاژەل و مەرو ماڵات بەرفراوانە لەم دەڤەرە، ڕێژەی (٤,٨٠ ٪) فەرمانبەری میرین ئەمەش ڕێژەیەکی نزمە یەکێك لە هۆکارەکانی کەمی ئاستی خوێندەوارییە لە نێو بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان وەك لەخشتەی ژمارە -٧- دا خراوەتەڕوو، ڕێژەی (٤ ٪) پیشەیان پێشمەرگایەتیە، ڕێژەی (٣,٢٠ ٪) کرێکاری و کاری ئازاد دەکەن (وەك بارهەڵگری و دوکانداری وکارکردن....).




هێڵکاری ژمارە (٩) جۆری پیشەی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە.

خشتەی ژمارە -١١ -

مووچەی مانگانەی خێزانەکانی نموونەی توێژینەوە

| مووچەی مانگانە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| باشەو بەشمان دەکات | ١٣ | ٪ ١٠,٤٠ |
| ناوەندە | ٤٢ | ٪ ٣٣,٦٠ |
| کەمەو بەشمان ناکات | ٧٠ | ٪ ٥٦ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە -١١- تایبەتە بەو برە مووچەیەی کە بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان وەریدەگرن. ڕێژەی (٥٦ ٪) نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە ئەو برە موچەیە کەمە و بەشیان ناکات، ڕێژەی (٣٣,٦٠ ٪) بە ناوەندیان لە قەلەم داوە. ڕێژەی (١٠,٤٠ ٪) پێیان وایە باشە و بەشیان دەکات. دەبینین ئەو ڕێژەیەی کە بە کەمیان لە قەلەم داوە ڕێژەیەکی بەرزە و ئەو مووچەیەی کەسوکاری کۆمەڵکوژکراوەکان وەریدەگرن لە گەڵ بەرزی شتوومەك لە بازار و زۆری پێداویستیەکان ناگۆنجێ و بەشی بژێوی ژیانیان ناکات.

باسی دووەم:

**خستنەروو و شیکردنەوەی زانیارییە تایبەتییەکانی توێژینەوە:**

### خشتەی ژمارە -١٢-

### ژمارەی کۆمەڵکوژکراوەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی تەمەن

| تەمەن | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| ٧-١١ | ٦ | ٪١,٧٥ |
| ١٢-١٦ | ٣٣ | ٪٩,٦٤ |
| ١٧-٢١ | ٣٣ | ٪٩,٦٤ |
| ٢٢-٢٦ | ٥٢ | ٪١٥,٢٠ |
| ٢٧-٣١ | ٥٥ | ٪١٦,٠٨ |
| ٣٢-٣٦ | ٣١ | ٪٩,٠٦ |
| ٣٧-٤١ | ٣١ | ٪٩,٠٦ |
| ٤٢-٤٦ | ٢١ | ٪٦,١٤ |
| ٤٧-٥١ | ١٣ | ٪٣,٨٠ |
| ٥٢-٥٦ | ١٦ | ٪٤,٦٧ |
| ٥٧-٦١ | ٢٢ | ٪٦,٤٣ |
| ٦٢-٦٦ | ١٣ | ٪٣,٨٠ |
| ٦٧-٧١ | ٧ | ٪٢,٠٤ |
| ٧٢-٧٦ | ٤ | ٪١,١٦ |
| ٧٧-٨١ | ٢ | ٪٠,٥٨ |
| ٨٢-٨٦ | ١ | ٪٠,٢٩ |
| ٨٧-٩١ | - | - |
| ٩٢-٩٦ | ٢ | ٪٠,٥٨ |
| کۆی گشتی | ٣٤٢ | ١٠٠ ٪* |

*ئەم رێژەیە نزیك کراوەتەوە لە (٪) بۆ رێژەکانی تریش بەهەمان شێوە.

لـه خشـته‌ی ژمـاره (١٢) دا تایبه‌تـه بـه ژمـاره‌ی كۆمـه‌ڵكوژكراوه‌كانی نموونـه‌ی توێژینه‌وه به پێی ته‌مه‌ن. ده‌رده‌كه‌وێت كه ته‌مه‌نی كۆمه‌ڵكوژكراوه‌كانی نموونه‌ی توێژینه‌وه له نێوان (٧) ساڵ تا (٩٦)ساڵی دایه. نموونه‌ی توێژینه‌وه له (١٨) كۆمه‌ڵی ته‌مه‌ن پێكهاتووه، كۆی ژماره‌ی كۆمه‌ڵكوژكراوه‌كانی نموونه‌ی توێژینه‌وه (٣٤٢) كه‌سه.

بچوكترین نموونه‌ی ته‌مه‌ن ده‌كه‌وێته نێوان (٧-١١) ساڵی ڕێژه‌ی (١,٧٥ ٪) نموونه‌ی توێژینه‌وه پێكدێنن، وه‌ك دیاره ئه‌مانه له ته‌مه‌نێكی زۆر بچوكدان له زۆر سه‌رچاوه‌دا وا ده‌ست نیشانكراوه كه بارزانیه‌كان له ته‌مه‌نی (١٢) ساڵی به سه‌ره‌وه زینده‌به‌چالكراون، به‌ڵام ناتوانین بڵێین ئه‌مه‌یان ڕاسته چونكه له‌كاتی شاڵاوی كۆمه‌ڵكوژی بارزانیه‌كان ته‌مه‌ن له‌به‌ر چاو نه‌گیراوه به‌ڵكو به شێوه‌یه‌كی ڕه‌مه‌كی ڕاپێچی ئۆتومبێله‌كان كراون، له‌وانه‌یه هه‌بووبێت به ته‌مه‌ن بچوك بێت به‌ڵام به قه‌دوو باڵا درێژبووه كۆمه‌ڵكوژكراوه. بوویه له دوای گه‌رانێكی ورد له نێو خێزانه به‌جێماوه‌كان بۆمان ده‌ركه‌وت زۆرن ئه‌وانه‌ی كه ته‌مه‌نیان له حه‌فت ساڵی به دواوه‌یه.

ڕێژه‌ی (٠,٥٨ ٪) نموونه‌ی توێژینه‌وه ته‌مه‌نیان ده‌كه‌وێته (٩٢-٦٩) ساڵ ئه‌مانه‌ش گه‌وره‌ترین كۆمه‌ڵی ته‌مه‌نی نموونه‌ی توێژینه‌وه پێكدێنن كه‌سانی به ساڵچوو و پیرو په‌ككه‌وته‌ن. ڕێژه‌ی (٩,٦٤ ٪) ته‌مه‌نیان ده‌كه‌وێته نێوان (١٢-١٦) ساڵی هه‌مان ڕێژه ته‌مه‌نیان ده‌كه‌وێته نێوان (١٧-٢١) ساڵی. ڕێژه‌ی (١٥,٢٠ ٪) ته‌مه‌نیان ده‌كه‌وێته نێوان (٢٢-٢٦) ساڵی ڕێژه‌ی (١٦,٠٨ ٪) ته‌مه‌نیان ده‌كه‌وێته نێوان (٢٧-٣١) ساڵی ئه‌مه‌ش به‌رزترین ڕێژه‌ی نموونه‌ی توێژینه‌وه پێكدێنێت، ڕێژه‌ی (٩,٠٦ ٪) ته‌مه‌نیان ده‌كه‌وێته نێوان (٣٢-٣٦) ساڵی، ڕێژه‌ی (٦,١٤ ٪) ته‌مه‌نیان ده‌كه‌وێته نێوان (٤٢-٤٦) ساڵی، ڕێژه‌ی (٣,٨٠ ٪) ته‌مه‌نیان ده‌كه‌وێته نێوان (٤٧-٥١) ساڵی. ڕێژه‌ی(٤,٦٧ ٪)

تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٥٢-٥٦) ساڵی، ڕێژەی ( ٦,٤٣٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٥٧-٦١) ساڵی.

ڕێژەی تەمەنی کۆمەڵکوژکراوەکان لە تەمەنی(٦٢) ساڵی بۆ سەرەوە بەرەو کەمی دەچێت.

لێرەدا ئەگەر سەرەنج بدەین توێژی ئەو تەمەنانەی گرنگن و پشتیان پێی دەبەسترێ بۆ بەرهەم هێنان کە تەمەنیان لە نێوان (١٧-٦١) ساڵیدایە ڕێژەی زیاتر لە (٨٠ ٪) کۆمەڵکوژکراوەکانی نموونەی توێژینەوە پێکدێنن ئەم توێژە زۆرەش لە تەمەنی بەرهەم هێنانی مرۆیی و گەشەکردنی ئابووریدان.

هەروەها لە نموونەی توێژینەوەکەمان دوو شێت و سێ کوێر و شەش کەم ئەندامیان لە گەل کۆمەڵکوژکراوە.




هێلکاری ژمارە (١٠) ژمارەی کۆمەڵکوژکراوەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی تەمەن ڕووندەکاتەوە.

## خشتەی ژمارە (١٣)

## جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی کۆمەڵکوژکراون بەپێی باری کۆمەڵایەتی

| باری کۆمەڵایەتی / جۆری ئەندامی خێزان | سەڵت | | خێزاندار | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| باوك | - | - | ٣٣ | ٪ ٩,٦٤ | ٣٣ | ٪ ٩,٦٤ |
| هاوسەر | - | - | ١١٥ | ٪٣٣,٦٢ | ١١٥ | ٪٣٣,٦٢ |
| کور | ٤٣ | ٪ ١٢,٥٧ | ٤١ | ٪١١,٩٨ | ٨٤ | ٪٢٤,٥٦ |
| برا | ٢٠ | ٪ ٥,٨٤ | ٩٠ | ٪٢٦,٥٧ | ١١٠ | ٪٣٢,١٦ |
| کۆی گشتی | ٦٣ | ٪ ١٨,٤٢ | ٢٧٩ | ٪٨١,٥٧ | ٣٤٢ | ٪ ١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە(١٣) تایبەتە بە جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی کۆمەڵکوژکراون بە پێی باری کۆمەڵایەتی. بۆمان دەردەکەوێت لە کۆی (٣٤٢) کۆمەڵکوژکراوەکانی نموونەی توێژینەوە، ڕێژەی (٨١,٥٧ ٪) ی کۆمەڵکوژکراوەکان خێزاندارن و ڕێژەی (١٨,٤٢ ٪) کۆمەڵکوژکراوەکان سەڵتن. بەرزترین ڕێژەش لە جۆری ئەندامانی کۆمەڵکوژکراوانی نموونەی توێژینەوە "هاوسەر"ن کە ڕێژەی (٣٣,٦٢ ٪) پێکدێنن، ڕێژەی (٣٢,١٦ ٪) "برا"لە نموونەی توێژینەوە کۆمەڵکوژکراون (واتە نموونەی توێژینەوە برایان کۆمەڵکوژکراوە) ڕێژەی (٥,٨٤ ٪) سەڵتن و ڕێژەی (٢٦,٣١ ٪)

خێزانــدارن. هــەروەها رێــژەی (٢٤,٥٦ ٪) "کــۆر" کۆمــەڵکوژکراون لــە نموونــەی توێژینەوەکـە، رێـژەی (١٢,٥٧ ٪) سـەڵتن و رێـژەی (١١,٩٨ ٪) خێزانـدارن. نـزمترین رێژەش لە جۆری ئەندامانی کۆمـەڵکوژکراوی نموونـەی توێژینـەوە (بـاوك)ن رێـژەی (٩,٦٤ ٪) پێکـدێنن. ئەگـەر سـەرەنج بـدەین دەبیـنین (هاوسـەر) لـە نموونـەی توێژینەوەکە زیاترین رێژەیان بەرکەوتووە، بێگومان ئەمەش کاریگەری زۆری هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە تایبەتی لە لایەنی ئابووری و ستراکتەری خێزان.

ئافرەتێك بێ هاوسەر مندالەکانی گەورە بکات رۆڵی ئافرەت لە هەمان کاتدا پیاویش ببینـی مـاوە و کـاتی دەوێ، لـە ئـەنجامی پرسـیارێك ئـەرێ ئـەم ئافرەتانـە تاچـەند توانییویانە جێگای هاوسەرەکانیان بگرنەوە؟

بەڵێ ئەم ئافرەتانە هەر زوو هەستانە سەرپێی و رۆڵی مەردایەتیان گێرا و دەستیان کرد بە کارکردن و تەنانەت کاری زۆر قورسی پیاوان بۆ دابینکردنـی بـژێوی ژیانیـان و بـەخێوکردنی منداڵـەکانیان. ئەمـە بەرسـڤی زۆرێـك لـە ئافرەتـانی بـەجێماوی کۆمەڵکوژی بارزانیەکان بوو.

## خشتەی ژمارە (١٤)

## جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی کۆمەڵکوژکراون بەپێی ئاستی خوێندن

| جۆری ئەندام / ئاستی خوێندن | باوك | هاوسەر | کور | برا | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٢٥<br>٪٧,٣٠ | ٦٠<br>٪١٧,٥٤ | ٢٥<br>٪٧,٣٠ | ٥٠<br>٪١٤,٦١ | ١٦٠<br>٪٤٦,٧٨ |
| خوێندن و نوسین | ٣<br>٪٠,٨٧ | ١٦<br>٪٤,٦٧ | ٥<br>٪١,٤٦ | ١٦<br>٪٤,٦٧ | ٤٠<br>٪١١,٦٩ |
| سەرەتایی | ٤<br>٪١,١٦ | ٢٥<br>٪٧,٣٠ | ٣٣<br>٪٩,٦٤ | ٣٨<br>٪١١,١١ | ١٠٠<br>٪٢٩,٢٣ |
| ناوەندی | ١<br>٪٠,٢٩ | ٩<br>٪٢,٦٣ | ١٦<br>٪٤,٦٧ | ٦<br>٪١,٥٧ | ٣٢<br>٩,٣٥ |
| ئامادەیی | -<br>- | ٤<br>٪١,١٦ | ٤<br>٪١,١٦ | -<br>- | ٨<br>٪٢,٣٢ |
| سەروتر | -<br>- | ١<br>٪٠,٢٩ | ١<br>٪٠,٢٩ | -<br>- | ٢<br>٪٠,٥٨ |
| کۆی گشتی | ٣٣<br>٪٩,٦٤ | ١١٥<br>٪٣٣,٦٢ | ٨٤<br>٪٢٤,٥٢ | ١١٠<br>٪٣٢,١٦ | ٣٤٢<br>٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٤) تایبەتە بە ئاستی خوێندنی کۆمەڵکوژکراوەکانی نموونەی توێژینەوە. بەرزترین ڕێژە نەخوێندەوارن کە ڕێژەی (٤٦,٧٨ ٪) نموونەی توێژینەوە پێکدێنن. ڕێژەی (١١,٦٩ ٪) خوێندن و نوسین دەزانن. ڕێژەی (٢٩,٢٣٪) قۆناغی سەرەتاییان خوێندووە. ڕێژەی (٩,٣٥ ٪) قۆناغی ناوەندی و ڕێژەی (٢,٣٢ ٪) قۆناغی ئامادەیی و ڕێژەی (٠,٥٨ ٪) قۆناغەکانی سەروتریان تەواو کردووە ئەمەش نزمترین ڕێژە لەخۆدەگرێت.

لە(باوك)ە کۆمەڵکوژکراوەکان بەرزترین ڕێژە نەخۆیندەوارن بە ڕێژە (٧,٣٠ ٪) نزمترین ڕێژەش بە ڕێژەی (٠,٢٩ ٪) قۆناغی ناوەندییان خوێندووە کە دوا پلەی خوێندنیانە.

لە (هاوسەر)ە کۆمەڵکوژکراوەکان بەرزترین ڕێژە (١٧,٥٤ ٪) نەخۆێندەوارەکانن، نزمترین ڕێژەش (٠,٢٩٪) ئەوانەن کە لە زانکۆ و پەیمانگاکان خۆێندوویانە.

لە (کورە) کۆمەڵکوژکراوەکان بەرزترین ڕێژە (٩,٦٤ ٪) ئەوانەن کە قۆناغی سەرتاییان خوێندووە. نزمترین ڕێژەش (٠,٢٩ ٪) ئەوانەن کە بروانامەی شەشەمی ئامادەیی یان لە قۆناغەکانی سەروتر خۆێندوویانە.

لە (برا) کۆمەڵکوژکراوەکان بەرزترین ڕێژە نەخوێندەوارن بە ڕێژەی (١٤,٦١٪) و نزمترین ڕێژەش ئەوانەن کە لە قۆناغی ناوەندی دابوون و دوا پلەی خوێندنیان بوو ڕێژەی (١,٧٥٪) نموونەی توێژینەوە پێکدێنن.

وەك دیارە نەخۆێندەوارەکان بەرزترین ڕێژە پێکدێنن ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوباردۆخە سەختەی ژیانیان و ئاوارەبوون و دەربەدەر بوون و ڕاگواستنی بەردەوامی بارزانیەکان بە درێژای مێژووی سەدەی ڕابردوو، ئەمە جگە لە پشگوێخستنی ناوچە بارزانیەنشێنەکان لە بواری پەروەردە و فێرکردن لە لایەن حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق.




هێلكاری ژماره (١١) جۆری ئه‌ندامانی خێزان ئه‌وانه‌ی كۆمه‌ڵكوژكراون به‌پێی ئاستی خوێندن رووندەكاتەوە.

## خشتەی ژمارە (١٥)

## جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی کۆمەڵکوژکراون بەپێی جۆری پیشەیان

| جۆری ئەندام / جۆری پیشە | باوک | هاوسەر | کور | برا | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| بێکار | ١١<br>٪ ٣,٢٢ | ٢٤<br>٪٧,٠١ | ٨<br>٪٢,٣٤ | ١٠<br>٪٢,٩٣ | ٥٣<br>٪١٥,٤٩ |
| کرێکار | ١٨<br>٪ ٥,٢٧ | ٧٠<br>٪٢٠,٤٧ | ٥٥<br>٪١٦,٠٩ | ٩٠<br>٪٢٦,٣١ | ٢٣٣<br>٪٦٨,١٥ |
| قوتابی | -<br>- | ٥<br>٪ ١,٤٦ | ١٣<br>٪٣,٨١ | ٨<br>٪٢,٣٤ | ٢٦<br>٪٧,٦٠ |
| خانەنیشین | ٣<br>٪ ٠,٨٨ | ٤<br>٪ ١,١٧ | -<br>- | -<br>- | ٧<br>٪٢,٠٥ |
| کارمەند | ١<br>٪ ٠,٣٠ | ٨<br>٪ ٢,٣٤ | ٨<br>٪ ٢,٣٤ | ١<br>٪ ٠,٣٠ | ١٨<br>٪٥,٢٨ |
| دوکاندار | -<br>- | ٣<br>٪ ٠,٨٨ | -<br>- | ١<br>٪ ٠,٣٠ | ٤<br>٪١,١٧ |
| پزیشک | -<br>- | ١<br>٪ ٠,٣٠ | -<br>- | -<br>- | ١<br>٪٠,٣٠ |
| کۆی گشتی | ٣٣<br>٪ ٩,٦٥ | ١١٥<br>٪٣٣,٦٢ | ٨٤<br>٪٢٤,٥٨ | ١١٠<br>٪٣٢,١٦ | ٣٤٢<br>٪١٠٠ |

خشـتەی ژمـارە (١٥) تایبەتـە بـە جـۆری پیشـەی کۆمـەڵکوژکراوەکانی نموونـەی توێژینەوە دەردەکەوێت کەوا کرێکارەکان زۆرترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکە پێکدینن دەکاتە (٦٨,١٥ ٪) یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر لە زووە لە ساڵی (١٩٧٥) بە دوواوە بارزانیەکان لە شوێنی ڕەسەنی خۆیان ڕاگوێزران بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکان و زۆرترین خاکی کوردستان لە مروڤ چولکرا. خەڵکەکە سامان ومەرو ماڵاتی خۆیان بەجێ هێشت هەرچەند لە ئۆردوگایەکاندا دەرفەتی کارکرن بەئەستەم بەدەست دەکەوت وجگە لە کرێکاری ڕۆژانە هیچ کارێکی ترنەبوو، بەڵام بە هەرجۆرێك بێت هەوڵییان داوە کرێکاری بکەن بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان. دووەم ڕێژەش بێکاربوون کە دەکاتە (١٥,٤٩ ٪)، ڕێژەی دوواتر دەکاتە (٧,٦٠ ٪) قوتابی بوون. ڕێژەی (٥,٢٨ ٪) کارمەند بوون لە دامودەزگاحکۆمیەکان. ڕێژەی(٢,٠٥ ٪) خانەنشین کرابوون. ڕێژەی (١,١٧ ٪) دووکانداربوون. تەنیا یەك لە کۆمەڵکوژکراوەکانی نموونەی توێژینەوە پزیشك بوو کە دەکاتە ڕێژەی (٠,٣٠ ٪) کەمترین ڕێژەش پێکدێنن.




هێڵکاری ژمارە (١٢) جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی کۆمەڵکوژکراون بەپێی جۆری پیشەیان ڕووندەکاتەوە.

خشتەی ژمارە- ١٦-

قەبارەی ئەندامانی خێزان ئەوانەی کۆمەڵکوژکراون ڕووندەکاتەوە

| قەبارەی ئەندامانی خێزان | ژمارە | ٪ |
| --- | --- | --- |
| ١-٣ | ٩١ | ٪ ٧٢,٨٠ |
| ٤-٦ | ٢٨ | ٪ ٢٢,٤٠ |
| ٧-٩ | ٦ | ٪ ٤,٨٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٦) تایبەتە بە قەبارەی ئەندامانی خێزان ئەوانـەی کۆمـەڵکوژکراون دەردەکەوێ رێژەی (٧٢,٨٠ ٪) خێزانی نموونەی توێژینەوەکـەمان (١-٣) کەسـیانیان لێ کۆمـەڵکوژکراوە. رێـژەی (٢٢,٤٠ ٪) خێـزان (٤-٦) کەسـیان لێ کۆمـەڵکوژکراوە. رێـژەی (٤,٨٠ ٪) خێزان (٧-٩) کەسیان لێ کۆمەڵکوژکراوە.




هێڵکاری ژمارە (١٣) قەبارەی ئەندامانی خێزان ئەوانەی کۆمەڵکوژکراون رووندەکاتەوە.

## خشتەی ژمارە (١٧)

## ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوە بە پێی ڕەگەز

| ڕەگەز | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| نێر | ١٢٩ | ٪ ٣٤,٥٠ |
| مێ | ٢٤٥ | ٪ ٦٥,٥٠ |
| کۆی گشتی | ٣٧٤ | ٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٧) تایبەتە بە ئەندامانی خێزانی بەجیماوی کۆمەڵکوژی بەپێی ڕەگەز، دەردەکەوێت لە کۆی (٣٧٤) کەس، (١٢٩) کەس بە ڕێژەی (٣٤,٥٠ ٪) نێرن، (٢٤٥) کەس بە ڕێژەی (٦٥,٥٠ ٪) مێن. ڕێژەی مێینە لە نێو بەجیماوی بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان ڕێژەیەکی زۆرە بێگومان ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ لە ناوبردنی ڕەگەزی نێر لە پرۆسەی قڕکردنی هەشت هەزار لە نێرینەی بارزانی.




هێلکاری ژمارە (١٤) ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوە بە پێی ڕەگەز ڕووندەکاتەوە.

## خشتەی ژمارە(١٨)

## قەباری ئەندامانی خێزانی بەجێماوی کۆمەڵکوژی نموونەی توێژینەوە

| قەبارەی ئەندامانی خێزان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| ١ (هەرخۆی تەنیا) | ٣٦ | ٪٢٨,٨٠ |
| ٢-٤ | ٦٤ | ٪٥١,٢٠ |
| ٥-٧ | ٢٠ | ٪١٦ |
| ٨-١٠ | ٤ | ٪٣,٢٠ |
| ١١-١٣ | ١ | ٪٠,٨٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪١٠٠ |

لە داتاکانی ناو خشتەی ژمارە (١٨) کە تایبەتە بە قەبارەی ئەندامانی خێزانی بەجێماوی کۆمەڵکوژی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە رێژەی (٢٨,٨٠ ٪) هەرخویان بە تەنیا ماونەتەوە واتە یەك کەس لە ماڵێکی تەنیا بێ باوك بێ هاوسەر و بێ کوڕ و بێ برا تەنانەت بێ کچیش، ئەمەش یەکێکە لە ئاسەوارەکانی پرۆژەی کۆمەڵکوژی و کاریگەری لە سەر بۆنیادی خێزان و لێك هەڵوەشاندنەوەی. بەرزترین رێژەش لە ئەندامانی خێزانی بەجێماوی کۆمەڵکوژی لە نێوان (٢-٤) کەسدان بەرێژەی (٥١,٢٠٪). رێژەی (١٦٪) لە نێوان (٥-٧) کەسدان و رێژەی (٣,٢٠ ٪) لە نێوان (٨-١٠) کەسدان، نزمترین رێژەش لە نێوان (١١-١٣) کەسدان بەرێژەی (٠,٨٠٪).




هێلکاری ژمارە (١٥) قەباری ئەندامانی خێزانی بەجێماوی کۆمەڵکوژی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە.

## خشتەی ژمارە (١٩)

## دابەشبوونی بەجێماوەی کۆمەڵکوژکراوەکان بەپێی تەمەن و ڕەگەز

## (تەمەنی ئێستایان ٢٠٠٧)

| ڕەگەز | نێر | | مێ | | کۆی | گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| کەمتر لە ساڵێک-٤ | ٤ | ٣,٥٧٪ | ١ | ٠,٧٣٪ | ٥ | ٢٪ |
| ٥-٩ | ٩ | ٨,٠٣٪ | ٤ | ٢,٩١٪ | ١٣ | ٥,٢٢٪ |
| ١٠-١٤ | ٩ | ٨,٠٣٪ | ١٠ | ٧,٢٩٪ | ١٩ | ٧,٦٣٪ |
| ١٥-١٩ | ٦ | ٥,٣٥٪ | ٤ | ٢,٩١٪ | ١٠ | ٤,٠١٪ |
| ٢٠-٢٤ | ٤٥ | ٤٠,١٧٪ | ٣٢ | ٢٣,٣٥٪ | ٧٧ | ٣٠,٩٢٪ |
| ٢٥-٢٩ | ٢٣ | ٢٠,٥٣٪ | ٣٣ | ٢٤,٠٨٪ | ٥٦ | ٢٢,٤٨٪ |
| ٣٠-٣٤ | ٨ | ٧,١٤٪ | ١٧ | ١٢,٤٠٪ | ٢٥ | ١٠,٠٤٪ |
| ٣٥-٣٩ | ٥ | ٤,٤٦٪ | ٢١ | ١٥,٣٢٪ | ٢٦ | ١٠,٤٤٪ |
| ٤٠-٤٤ | ٢ | ١,٧٨٪ | ٣ | ٢,١٨٪ | ٥ | ٢٪ |
| ٤٥-٤٩ | - | - | ٥ | ٣,٦٤٪ | ٥ | ٢٪ |
| ٥٠-٥٤ | - | - | ٢ | ١,٤٥٪ | ٢ | ٠,٨٠٪ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٩-٥٥ | - | - | ٢ | ٪١,٤٥ | ٢ | ٪٠,٨٠ |
| ٦٤-٦٠ | ١ | ٠,٨٩ | ٢ | ٪١,٤٥ | ٣ | ٪١,٢٠ |
| ٦٩-٦٥ | - | - | - | - | - | - |
| ٧٤-٧٠ | - | - | ١ | ٪٠,٧٣ | ١ | ٪٠,٤٠ |
| کۆی گشتی | ١١٢ | ٪٤٤,٩٧ | ١٣٧ | | ٢٤٩ | |

پێکهاتــەکانی تەمــەن و ڕەگــەز دوو پێــوەری گــرنگن کــە توێــژەران لــە زانســتە مرۆڤایەتیەکاندا بە تایبەتی لە زانسی دیمۆگرافی بەکاریدێنن و بایەخی پێدەدەن. لە زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (١٩) کە تایبەتە بەپێکهاتەی تەمەن و ڕەگەزی بەجێماوی کۆمەڵکوژکرلاوەکان دەردەکەوێ کەڕێژەی (٪٤٤,٩٧)ی نموونەکە ڕەگەزی نێرن لە بەرامبەریشیدا ڕێژەی (٥٥,٠٢ ٪) نموونەکە ڕەگەزی مێن. ئەگەر بە وردی سەرەنجی پێکهاتەی تەمەنی کۆمەڵی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بدەین دەبینین تەنیا ڕێژەی (٧,٢٢ ٪)ی نموونەکە، تەمەنیان لە نێوان(٠-١٠)ساڵیدایە کەمی ئەم ڕێژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ بۆنی ڕێژەیەکی زۆری بێوەژنی مێینە کە لە باری زاوزێدا نین، ئەم کەمە ڕێژەیەی هەیەش هی ئەوانەن کە ڕەگەزی نێری نموونەی توێژینەکەمان پێکدێنن. ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (١٠-١٩) ساڵیدایە بە هەمان شێوە ڕێژەیەکی کەم پێکدێنن دەگاتە (١١,٦٤ ٪)، بەڵام بۆ گرووپی تەمەنی (٢٠-٢٤) ساڵی ئەم گرووپە بەرزترین توێژی نموونەی توێژینەوەکەمان پێکدێنن دەکاتە (٪٣٠,٩٢) زۆربەیان ئەوانەن کە لە دوای بێسەرو شوێنکردنی باوکیان لە دایکبوونە و باوکی خۆیان نەبینیوە. ئەوانەی تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٢٥-٢٩) ساڵ ئەوانەش ڕێژەیەکی بەرز پێکدێنن بە ڕێژەی (٢٢,٤٨ ٪)، بەڵام سەبارەت بە کۆمەڵەکانی

دیکەی تەمەن دەبینین بە بەرزبوونەوەی تەمەن رێژەکە دادەبەزێ یەك لە دوای یەك، نزمترین رێژەش بە رێژەی (٠,٤٠ ٪) ئەوانەن کە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٧٠-٧٤)ساڵ دوا پلەی کۆمەڵی تەمەنی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکانی نموونەی توێژینەوەکەیە.

هەر لە هەمان خشتەدا بومان دەردەکەوێت بەرزترین رێژەی توێژی تەمەنی رەگەزی نێری بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان رێژەی(٤٠,١٧ ٪) کە لە نێوان (٢٠-٢٤) ساڵیدان، نزمترین توێژیش تەمەنیان لە نێوان (٦٠-٦٤) ساڵیدایە رێژەی (٠,٨٩ ٪)ی نموونەی توێژینەوە پێکدێنن. لە هەمانکاتدا بەرزترین رێژەی توێژی تەمەنی رەگەزی مێ رێژەی (٢٤,٠٨ ٪)یە کە تەمەنیان لە نێوان(٢٥-٢٩)ساڵیدایە و نزمترین رێژەش تەمەنیان لە نێوان (٧٠-٧٤) ساڵیدایە رێژەی (٠,٧٢ ٪) ی رەگەزی مێی نموونەی توێژینەوەوەکە پێکدێنن. هەروەها بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکانی نموونەی توێژینەوە بۆ هەردوو رەگەز (٢٤٩) کەسن ئەمە جگە لەو (١٢٥) کەسەی بۆ نموونەی توێژینەوە وەك یەکە (عینە) وەرمانگرتوون، بەم پێیە کۆی گشتی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکانی نموونەی توێژینەوە (٣٧٤) کەسن.

## خشتەی ژمارە (٢٠)

## دابەشبوونی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بە پێی ڕەگەز و باری کۆمەڵایەتی

| ڕەگەز / باری کۆمەڵایەتی | نێر | | مێ | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| سەلت | ١٠٠ | ٪٨٩,٢٩ | ١٢١ | ٪٨٨,٣٢ | ٢٢١ | ٪٨٨,٧٥ |
| خێزاندر | ١٢ | ٪١٠,٧٢ | ١٦ | ٪١١,٦٧ | ٢٨ | ٪١١,٢٤ |
| کۆی گشتی | ١١٢ | ٪٤٤,٩٧ | ١٣٧ | ٪٥٥,٠٢ | ٢٤٩ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢٠) دا تایبەتە بە باری کۆمەڵایەتی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بە پێی ڕەگەز بومان دەردەکەوێت لە کۆی (٢٤٩) کەس (جگە لەو ١٢٥ کەسە بۆ یەکەی توێژینەوە وەرگیراون). ڕێژەی (١١,٢٤ ٪) خێزاندارن لە هەردوو ڕەگەز، ڕێژەی (٨٨,٧٥ ٪) لە هەردوو ڕەگەز سەلتن.

ڕەگەزی نێر بە ڕێژەی (١٠,٧١ ٪) خێزانـدارن و ڕێـژەی (٨٩,٢٨ ٪) سـەلتن، هەرچی ڕەگەزی مێن ڕێژەی (١١,٦٧ ٪) خێزاندارن و ڕێژەی(٨٨,٣٢ ٪) سەڵتن.

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت ڕیژەیەکی بەرز لە بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان سەڵتن ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆکارێك وەك خراپی باردۆخی ژیان و کەمی دەرامەت و نەبوونی جێگاو شوێنی حەوانەوەو... هتد. هەروەها ئەو ناهاوسەنگییە دەروونییەی کە لە لایەن زۆربەی گەنجانی بەجێماو درووست بووە.

## خشتەی ژمارە (٢١)

## ئاستی خوێندنی ئەندامانی خێزانی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بۆ ڕەگەزی نێر

| ئاستی خوێندن | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ١٤ | ١٢,٩٧ ٪ |
| خوێندن و نوسین | ٤ | ٣,٧١ ٪ |
| سەرەتایی | ٣٢ | ٢٩,٦٣ ٪ |
| ناوەندیی | ٢٥ | ٢٣,١٥ ٪ |
| ئامادەیی | ١٢ | ١١,١٢ ٪ |
| سەروتر | ٢١ | ١٩,٤٥ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٨ | ١٠٠ ٪ |

سەبارەت بە ئاستی خوێندنی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بۆ ڕەگەزی نێر زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٢١) ڕووندەکەنەوە کە بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی (٢٣,١٥ ٪) قۆناغی سەرەتاییان خوێندووە. ئەم ڕێژە بەرزەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پاش قڕکردنی نێرینە بارزانیەکان لە ساڵی (١٩٨٣) و هێشتنەوەی ئافرەت و منداڵ لە ئۆردوگا زۆرەمیلیەکاندا، حکومەتی بەعس دەستیکرد بە داخستنی دەرگای قوتابخانەکان لە سەر منداڵە بارزانیەکان ئیتر مافیان پێنەدرا بخوێنن بۆیە بەناچاری وازیان لەخوێندن هێناوە ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بوو کە نەیان توانی درێژە بەخوێندنیان بدەن.

ڕێژەی (٢٣,١٥ ٪) قۆناغی ناوەندیان خوێندووە، ڕێژەی (١١,١٢ ٪) لە ئاستی قۆناغی ئامادەیدان، هەروەها ڕێژەی (١٩,٤٥ ٪) لە قۆناغەکانی سەرووتر (زانکو و پەیمانگاکان) دەخوێنن.

هه‌رچی نه‌خوێنده‌واره‌كانن رێژه‌ی (١٢,٩٧ ٪) پێكدێنن. نزمترین رێژه‌ی نموونه‌ی توێژینه‌وه‌كه ئه‌وانه‌ن كه ته‌نیا خوێندن و نوسین ده‌زانن ده‌كاته رێژه‌ی (٣,٧١ ٪).
(٤) چوار كه‌س له ره‌گه‌زی به‌جێماوی كۆمه‌ڵكوژكراوه‌كان (منداڵن) نه‌گه‌یشتونه‌ته ته‌مه‌نی خوێندن.

خشته‌ی ژماره (٢٢)

ئاستی خوێندنی ئه‌ندامانی خێزانی به‌جێماوی كۆمه‌ڵكوژكراوه‌كان بۆ ره‌گه‌زی مێینه

| ئاستی خوێندن | ژماره | ٪ |
|---|---|---|
| نه‌خوێنده‌وار | ٥٥ | ٤١,٣٦ ٪ |
| خوێندن و نوسین | ١٣ | ٩,٧٨ ٪ |
| سه‌ره‌تایی | ٤٤ | ٣٣,٠٩ ٪ |
| ناوه‌ندیی | ٩ | ٦,٧٧ ٪ |
| ئاماده‌یی | ٦ | ٤,٥٢ ٪ |
| سه‌روتر | ٦ | ٤,٥٢ ٪ |
| كۆی گشتی | ١٣٣ | ١٠٠ ٪ |

خشته‌ی ژماره (٢٢) تایبه‌ته به ئاستی خوێندنی ره‌گه‌زی مێینه‌ی به‌جێماوی كۆمه‌ڵكوژكراوه‌كان ده‌رده‌كه‌وێت كه به‌رزترین رێژه نه‌خوێنده‌وارن به‌رێژه‌ی (٪٤١,٣٦).
وه‌ك له چاوپێكه‌وتنه‌كاندا بۆمان روون بووه زۆربه‌ی هه‌ره زۆری كچه‌كان به هۆی كاروباری ماڵه‌وه نه‌یان خوێندووه، چونكه دایكه‌كانیان كاری ده‌ره‌وه‌یان ده‌كرد و به ئه‌ركی پیاو هه‌ڵده‌ستان، هه‌ندێكیش له كچه‌كان له گه‌ڵ دایكیان ده‌چوونه كاركردنی

ڕۆژانـە. دووەم ڕێـژە بـە ڕێـژەی (٣٣,٠٩ ٪) ئەوانـەن کـە تـەنیا لـە ئاسـتی قۆنـاغی سەرەتایی خوێندوویانە، بەشێك لە مانە بەهۆی نەبوونی پێداویستیەکانی خوێنـدن و داخستنی دەرگاکانی قوتابخانە لـە سـەریان نـەیان توانیـووە درێـژە بـە خوێنـدنیان بدەن. ڕێژەی (٩,٧٨ ٪) تـەنیا خوێنـدن و نوسـین دەزانـن و ڕێـژەی (٦,٧٧ ٪) قۆنـاغی ناوەنـدییان خوێنـدووە، هەرچـی ئەوانـەن لـە قۆنـاغی ئامـادەین ڕێـژەی (٤,٥٢ ٪) پێکدێنن و هەمان ڕێژەش لە قۆناغەکانی سەروتر دەخوێنن.




هێڵکـــاری ژمـــارە (١٦) ئاســـتی خوێنـــدنی ئەنـــدامانی خێزانـــی بـــەجیاوازی کۆمەڵکوژکراوەکان بۆ هەردوو ڕەگەز ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی ژمارە(٢٣)**

**پیشەی ئەندامانی خێزانی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بۆ ڕەگەزی نێر**

| جۆری پیشە | ژمار | ٪ |
|---|---|---|
| بێکار | ٤ | ٣,٥٨ ٪ |
| کرێکار | ١٠ | ٨,٩٣ ٪ |
| پ.م | ٢٠ | ١٧,٨٦ ٪ |
| قوتابی | ٤٧ | ٤١,٩٧ ٪ |
| فەرمانبەر | ٢٠ | ١٧,٨٧ ٪ |
| ئەندازیار | ١ | ٠,٩٠ ٪ |
| پولیس | ٣ | ٢,٦٨ ٪ |
| شوان | ٢ | ١,٧٩ ٪ |
| ئەفسەر | ٢ | ١,٧٩ ٪ |
| ماموستا | ٣ | ٢,٦٨ ٪ |
| کۆی گشتی | | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە(٢٣) تایبەتە بە جۆری پیشەی ڕەگەزی نێری بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان دەردەکەوێ کە بەرزترین ڕێژە قوتابین بەڕێژەی(٤١,٩٧ ٪) و نزمترین ڕێژەش پێشەیان ئەندازیارییە بە ڕێژەی(٠,٩٠ ٪) .هەروەها ڕێژەی(٣,٥٨ ٪) نێرینەی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بێکارن و ڕێژەی(٨,٩٣ ٪)پێشەیان کرێکارییە. لە ڕاستیدا ئەو پیشە کرێکارییەی کە لە توێژینەوەکەدا هاتووە زۆربەیان ئەو کەسانەن کە بە شێوەی پچڕ پچڕ لە چەند ڕۆژێکی کەم لە مانگێکدا کاردەکەن و ڕۆژانی دیکە بێکارن، هەندێکیان کاری شوفێری دەکەن وەك لە چاوپێکەوتنەکاندا

دیـاربوو هەنـدێك ڕۆژ کاریـان هەیـەو هەنـدێك ڕۆژیـش کاریـان نیـە، هەنـدێکیش ئەوانەن کە وەرزێك لەوەرزەکانی ساڵ کاردەکەن، زۆربەیان جاری واهەیە بە مانگێك کارناکەن بۆیە ئەگەرچی بە کرێکار ناوزەند دەکرێت بەڵام لە بنچینەدا لـە حالـەتی بێکاری دەمامکـداردا (بگلـە مقنعـە) دەژیـن. هەرچـی فەرمانبـەرن ڕێـژەی(١٧,٨٧ ٪) پێکـدێنن، ڕێـژەی(٢,٦٨ ٪) پیشـەیان ماموسـتایەتییەو هـەمان ڕێـژەش پیشـەییان پولیسییە. ڕێژەی(١,٧٩ ٪) پیشەیان ئەفسەرییە و هەمان ڕێژەش پیشەیان شوانییە.

خشتەی ژمارە(٢٤)

پیشەی ئەندامانی خێزانی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بۆ ڕەگەزی مێ

| جۆری پیشە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| کابان و کاری ماڵەوە | ٥٠ | ٣٦,٥٠ ٪ |
| فەرمانبەر | ١٢ | ٨,٧٦ ٪ |
| ماموستا | ٢ | ١,٤٦ ٪ |
| قوتابی | ٢١ | ١٥,٣٣ ٪ |
| بێکار و کچی ماڵەوەوە | ٤٥ | ٣٢,٨٤ ٪ |
| کارکردن | ٧ | ٥,١٠ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٣٧ | ١٠٠ ٪ |

خشـــتەی ژمـــارە (٢٤) تایبەتـــە بـــە پیشـــەی مێینـــەی ئەنـــدامانی بـــەجێماوی کۆمـەڵکوژکراوەکان دەردەکـەوێ ڕێـژەی (٣٦,٥٠ ٪)ی مێنـە پێشـەیان کابـان و کـاری

ماڵەوەیە بەرزترین رێژی نموونەکە پێکدێن، دووەم رێژەش بە رێژەی (٣٢,٨٤ ٪) بێکار و کچی ماڵەوەن، دواتر رێژەی (١٥,٣٣ ٪) قوتابین. رێژەی (٨,٧٦ ٪) پیشەیان فەرمانبەرییە لە دام ودەزگاکانی میری، رێژەی (٥,١٠ ٪) کاردەکەن وەکو کارکردن لە کارگەکان و دوورمانی و ...هتد. نزمترین رێژەش بە رێژەی (١,٤٦ ٪) پیشەیان ماموستایەتییە.




هێلکاری ژمارە (١٧) پیشەی ئەندامانی خێزانی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بۆ هەردوو رەگەز رووندەکاتەوە.

## خشتەی ژمارە (٢٥)

## باری ئابووری پێش شاڵاوی کۆمەڵکوژی و پاش شاڵاوی کۆمەڵکوژی تاساڵی (١٩٩١)

| شاڵاوەکان / باری ئابووری | پێش کۆمەڵکوژی | | پاش کۆمەڵکوژی | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| باش | ٤٧ | ٪٣٧,٦٠ | - | - |
| ناوەند | ٤١ | ٪٣٢,٨٠ | ٣ | ٪٢,٤٠ |
| خراپ | ٣٧ | ٪٢٩,٦ | ١٢٢ | ٪٩٧,٦٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢٥) تایبەتە بە باری ئابووری لە هەردوو قۆناغی پێش کۆمەڵکوژی و پاش کۆمەڵکوژی مەبەست لە پاش کۆمەڵکوژی لە ساڵی (١٩٨٣ تا ساڵی ١٩٩١). دەردەکەوێت پێش شاڵاوی کۆمەڵکوژی بەرزترین ڕێژە دەگاتە (٣٧,٦ ٪) باری ئابوورییان باش بوو، بەڵام لە پاش شاڵاوی کۆمەڵکوژی (سفر ٪) باری ئابوورییان باش بوو واتا لە نموونەی توێژینەوەکەمان پاش شاڵاوی کۆمەڵکوژی هیچ خێزانێك باری ئابوورییان باش نەبوو. ڕێژەی (٣٢,٨ ٪) نموونەی توێژینەوە پێش شاڵاوی کۆمەڵکوژی لە باری ئابووری مام ناوەندیدا بوون. بەڵام پاش شاڵاوی کۆمەڵکوژی ڕێژەی (٢,٤٠ ٪) لە باری ئابووری ناوەندیدابوون. هەرچی ئەوانەی باری ئابوورییان

خـراپ بـوو لـە پـێش شـاڵاوی کۆمـەڵکوژی ڕێـژەیان (٢٩,٦ ٪) بـەڵام پـاش شـاڵاوی کۆمەڵکوژی ئەم ڕێژەیە زۆر بـەرز دەبێتـەوە دەگاتـە (٩٧,٦ ٪) کـە لـە بـاری ئـابووری خراپ دا بوون. بەرزترین ڕێـژە لـەپێش شاڵاوی کۆمـەڵکوژی بـاری ئابوورییـان بـاش بوو کەچی لە پاش شاڵاوی کۆمەڵکوژی بەرزترین ڕێژە بـاری ئابوورییـان خـراپ بـوو ئەمـەش کاریگەرییـە نیگەتیڤـەکانی پـڕۆژەی لـە نـاوبردن لـە سـەر خێزانـە بـە جێماوەکان لەهەموو ڕوویەکەوە دەردەخات.




هێلکاری ژمارە (١٨) باری ئابووری پێش شاڵاوی کۆمەڵکوژی و پاش شاڵاوی کۆمەڵکوژی تاساڵی (١٩٩١) ڕووندەکاتەوە.

## خشتەی ژمارە (٢٦)

## سەرپەرشتیاری خێزان پێش شالاوی کۆمەڵکوژی و پاش شالاوی کۆمەڵکوژی.

| سەرپەرشتیاری خێزان پێش کۆمەڵکوژی | ژمارە | ٪ | سەرپەرشتیاری خێزان پاش کۆمەڵکوژی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| باوك | ٣٣ | ٪٢٦,٤٠ | باوك | ١٢ | ٪٩,٦٠ |
| مێرد | ٨٠ | ٦٤ ٪ | ژن | ٨٠ | ٦٤ ٪ |
| دایك | ٢ | ١,٦٠ ٪ | دایك | ٢٤ | ٪١٩,٢ |
| کور | ٧ | ٥,٦٠ ٪ | کور | ٤ | ٣,٢٠ ٪ |
| خوشك و برا | ٣ | ٢,٤٠ ٪ | خوشك وبرا | ٥ | ٤ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ ٪ | کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ ٪ |

زانیارییەکانی ناوخشتەی ژمارە (٢٦) ڕووندەکاتەوە کە پێش شالاوی کۆمەڵکوژی بەرزترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوە بە ڕێژەی (٦٤٪) سەرپەرشتیاری خێزان لە ژێر دەسەڵاتی ( مێرد)دا بووە واتە لە ژێر دەسەڵاتی مێردی نموونەی توێژینەوە بووە. بەڵام پاش شالاوی کۆمەڵکوژی ئەم ڕێژەیە گۆڕاوە بە هەمان ڕێژە (٦٤ ٪) کەوتووتە ژێر دەسەڵاتی (ژنەکانیان). ڕێژەی (٢٦,٤٠ ٪) لە پێش شالاوی کۆمەڵکوژی لە ژێر کۆنترۆڵی ( باوك) بوو. بەڵام پاش شالاوی کۆمەڵکوژی بە ڕێژەی (١٩,٢٠ ٪) کەوتووتە ژێر دەسەڵاتی (دایك ). ئەگەر ئێمە بە دیدگایەکی کۆمەڵناسانە لەم خشتەیە بڕوانین، دەبینین سەرپەرشتیاری خێزان لە ڕەگەزی نێرەوە گۆڕاوە بۆ ڕەگەزی مێ.

بـە شـێوەیەکی گشـتی کـۆنترۆڵی کۆمەڵایـەتی لـە باوکـەوە گـۆڕاوە بـۆ دایـك یـان ئەندامێکی تری خێزان، بێگومان ئەمەش کاریگەری دەبێت لە سـەر پـەروەردەکردنی منداڵ و پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بوون و دەبێتە هـۆی پەرتـەوازەبوون و شـێواندنی شیرازەی خێزان و توانەوەی دەروون و کەسایەتی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان.




هێلکاری ژمارە (١٩) سەرپەرشتیاری خێزان پێش شاڵاوی کۆمەڵکوژی و پاش شاڵاوی کۆمەڵکوژی ڕووندەکاتەوە.

## خشتەی ژمارە (٢٧)

## پەیرەوکردنی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٠ | ٪ ٣٢ |
| نەخێر | ٨٥ | ٪ ٦٨ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ |

داتاکانی ناو خشتەی ژمارە (٢٧) ڕای نموونەکە پێشان دەدەن سەبارەت بەوەی ئایا ئێستا وەکو جاران پەیرەوی داب و نەریتی عەشیرەتەکەت دەکەیت؟

نزمترین ڕێژە بە ڕێژەی (٣٢ ٪) بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە و پێیان وایە لە ئەنجامی شاڵاوی کۆمەڵکوژی داب ونەریتەکان نە گۆڕاون، لە بەرامبەر ئەمەشدا بەرزترین ڕێژە بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە پێیان وایە پاش شاڵاوی کۆمەڵکوژی داب ونەریتەکانیان گۆڕاون کە ڕێژەی (٦٨٪) پێکدێنن.




هێلکاری ژمارە (٢٠) پەیرەوکردنی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بەجێماوە کۆمەڵکوژکراوەکان رووندەکاتەوە.

## خشتەی ژمارە(٢٨)

## گۆڕینی داب و نەریت و هۆکارەکانی

| هۆکارەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| ڕاگەیاندن | ١٢ | ١٤,١٢ ٪ |
| تێکەڵاوبوون | ٢٤ | ٢٨,٢٤ ٪ |
| پێشکەوتن | ١٤ | ١٦,٤٧ ٪ |
| بێ کەسی | ٨ | ٩,٤١ ٪ |
| بەرژەوەندی تایبەت | ٦ | ٧,٠٥ ٪ |
| مودێل | ٣ | ٣,٥٣ ٪ |
| ڕۆشنبیری | ٣ | ٣,٥٣ ٪ |
| گۆڕان | ٥ | ٥,٨٩ ٪ |
| پەرتەوازەبوون | ٤ | ٤,٧٠ ٪ |
| نازانم | ٦ | ٧,٠٥ ٪ |
| کۆی گشتی | ٨٥ | ١٠٠ ٪ |

خشتەی ژمارە (٢٨) تایبەتە بە هۆکارەکانی گۆڕینی داب و نەریت لە کۆی (٨٥) یەکەی نموونە دەردەکەوێت بەرزترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوە بەرێژەی (٢٨,٢٤ ٪) پێیان وایە بە هۆی تێکەڵاوبوونیان لە گەڵ خەلکی تر داب و نەریتەکان گۆڕاون. ڕێژەی (١٦,٤٧ ٪) پیان وایە ئەو پێشکەوتنەی ئەمرۆ کۆمەڵگای کوردی بە تایبەتی جیهان بە گشتی بە خۆیەوە دەبینێ بووەتە هۆی گۆڕینی داب و نەریت. ڕێژەی (١٤,١٢ ٪) پێیان وایە ڕاگەیاندن بووەتە هۆی گۆڕینی ترادیسیۆن. ڕێژەی (٩,٤١ ٪)

پێیان وایە بە هۆی بێ کەسی و تەنیایی داب و نەریتیان گۆڕاوە. ڕێژەی (٧,٠٥٪)ی نموونەی توێژینەوە پێیان وایە بە هۆی بەرژەوەندی تایبەت داب ونەریتیان گۆڕاوە. ڕێژەی (٥,٨٩ ٪) گۆڕینی داب و نەریت دەگەرێنەوە بۆ گۆڕینی بارودۆخ. ڕێژەی (٤,٧٠ ٪) پێیان وایە بە هۆی پەرتەوازەبونیان داب و نەریتەکانیان گۆڕاون. ڕێژەی (٣,٥٣ ٪) وای بۆ دەچن کە بەهۆی مۆدێلی سەردەمەوە داب و نەریتیان گۆڕاوە. بە هەمان ڕێژەش وای بۆ دەچن بەهۆی هوشیاری و ڕۆشنبیری خەڵك داب و نەریتەکانیان گۆڕانیان بەسەرداهاتووە. ڕێژەی (٧,٠٥ ٪) نازانن بۆچی داب و نەریتەکانیان گۆڕاوە.

**خشتەی ژمارە (٢٩)**

**پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بە تایبەت خزمایەتی بەجێماوە کۆمەڵکوژکراوەکان ڕووندەکاتەوە**

| پەیوەندی کۆمەڵایەتی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| باشە | ٩٩ | ٪ ٧٩,٢٠ |
| خراپە | ٢٦ | ٪ ٢٠,٨٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢٩) پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بە تایبەت خزمایەتی بەجێماوە کۆمەڵکوژکراوەکان ڕووندەکاتەوە، لە نموونەی توێژینەوەدا دەرکەوت ڕێژەی (٧٩,٢٠ ٪) ی نموونەکە پەیوەنیان لە گەڵ خزم و کەسیان باشە، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە کەپێیان وایە پرۆژەی لە ناوبردن کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبووە لە سەر پەیوەندی خزمایەتی و کەسوکاری کۆمەڵکوژکراوەکان هەر بەردەوامن لە سەر پەیوەندیەکانیان

ئەمەش دەگەڕێتەوە بوو ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بە هێزەی کە لە نێو کوردا هەیە لە دێر زەمانەوە. بەرامبەر بە مەش ڕێژەی (٢٠,٨٠٪) بەهۆی پرۆژەی لە ناوبردنی بارزانییەکان پەیوەندییان خراپ بووە لە گەڵ کەسوکاریان.

خشتەی ژمارە-٣٠-

نەخۆشییە دەروونییەکانی نموونەی توێژینەوە

| نەخۆشیە دەروونییەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| دڵ تەنگی | ٦٥ | ٢٢,٤١ ٪ |
| دڵە راوکێ | ٥٥ | ١٨,٩٦ ٪ |
| ترس | ٥٠ | ١٧,٢٤ ٪ |
| لە بیرکردن | ٤٠ | ١٣,٧٩ ٪ |
| لە هۆش چوون | ٢٥ | ٨,٦٢ ٪ |
| خەم وخەفەتی زۆر | ١٩ | ٦,٥٥ ٪ |
| هیستریا | ١٦ | ٥,٥١ ٪ |
| بێ بەزەیی | ٨ | ٢,٧٥ ٪ |
| چاوەروانی | ٧ | ٢,٤١ ٪ |
| بێ ئومێدی | ٥ | ١,٧٢ ٪ |
| کۆی گشتی | ٢٩٠ | ١٠٠ ٪ |

هەندێك لە زانایان تەنیا ئەو پەشێویانە بە نەخۆشی دەروونی دادەنێن کە لە بارەی سۆزی مرڤەوە روودەدەن، بەلآم هەندێکی تر نەخۆشی دەروونی بە فروانتر دادەنێن، بەجۆرێك کە هەموو گۆڕان و شێوانێکی مروڤ دەگرێتەوە وەکۆ پەشێوی سۆزی، پەشێوی ژیری،پەشێوی لەشی، پەشێوی رەوشت.[٣] بە شێوەیەکی گشتی ئەم خاسیەت و نیشانانەی خوارەوە بەمەرجی تووش بوونی یەکێك لە نەخۆشییە دەروونی یان ژیریەکان دادەنرێت، کە بریتین لە[٤] :

١. تێکچوونی ئاشنایەتی و پەیوەندی نێوان نەخۆش و خۆدی خۆی و توانست و ئامانجەکانی لە ژیاندا.

٢.کۆنترول نەکردن و دەرچوونی هەلسووکەوت و چالاکییەکان لە ژێر رکێف و دەسەلآتی تاك.

٣.هەست نەکردنی بەردەوام بە دلنیایی و ئارامی، گومان کردن لە خۆد و بروا نەبوون بە خۆ.

٤.هەرەس هێنانی پەیوەندییە کۆمەلآیەتیەکان و سەر نەکەوتن لە بەستنی پەیوەندی کۆمەلآیەتی و بێزار بوون لە کەسانی چوار دەور.

٥.کەم بوونەوە، یان نەمانی توانای بەرهەمهێنان و داهێنان .

٦.هەلسوکەوتی نا ئاسایی و دژ بەمەنتیق و ژیری و داب و نەریتی کۆمەلآیەتی.

٧.بەردەوام بوون و دووبارەبونەوەی گرژی، ترس، دلتەنگی، خەمۆکی، ڕەشبینی، خەولێزران...هتد.

ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەینە ڕووخساری کەس و کاری کۆمەلکوژکراوەکان و لە باردۆخی تەندروستی و دەروونی و کۆمەلآیەتیان بکۆلینەوە ئەوا بە ئاشکرا ئاسەواری زۆرێك لە نەخۆشی و حالەتە دەروونییەکان بە دیاردەکەون بەشێوەیەك کە ڕەنگە لە گەل نەخۆشییە لەشییەکان یەکسان بن یاخود زیاتربن. لە داتاکانی ناو خشتەی ژمارە (٣٠) کە تایبەتە بەحالەت و نەخۆشییە دەروونییەکان، ئەو کەسانەی

کە دووچاری نەخۆشی دەروونی بوونە یاخود لە ناخەوە گۆڕاون دەرکەوتووە لە کۆی (١٢٥) یەکەی نموونـە (٢٩٠)حالـەت و نـەخۆشـی دەروونـی درووسـت بـووە. ئەوانـەی خوارەوە ئەو نەخوشییە دەروونیانەن کە یەکەکانی نموونـەی توێژینـەوە دووچـاری هاتوون:

١- دڵ تەنگی:

جـۆرە هەسـتێکە یـاخود جـۆرە میزاجێکـە کـەم کـەس هەیـە دووچـاری نـەبوبێت پەیوەندییەکی زۆر هەیە لە نێوان دڵەراوکێ و دڵتەنگیدا، هەردووکیان لە زۆر دیاردە وەك یەك وان، بێجگە لەمەش چەندە هۆیەك هەن کە دەبنە هـۆی دڵـەراوکێ ئەگـەر بەردەوام بن و بمێنەوە دەبنە هـۆی تووشـبوونی دلتـەنگی.[5]ئەوکەسانەی دووچـاری نەخۆشی دڵتەنگی دەبـن زۆرجـار دانـی پیـا دا نـانێن بـەڵکو لـە ژێـر پـەردەی چـەند نەخۆشـییەکی تـری دەروونـی ولەشـیدا دەریـدەبڕن. لەخشـتەی ژمـارە (٣٠) نیشـان دەدرێ کەڕێژەی(٢٢,٤١ ٪)ی نموونەی توێژینەوە دووچاری دڵتەنگی هاتوون، ئەمـەش بەرزترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوە پێکدێنێت.

٢- دڵەراوکێ:

دڵەراوکێ جۆرە هەڵچونێکە وەکـو تـرس وایـە، هـەردووکیان پەیوەنـدییان بەیەکـەوە هەیە دژی کـارێکی ترسـناکن، بـەڵام ئەوەنـدە هەیـە شـتە ترسـناکەکە لـە هەڵچوونی ترسدا دیارو ئاشکرایە، بەڵام لە هەڵچوونی دڵەراوکێدا دیارنییەو نازانرێت چیە.[6]لە دڵەراوکێـدا مـرۆڤ بـەردەوام هەسـت بەدڵتـەنگی و پـەژارە دەکـات. دڵـەراوکێ دیاردەییـەکی دەروونـی گشـتییەو هـەموو مرۆڤێـك دووچـاری دەبێـت و هـیچ تاکێـك نییـە ئەگـەر بۆمـاوەی چـەند خولـەکێکیش بێـت دووچـاری دڵـەراوکێ نـەبێت.[7]لەتوێژینەوەکـەدا دەرکـەوتووە ڕێـژەی (١٨,٩٦ ٪) نموونـەی توێژینـەوە دووچاری دڵەراوکێ هاتوون.

٣- ترس-توقێن (phobia ):

ترس جۆرە حالەتێکی دەروونییە مرۆڤ دووچاری دەبێت، لەم حالەتانەدا نەخوشەکە زیاد لە پێویست لەو شتە دەترسێت وەك ترس لە فرۆکە، لە ئۆتومبێلی گەورە، لە تاریکی، لەقەلەبالغی، لە خوێن...هتد

دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ترس و فوبیا کەمێك لێك جیاوازن، بەڵام لەم توێژینەوەدا هەردووکیان بە یەك حالەت دانراون، ئەم دووخالانەی خوارەوە ترس لە توقێن (فوبیا) جیادەکاتەوە:

١- ترس هەلچوونێکی سروشتییەو لای هەموو مرۆڤێك هەیە، زۆر پێویستە بۆ مانەوەو پارێزگاری کردنی تاك لە گشت دیاردەو بونەوەرە ترسناکەکانی ژیان، بەڵام توقێن(فوبیا) دیاردەو نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتییە و مرۆڤ لەو ژینگەی تیایدای دەژی دووچاری دەبێت، زیانێکی گەورە بە کەسایەتی و خۆدی مرۆڤ دەگەیێنێ و لە ریچکەی گەشەکردنی سروشتی خۆی لای دەبات.

٢- هۆکارەکانی درۆست بوونی ترس ئاسایی و سروشتییە، مرۆڤ راستەو خۆ هەست بە هەرەشەو مەترسیەکان دەکات و شایەنی ئەو مەترسییەیە بۆ نموونە (ئاژەلی دڕندە، هەژاری، هەرەشە و شەرو کوشتار...هتد) دەبنە هۆی درووستکردنی ترس لای زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵ، کارێکی ئاساییە ئەگەر مرۆڤ بترسێت، بەڵام لە حالەتی تۆقێن(فوبیا) مرۆڤ لە شتی وادەترسێت کە پێوست بەو هەموو ترس و هەڵاتنە ناکات، بەلای زۆربەی خەڵکانی ترەوە ئاسییەو ئەوان لێی ناترسن، بەڵام ئەو مرۆڤانەی دووچاری تۆقێن دەبن و زەندەق و زراویان دەچێت و لەو شتە ئاساییانە دەتۆقێت هۆی سەرەکی توقێنەکەشیان نازانن بە پێچەوانەی ترسەوە کە مرۆڤ هەست بەسەرچاوەی ترسەکە دەکات.(٨) لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە کەرێژەی (١٧/٢٤ ٪) نموونەی توێژینەوە دووچاری ترس و توقێن هاتوون. کەبێگۆمان ئەوەش دەرئەنجامی هەموو ئەو زەبرو ستەم و توقاندنەیە کەرژێمی

پێشوی عێراق بەرامبەر بە گەلی کورد بەگشتی و بارزانیەکان بەتایبەتی ئەنجامیداوە.

٤- لە بیرکردن:

زۆرجار رووداوی دڵتەزێن و ناخۆش و کاریگەر دەبێتەهۆی لە بیرکردن، ئەم حالەتە دەروونییە کاردەکاتە سەرمێشك وەك مردن و لە دەستدانی خۆشەویستێك یان یادکردنەوەی رووداوێکی دڵتەزێن کە دەبێتە هۆی خرپەیەکی دەروونی کار دەکاتە سەرمێشك و دەبێتەهۆی لەبیرچونەوە.[٩] لە توێژینەوەکەدا هاتووە(١٣,٧٩ ٪) یەکەکانی نموونەی توێژینەوە دووچاری لەبیرچوونەوە هاتوون.

٥- لەهۆش چوون- بۆرانەوە (Absence)

نەخۆشییەکی دەمارییە بریتیە لە پەشۆکی کاتی لە فەرمانەکانی دەماغ دا کە بۆرانەوەی لە گەڵدایە ئەم پەشوکییەش شیاوی دووبارە بونەوەیە.[١٠] بارێکە لە هەڵوەشانەوەی دەروونی و مرۆڤ جوولەی خۆ ویستی نامێنێ. [١١] لەم توێژینەوەدا دیار کەوتووە کە رێژەی(٨,٦٢ ٪) دووچاری لە هۆش چوون بوونە .

٦- خەم و خەفەتی زۆر:

خەم کاریگەری دەروونی زۆری لێدەکەوێتەوە، بەپێی زانستی سایکۆلۆژی مرۆڤی خەمبار هەمیشە ماندووە، ئەگەر کاروباری جەستەیشیان نەکردبێت، ئەو ماندوبوون و پەژارەیەش کاریگەری راستەوخۆ لە خواردن دەکات، مرۆڤی خەمبار دەگات بە ئاستێك لە دڵەراوکێ و پەژارە، ریخۆڵەکانی دووچاری لاوازییەك دەکات کە ڤیتامینی خواردنەکان بە باشی نەگوێزرێتەوە بۆ لەش، ئەمەش کاریگەری دەبێت بۆ سەر کارو چالاکی مرۆڤ و هەروەها سۆری خوێن و دابەش بوونی خواردن و ئوکسجین بە سەر لەشدا، هەر بوویە هەندێ ئەندامی لەش دووچاری بەدخۆراکی یان کەمی ئوکسجین دەبێت، ئەگەرهەموو لەشیش دووچاری نەبێت ئەو کاتەش هۆرموناتی لەش دووچاری نارێکی و تێکچوون دەبێت، ئەو کات چالاکی جێ بەجێ

کردنی کار دووچاری زیان پێگەیشتن و هەندێ جار لە ناوچوون و ون بوون دەبێت هەر ئەوەش وادەکات مرۆڤی خەمبار هەست بە خاوی و قۆرسی لەش دەکات و[١٢]مرۆڤی خەمبار ناتوانێت خاوەن ئیرادەیەکی بەهێز بێت. لەم تویژینەوە دا ڕێژەی (٦,٥٥ ٪) یەکەکانی نموونە دووچاری خەم و خەفەتی زۆر هاتوون.

٧- هیستریا:

نەخۆشی هیستریا لە ئەنجامی بەربەرکانێیەکی نێوان(خەمۆکی) و چەند ئارەزوویەکی تۆخمدا، تۆشی مرۆڤ دەبێت ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە ئەم بەبەرەکانییە دەبێتە هۆی (خەفەکردن)ی ئەم ئارەزووانە، لەبەر ئەوەی خەفەکردنەکەش بەشێوەیەکی تەواو نیە بۆیە ئەو ئارەزووانە لە شێوەی نەخۆشیەکی لەشی دا دەردەکەون.[١٣] هیستریا بە کۆنترین و سەرسورهێنەر ترین نەخۆشی دەروونی دادەنرێت و بە زۆری هەرزەکاران و لاوان (لە هەردوو تۆخمی نێر و مێ) زیاتریش تۆخمی( مێ) تۆشی دەبن[١٤] لەم تویژینەوەیەشدا ڕێژەی (٥,٥١ ٪) یەکەی نموونە دووچاری هێستریا هاتوون.

هەر لەم تویژینەوەیەدا دەر کەوتووە کە کەسو کاری بارزانیە کۆمەلکوژکراوەکان جگە لەم حالەتانەی سەرەوە دووچاری نەخۆشی دەروونی و حالەتی تری وەك ( بێ بەزەیی، چاوەروانی، بێ ئۆمێدی) هاتوون کە ڕێژەیان یەك لە دوا یەك بەم شێوەیە یە (٢,٧٥٪، ٢,٤١ ٪ ، ١,٧٢ ٪).

\




هێڵکاری ژمارە (٢١) حالەت و نەخوشییە دەروونیەکانی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە.

## خشتەی ژمارە(٣١)

## دووبارە شووکردنەوەی ئافرەتەکانی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان

| ئافرەتەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| شوویان کردەوە | ٤ | ٣,٢ ٪ |
| شوویان نەکردەوە | ١١٩ | ٪٩٥,٢ |
| بێ وەڵام | ٢ | ١,٦ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪١٠٠ |

داتاکانی خشتەی ژمارە(٣١) کە تایبەتە بەوەڵامدانەوەی پرسیارێك: (ئایا دوای کۆمەڵکوژی ئافرەتەکان شوویان کردەوە؟)

ئەنجامەکەی بەم شێوەیە دەرکەوتووە بە ڕێژەی (٣,٢ ٪)پێیان وایە ئافرەتەکان شوویان کردوتەوە بەرامبەر بەمەش ڕێژەی (٩٥,٢ ٪)پێیان وایە ئافرەتەکان شوویان نەکردووتەوە. ڕێژەی (١,٦ ٪) بەرامبەر بەم پرسیارە بێ وەڵام بوون، لەسەرجەم حالەتەکاندا کەسانی نموونەی توێژینەوە بەرامبەر بە هەر وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە، بێ توانایی و بێزارییان هەبوو بە گومانەوە وەڵامەکان دراونەتەوە.

لە پرۆسەی بێسەر و شوێنکردنی بارزانیەکان، ئافرەتەکان وەکو توێژێکی سەرەکی کۆمەڵ، بەشێکی هەرە زۆری لەو زەرەر و زیانەی بەرکەوت. سەدان ژنی جوان و تەمەن بچوك و گەنج بە تەنیا ماون و پیاوەکانیان کۆمەڵکوژکراون ئەوا زیاتر لە-٢٤- ساڵە چاوەروانن شوویان نەکردووتەوە، ژنی وا هەیە بوکی یەك شەو بووە، کچی مارەکراو هەن هێشتا نەگوێزراونەتەوە لە چاوەروانیدا زولفی سپی کردووە...

## خشتەی ژمارە (٣٢)

## شوو نەکردنەوەی ئافرەتەکان و هۆکارەکانی

| هۆکارەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| داب و نەریت | ٢٨ | ٪ ٢٣,٥٢ |
| وەفا | ٢٦ | ٪ ٢١,٨٤ |
| لە بەر منداڵەکان | ٣٨ | ٪ ٣١,٩٣ |
| بێ ئومێد نەبوونە | ١٩ | ٪ ١٥,٩٦ |
| باری دەروونی ئافرەتەکان | ٨ | ٪ ٦,٧٢ |
| کۆی گشتی | ١١٩ | ٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٣٢) تایبەتە بە هۆکارەکانی شوو نەکردنەوەی ئافرەتەکانی بەجێماو. ڕێژەی (٣١,٩٣ ٪)ی نموونەکە ئەو ژنانەن کە خاوەن منداڵن و لە بەر منداڵەکانیان شوویان نەکردووتەوە پێیان ئاسان نییە جارێکی تر خێزانێکی نوێ دروست بکەن، هەموو ژیانیان تەرخانکردووە بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانیان، ئەم ئافرەتانە خەسلەتی دایکایەتی و لە هەمانکاتدا ڕۆڵی باوکایەتیان بینیووە. ڕێژەی(٢٣,٥٢ ٪) هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ مەسایلی عەشایری و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی. ڕێژەی (٢١,٨٤ ٪) هۆکارەکەی وەفا و خۆشەویستی نێوان خۆیان و مێردەکەیانە، کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکان بە گشتی و لە نێوان ژن و مێردا بە تایبەتی زۆر بەتینە، بە تایبەت لەنێو بارزانیەکاندا.

ڕێژەی(١٥,٩٦ ٪)ی نموونەکە بێ ئومێد نەبوونە و هێشتا هەر چاوەڕوانن، سەرەرای هێنانەوەی ئێسکی ژمارەیەك لە کەسوکاریان.

ڕێژەی (٦,٧٢ ٪) هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆباری دەروونی ئافرەتەکان کە دووچاری حالەتێکی وابوونە لە هەمووشتێك تەنانەت لەشوکردنەوەش بێزار بوونە، یاخود دووچاری چەند حالەتێکی دەروونی جیاواز بوونە ئەمانە وایان لێ هاتووە کە ئارامی و ئاسودەیی بەشتێکی لە ناکاو دەزانن و کارەسات بە دۆخێکی ئاسایی.




هێلکاری ژمارە(٢٢) هۆکارەکانی شوونەکردنەوەی ئافرەتەکانی بە جێماوی کۆمەڵکوژی ڕووندەکاتەوە

**خشتەی ژمارە(٣٣)**

**ڕوانینی خەڵکی کوردستان بۆ کەسوکاری کۆمەڵکوژکراوەکان پاش کۆمەڵکوژی**

| وەڵامەگان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەبەزەی هاودەردەوە | ١٠٤ | ٪ ٨٣,٢ |
| بەڕقەوە | ١٠ | ٪ ٨ |
| هەستمان بەهیچ نەکردووە | ١١ | ٪ ٨,٨ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە(٣٣) ڕوانینی خەڵکی کوردستان بۆ کەس و کاری کۆمەڵکوژکراوەکان پاش کۆمەڵکوژی نیشان دەدات. ڕێژەی(٨٣,٢ ٪)ی نموونەی ڕوانینی خەڵك بۆ کەس و کاری کۆمەڵکوژکراوەکان بەبەزەیی و هاودەردەوە دەنرخێنن. ڕێژەی(٨ ٪)ی نموونەی توێژینەوە پێیان وایە خەڵکی کوردستان بەڕق و لابەلایی سەیری کەس و کاری کۆمەڵکوژکراوەکان دەکەن. ڕێژەی(٨,٨ ٪)ی نموونەکە هەستیان بە هیچ نەکردووە. بەم ڕێژە بەرزەی کە بە بەزەی و هاودەردەوە سەیری کەس و کاری کۆمەڵکوژکراوەکانیان کردووە ئەوەمان بودەردەکەوێت کە خەڵکی کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی خەمخورو یارمەتی دەری بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بونە و بە تەنگ کێشە و گیر و گرفتەکانیانەوە هاتوون بەپێی توانا. وەك لە چاوپێکەوتنەکانیشدا دیاربوو بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان هەمیشە ئەو مەردایەتی و هەلوێستە جوامێرانەی خەڵکی هەولێریان لە یادە.




هێلکاری ژمارە(٢٣) ڕوانینی خەڵکی کوردستان بۆ کەسوکاری کۆمەڵکوژکراوەکان پاش کۆمەڵکوژی ڕووندەکاتەو.

خشتەی ژمارە(٣٤)

شوێن بزرکردنی ڕەگەزەی نێر کاری خراپی کردووتەوە سەر بۆنیادی خێزان؟

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٨٤ | ٪ ٦٧,٢٠ |
| نەخێر | ٤١ | ٪ ٣٢,٨٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ |

خێزان(Family) یەکەم یەکەی بایـەلۆژی و سۆسـیۆلوژی وئابوورییـە بـۆ پاراسـنتی نەژادی مرۆڤە.

ئەرسـتۆ دەلێـت:(خێزان یەکـەم کۆبۆنـەوەی کۆمەڵایەتیـە، ئـەویش کۆبۆنەوەیـەکی سروشـتی و دامەزراوەیەکـە لـەپێناو دابینکردنـی پێویسـتییە ڕۆژانەییـەکانی، مـرۆڤ وەدیهێناوە).

خێـزان هەڵدەسـتێ بـە کۆمـەڵێ ئـەرکی گـرنگ وەك زاوزێ ، بـەخێوکردن، پـەروەردەکردنی منـداڵ، ئـەرکی پاراسـتن و کواسـتنەوەی کولتـۆرو داب و نـەریتی نەتەوایـەتی لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیـەکی تـر. کەواتـە خێـزان بناغـە و بنـەرەتی درووسـتبوونی هـەموو نەتەوەیەکـە، بـە چـەند هـەنگاوێك تێدەپـەڕێ تـاکو نەتـەوە درووست دەبێت.

کۆنفوشیوس دەڵێت:(باش بـوونی پەیوەندیـەکانی خێـزان مەرجـە بـوو بـاش بـوونی کۆمەڵگا). کەواتە پتـەوی و ڕێکوپێکی و تەندروسـتی خێـزان دەبێتـە هـۆی پتـەوەی کۆمەڵگا، بـە پێچەوانەشـەوە هـەرکاتێك خێـزان تووشـی کێشـەو کرفتـی کۆمەڵایـەتی بوو، ئـەوا کاریگـەری لەسـەر پێکهاتـەی کۆمـەڵگاو ژیـانی کۆمەڵایـەتی دەبێـت کاتێـك سەرپەرشتیاری خێـزان لـە ناودەچێت ئەواسیستەمی بنـەرەتی دووچاری نـاجێگری ونائارامی دەبێت لە دوایشدا شوێنەواری خراپ لە دوای خۆی بەجێدێلێت[١٥]. واقیعی ژیانی خێزانی کۆمەڵی کوردیش وابـووە کەهەمیشـە بـاوك ڕۆنـتر بلـێم ڕەگـەزی نێـر سەرپەرشتیاری خێزانی کردووە. لەم ڕوانگەیەوە لە ئەنجامی پرسیارێك سەبارەت بە شوێن بزرکردنی ڕەگەزی نێر کاریگەری لە ستراکتەری خێزان لە خشـتەی ژمـارە(٣٤) بە ڕێژەی(٦٧,٢٠ ٪) پێان وایە شوێن بزرکردنی ڕەگەزی نێـر کـاری خراپـی کردووتـە سەر بنیادی خێزان. بەرامبەر بەمەش ڕێژەی(٣٢,٨٠ ٪) پێیان وایە شوێن بزرکردنـی ڕەگەزی نێر کاری خراپی نەکردوتە سەربنیادی خێزان.




هێلکاری ژمارە(٢٤)شوێن بزرکردنی ڕەگەزی نێر کاری خراپی کردووتەوە سەر بۆنیادی خێزان؟

## خشتەی ژمارە(٣٥)

## شوێن بزرکردنی ڕەگەزی نێر کاریگەرییە خراپەکانی بۆ سەر بنیادی خێزان

| کاریگەرییەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| پەروەردەکردنی منداڵ | ٢٠ | ٢٣,٨٠ ٪ |
| پەیوندی ئەندامانی خێزان | ٢٣ | ٢٧,٣٨ ٪ |
| گۆڕینی داب و نەریت | ١٥ | ١٧,٨٥ ٪ |
| باری دەروونی ئافرەتەکان | ١٩ | ٢٢,٦١ ٪ |
| کەمی دەرامەت وخراپی باری ئابووری | ٣ | ٣,٥٧ ٪ |
| دەربەدەرو ئاوارەبوون | ٢ | ٢,٣٨ ٪ |
| کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە | ٢ | ٢,٣٨ ٪ |
| کۆی گشتی | ٨٤ | ١٠٠ ٪ |

خشتەی ژمارە(٣٥) کە تایبەتە بە هۆکارەکانی شوێن بزرکردنی ڕەگەزی نێر و کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر بنادی خێزان دەردەکەوێت ڕێژەی(٢٧,٣٨ ٪) نموونەکە پێیان وایە کاریگەری خراپی کردووتە سەر بنادی خێزان لەبواری پەیوەندی ئەندامانی خێزان بەیەکەوە، ڕێژەی (٢٣,٨٠ ٪) ئاسەوارەکان لە بورای پەروەردەکردنی منداڵدا دەبینن. ڕێژەی(٢٢,٦١ ٪) پێیان وایە کاریگەری خراپی کردووتە سەربنیادی خێزان لە رووی باری دەروونی ئافرەتان، ئاسەوارەکان لەسەر گۆڕینی داب و نەریت ڕێژەی(١٧,٨٥ ٪) پێکدێنن، ڕێژەی(٣,٥٧ ٪) ئاسەوارەکە لەسەر خراپی و باری ئابوری کەمی دەرامەتە لە نموونەی توێژینەوەکە، ڕێژەی(٢,٣٨ ٪)

بووەتە هۆى دەربەدەر وئاوارەبوون، هەمان ڕێژەش بووەتـە هـۆى کـارکردنى ئـافرەت لە دەرەوە جگە لـەکارى مالـەوە. ئەگـەر بـە ووردى سـەرەنجى بـدەین دەبیـنین تـەنها ڕێژەى (٥,٩٥ ٪) ى ئاسەوارەکان لە نموونەکەدا لایەنى مادى دەگرێتەوە، بەلاّم لایەنى مەعنەوى و گیانى(٩٤,٠٥ ٪) ئاسەوارەکان پێکدێنن، ئەوە مان بوو روون دەبێتەوە کە ئاسەوارە مادییەکان دەکرێ ساڕێژبکرێن و کاریگـەرییان لابـبردرێـت، بـەلاّم ئاسـەوارى مەعنەوى کە مەبەست روحـى و کۆمەلاّیەتیـە، زۆر بەئەسـتەم لەسـەر بـەجێماوەکان لادەبـردرێت.




هێلکارى ژمارە(٢٥) شوێن بزرکردنى ڕەگەزى نێر و کاریگەرییە خراپەکانى بۆ سەر بونیادى خێزان ڕووندەکاتەوە.

## خشتەی ژمارە(٣٦)

## بیرکردنەوەی بەردەوامی نموونەی توێژینەوە

| وەلامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| تەنیایی و بێ کەسی | ٢٣ | ١٨,٤٠ ٪ |
| چارەنوسی کۆمەڵکوژکراوەکان | ٢١ | ١٦,٨٠ ٪ |
| وێنەویادگاری کۆمەڵکوژکراوەکان | ١٧ | ١٣,٦٠ ٪ |
| چونیەتی کۆمەڵکوژیکردنیان | ٢٥ | ٢٠ ٪ |
| بێ ئومێدی لەژیان | ٩ | ٧,٢٠ ٪ |
| زولم و زورداری رابردوو | ٣ | ٢,٤٠ ٪ |
| چارەنوسی منداڵەکان | ١٤ | ١١,٢٠ ٪ |
| نەبوونی ونەداری | ٥ | ٤ ٪ |
| پاراستنی ناموس و باوەر | ٤ | ٣,٢٠ ٪ |
| هیچ | ٢ | ١,٦٠ ٪ |
| بێ وەڵام | ٢ | ١,٦٠ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ ٪ |

زانیارییەکانی ناو خشتەی ژمارە(٣٦) کە تایبەتن بە بیرکردنەوەی بەردەوامی نموونەی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە رێژەی (٢٠ ٪) کە بەرزترین رێژە لە نموونەکەدا بەردەوام بیر لە چونیەتی لەناوبردنیان دەکەن. وەك یەکیک لە نموونەی توێژینەوەکە دیگوت:(بەردەوام چەند پرسیارێك لە خۆم دەکەمەوە، ئەرێ تـوبلێی چون کۆمەڵکوژکرابن؟ زیندە بە چال ! رمی کردن ! لە ژێرفشاری دەروونی و ئابووری؟ تۆبلێی چەند ساڵ لە زیندانەکاندا مابن؟ تۆبلێ ی چ جۆرە چەکێك چ

ویژدانێك توانبێتی گوله‌ بارانیان بکات...)[١٦] به‌م پێیه‌ ده‌بینین زۆرینه‌ی به‌جێماوی بارزانیه‌کان کۆمه‌ڵکوژکراوه‌کان له‌ بارێکی نا هاوسه‌نکی ده‌روونیدا ده‌ژین و به‌رده‌وام بیر له‌ چۆنیه‌تی له‌ ناوبردنی که‌س و کاریان ده‌که‌نه‌وه‌.

رێـژه‌ی(١٨,٤٠ ٪) بـه‌رده‌وام بـیر لـه‌ تـه‌نیایی و بـێ که‌سـی خویـان ده‌که‌نـه‌وه‌. به‌ڕێژه‌ی(١٦,٨٠ ٪) بیر لـه‌ چاره‌نۆسـی کۆمـه‌ڵکوژکراوه‌کان ده‌که‌نـه‌وه‌. به‌ڕێـژه‌ی(١٣,٦٠ ٪) بـیر لـه‌و ساتانه‌ ده‌که‌نـه‌وه‌ کـه‌ کـه‌س و کاریـان کۆمـه‌ڵکوژی نـه‌کرابوون و وێنـه‌و یادگارییـه‌کان هه‌میشـه‌ هزریـانی داگیرکـردووه‌ بـه‌رده‌وام لـه‌ خـه‌یال و هزریانـدا یاده‌وه‌رییه‌ك ده‌ژی و ئاینده‌یان فه‌راموش ده‌کات. به‌ڕێژه‌ی(١١,٢٠ ٪)بـه‌رده‌وام بـیر لـه‌ چاره‌نۆسـی منداڵـه‌کان ده‌که‌نـه‌وه‌. رێـژی(٧,٢٠ ٪ ) بیرکردنـه‌وه‌ی بـه‌رده‌وامیان بـێ ئومێـد بوونـه‌ لـه‌ ژیـان. به‌ڕێـژه‌ی(٤ ٪) بـیر لـه‌ نـه‌بوونی و نـه‌دارییان ده‌که‌نـه‌وه‌. رێژه‌ی(٢,٤٠ ٪)بیر له‌و زولم و زوردارییه‌ی له‌رابردوودا به‌سه‌ریاندا هاتووه‌ ده‌که‌نه‌وه‌. رێژه‌ی (١,٦٠ ٪) بیر له‌ هیچ ناکه‌نه‌وه‌ به‌ شێوه‌یه‌کی بـه‌رده‌وام. به‌ڕێـژه‌ی(١,٦٠ ٪) بـێ وه‌ڵامن به‌رامبه‌ر به‌م پرسیاره‌.

**خشتەی ژمارە(٣٧)**

**هەستی نەتەوایەتی پاش شالاوی کۆمەڵکوژی**

| هەستی نەتەوایەتی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەهێزترە | ٨٠ | ٪ ٦٤ |
| وەك خۆیەتی | ٣٤ | ٪٢٧,٢٠ |
| لاوازترە | ١١ | ٪ ٨,٨٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ |

داتاکانی خشتەی ژمارە(٣٧)کە تایبەتە بەهەستی نەتەوایەتی یەکەی ڕاپرسیەکە بەرامبەر بە کورد، دەردەکەوێت کەبەرزترین ڕێژە بەرێژەی(٦٤ ٪) هەستی نەتەوەییان پاش شالاوی کۆمەڵکوژی بەهێزتربووە، ڕێژەی(٨,٨٠ ٪)ی نموونەکە هەستی نەتەوەییان لاوازتربووە، ئەوەی دەکەوێتە نێوانیان ڕێژەی(٢٧,٢٠ ٪)یە کەهەستی نەتەوەییان وەکو خۆیەتی. بەپێی ئەو ڕێژە بەرزەی کە هەستی نەتەوایەتییان بەهێزتربووە دەردەکەوێت کە تاوانەیەك لە دوایەکانی ڕژێمی عێراق دەرهەق بەبارزانیەکان و نیشتەجێکردنی بەجێماوەکان لە ئۆردوگا زۆرەملیەکانداو سەپاندنی ئابلوقەی ئابووری، ڕاگواستن و چەوساندنەوە و قڕکردن...هتد، نەك تەنیا نەیتوانی بارزانیەکان لە ناوبەرێت، بەڵکو زیاتر روحی کوردایەتیان لە دڵدا پەروەردە کرد.




هێلکاری ژمارە(٢٦) هەستی نەتەوایەتی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە.

خشتەی ژمارە(٣٨)

ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی نموونەی توێژینەوە

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٨٥ | ٪ ٦٨ |
| نەخێر | ٤٠ | ٪ ٣٢ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە(٣٨)کە تایبەتە بەرێژەی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی نموونەی توێژینەوە لە پاش شاڵاوەکانی کۆمەلکوژی دەردەکەوێت کە رێژەی(٦٨ ٪) نموونەکە گوندەکانیان ئاوەدان کراوەتەوە، بەرامبەر بەمەش رێژەی(٣٢ ٪) گوندەکانیان ئاوەدان نەکراوەتەوە. وەك ئاشکرایە لە پاش راپەرینەوە بەردەوام گوندەکان ئاوەدان دەکرێنەوە و بایەخیان پێ دەدرێ. ئەم گوندانە هەرهەموویان بەهۆی سیاسەتی پرۆژەی لەناوبردنی بارزانیەکان وێران کرابوون، بارزانیەکان بەشێکیان وەك تیرەی (بەرۆژی، نزاری، وڵات ژێری) لە ساڵی ١٩٧٥ راگۆێزرابوون بۆ باشووری عێراق، دوای سێ ساڵ واتا ساڵی (١٩٧٨) عەشیرەتەکانی تر ئەوانەی مابوون راگوێزران بۆ ئۆردوگا زورەملێیەکانی(حەریر، بەحرکە، دیانا...) دواتر لە ساڵی (١٩٨٠) ئەو بارزانیانەی کە راگۆێزرابوون بوو باشوری عێراق ئەوانیش دووبارە رگوێزران بۆ ئۆردوگا زورەملێیەکانی(قوشتەپە). بوویە ئاوەدانکردنەوەی ئەو گوندانە ماوە و کاتی دەوێت، بەلاّم سەرەرای ئەمەش رێژەیەکی زۆر لە گوندەکان ئاوەدان کراونەتەوە.

## خشتەی ژمارە(٣٩)

## ئایا بەگوێرەی پێویست بایەخ بەئازارو گیروگرفتەکانی بەجێماوی بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان دراوە؟

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بایەخیان پێدراوە | ٦ | ٤,٨٠ ٪ |
| تارادەیەك بایەخیان پێدراوە | ٧٨ | ٦٢,٤٠ ٪ |
| بایەخیان پێنەدراوە | ٤١ | ٣٢,٨٠ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ ٪ |

خشتەی ژمارە(٣٩) بایبەتە بەوەڵامدانەوەی پرسیاری (ئایا بە گوێرەی پێویست بایەخ بەئازارو گیروگرفتەکانی بەجێماوی بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان دراوە؟).

بەپێی ئەو وەڵامانەی لەو راپرسییەدا دەرکەوتوون، بەرزترین رێژە بە رێژەی(٦٢,٤٠ ٪)ی بەجێماوی بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان پێیان وایە تارادەیەك بایەخ بەئازارو گیروگرفتەکانیان دراوە. رێژەی (٣٢,٨٠٪) لە کەس و کارە بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان پێیان وایە بایەخ بە ئازارو گیروگرفتەکانیان نەدراو. رێژەیەکی زۆرکەم بە رێژەی (٤,٨٠ ٪) پێیان وایە بەگوێرەی پێویست بایەخ بەکێشەو گیروگرفتەکانیان دراوە.




هێلکاری ژمارە (٢٧) ئایا بەگوێرەی پێویست بایەخ بەئازارو گیروگرفتەکانی بەجێماوی بارزانیە کۆمەڵکۆژکراوەکان

**خشتەی ژمارە(٤٠)**

**هەستی نموونەی توێژینەوە بەرامبەر هێنانەوەی ئێسکی ژمارەیەك لە کەسوکاریان.**

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| هەستمان بە خۆشی کرد | ٤٨ | ٣٨,٤٠ ٪ |
| هەستمان بە ناخۆشی کرد | ٢٢ | ١٧,٦٠ ٪ |
| ئیدی چاوەروان نابین | ٣٤ | ٢٧,٢٠ ٪ |
| ئەوانەی ماون بهێنرێنەوە | ٢١ | ١٦,٨٠ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ١٠٠ ٪ |

خشتەی ژمارە(٤٠) هەستی نموونەی توێژینەوە بەرامبەر بەهێنانەوەی ئێسکی ژمارەیەك لەکەس و کاریان بۆ کوردستان و شوێنی ڕەسەنی خۆیان روونده‌کاتەوە. دەردەکەوێت کەڕێژەی(٣٨,٤٠ ٪) ی نموونەی توێژینەوە هەستیان بەخۆشی کردووە بە هێنانەوەوی ئێسکی (٥١٣) کۆمەڵکوژکراو لە بیابانەکانی باشوری عێراق بۆ کوردستان. ئەمانە سەرەرای دیتنی ئێسکی کۆرو باوك و برا وهاوسەر و کەس و کاریان هەر دڵخوشن، چونکە ئەمانە تەنانەت لەئێسکەکانیش بێ ئومێدببوون، لە زووە ئومێدیان بە دیکتاتور سەدام و ڕژێمەکەی نەمابوو، دەیان زانی کەسیان ناگەرێتەوە و هەموویان کۆمەڵکوژکراون. چونکە ئەو تاوان و زولم و زوردارییەی ڕژێمی عێراق بەرامبەر بە میللەتەکەی دەکرد بەڵگەی ئەم ڕاستیە بوون. هەروەها

ڕێـژەی(٢٧,٢٠ ٪)ی نموونـەی توێژینـەوە هەست بـەوە دەکـەن کەئـەو چـاوەروانییەی زیاترلـە (٢٤) سـاڵ هـزرو خـەیالیانی داگیرکردبـوو کوتـایی پێهـات و ئیـدی چـاوەرێی گەڕانـەوەیان ناکـەن. بەرێـژەی(١٧,٦٠ ٪) نموونـەی توێژینـەوە هەسـتیان بەناخۆشـی کردووە، ڕێژەی(١٦,٨٠ ٪) نموونـەی توێژینـەوە پێیـان وایـە کـارێکی باشـە و ئەوانـەی ماون ئەوانیش بهێنرێنەوە کوردستان .

**خشتەی ژمارە(٤١)**

**ڕای نموونەی توێژینەوە بەرامبەر لە سێدارەدانی دیکتاتور سەدام حوسێن و هاوکارانی؟**

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| لەسەرکارەساتی کۆمەڵکوژی وئەنفال لەسێدارە دربووا | ٥٠ | ٪ ٤٠ |
| زۆر دڵخوش بووین | ٢٢ | ٪ ١٧,٦٠ |
| نەدەبوو پەلە لەسێدارەدانی بکرێت | ٣٣ | ٪ ٢٦,٤٠ |
| تۆڵەمان لێکرایەوە | ٢٠ | ٪ ١٦ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ |

داتاکانی ناوخشتەی ژمارە(٤١) ڕای نموونەی توێژینەوە بەرامبـەر بەلـە سـێدارەدانی دیکتاتور سەددام حوسێن و هاوکارانی ڕووندەکاتەوە.

دەردەکەوێت بەرێژەی(٤٠ ٪) نموونەی توێژینـەوە ڕایان وایـە کـە دەبووایـە لـە سـەر کارەسـاتی کۆمـەڵکوژی و ئـەنفال لەسـێدارەدرابووا. ڕێـژەی(٢٦,٤٠ ٪)ی نموونـەی توێژینەوە پێیان وایە نەدەبوو پەلە لەسێدارەدانی دیکتاتور سەدام حوسێن بکرێت، مەلەفەکانی تاوانەکان یەکە بە یەکە هەر لە تاوانی دوجێـل تـا کارەساتی ئـەنفال و کیمیابـارانی هەلەبجـە و کۆمـەڵکوژی بارزانییـەکان و ڕاگواسـتن و شـوێن بزرکردنـی کوردە فەیلیەکان...هتـد خرابانـە پـێش و بچوکترین تـاوان سـزای خرابووایـە سـەرو بەدادگاییـەکی یەکسـان و دادپەروەرانـە، ئینجـا لـەکوتایی و تـەواوکردنی گشـت مەلەفەکان سزای خرابووایـە سـەر. هـەروەها ڕێـژەی(١٧,٦٠ ٪) زۆر دڵ خوشـن بـە لـە سێدارەدانی سەددام حوسێنی دیکتاتور و هاوکارانی. ڕێژەی(١٦ ٪) پێیان وایە تولێـان لە سەددام حوسێن کرایەوە بەرامبەر بەو تاوانەی لە میللەتەکەی کردووە.

خشتەی ژمارە (٤٢)

داواکارییەکانی نموونەی توێژینەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

| ٪ | ژمارە | داواکاریەکان |
|---|---|---|
| ٪ ١٤,٧٣ | ٩٨ | درووستکردنی خانوو |
| ٪ ١١,٤٢ | ٧٦ | دابەشکردنی زەوی |
| ٪ ٧,٨١ | ٥٢ | قەرەبۆکردنەوە |
| ٪ ١٠,٩٧ | ٧٣ | موچەیەکی شایستە |
| ٪ ٥,١١ | ٣٤ | چارەسەرکردنی نەخۆشەکان |

| | | |
|---|---|---|
| دامەزراندنی قوتابیانی بەجێماولەشوێنی گونجاو | ٤٨ | ٧,٢١ ٪ |
| ناردنی هەندێك قوتابی بودەرەووەی وڵات | ٦٤ | ٩,٦٢ ٪ |
| ئەم تاوانەلەقۆناغەکانی خوێندندابخوێندرێت | ٣٣ | ٤,٩٦ ٪ |
| کردنەوەی دەزگاو بنکەی تایبەت | ٣٨ | ٥,٧١ ٪ |
| ئاوەدانکردنەوەیئەوناوچانەیبەرشاڵاوکەوتوون | ٢١ | ٣,١٥ ٪ |
| پاراستنی ئاسایش | ٣٣ | ٤,٩٦ ٪ |
| یارمەتی دانی ئەوانەی خێزان پێکدێنن | ٥٨ | ٨,٧٢ ٪ |
| قیرتاوکردنی شەقامەکان | ١٩ | ٢,٨٥ ٪ |
| دابینکردنی ئاو و کارەبا | ١٨ | ٢,٧٠ ٪ |
| کۆی گشتی | ٦٦٥ | ١٠٠ ٪ |

خشتەی ژمارە(٤٢) کە تایبەتە بەداواکارییەکانی نموونەی توێژینەوە و بەجێماوەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەردەکەوێت کەلە کۆی(١٢٥) کەسی نموونەی توێژینەوە (٦٦٥) داواکاریان هەیە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەیوەندیدار.

دەردەکەوێت بەڕێژەی(١٤,٧٣ ٪) داوای دروستکردنی خانوو دەکەن. ڕێژەی(١١,٤٢ ٪) داوای دابەشکردنی زەوی دەکەن. ڕێژەی(١٠,٩٧ ٪) داوای مووچەیەکی شایستە دەکەن کە لەگەڵ پێداویستیەکان و بازاری ئەمرۆ بگونجێ. ڕێژەی(٩,٦٢ ٪) داواکارن کە

هەندێك لەقوتابیانی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان زەمانەتی خوێندنیان لەدەرەوەی وڵات بوو برەخسێنرێ. بەرێژەی(٨,٧٢ ٪) داواکارن یارمەتی ئەو کور و کچانەی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بدرێ کە ژیانی هاوسەرگیری پێکدێنن ئەمەش بەیارمەتی دانی دارایی و دابینکردنی شوێنی حەوانەوە و پێداویستیەکانی تر. رێژەی(٧,٨١ ٪) داوای قەرەبووکردنەوە دەکەن بەرامبەر بەو تاوانانەی کەلێیان کراوە ئەمەش لەرووی ماددی و مەعنەویەوە. رێژەی(٧,٢١ ٪) داوای دامەزراندنی قوتابیانی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان ئەوانەی دەرچوی کۆلێژ و پەیمانگاکان لەشوێنی گونجاو. رێژەی(٥,٧١ ٪) داوای کردنەوەی دەزگا و بەرێوەبەرایەتی و بنکە و رێکخراوی تایبەت بە کەس و کاری کۆمەڵکوژکراوەکان دەکەن لەو شوێنانەی کە بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکانی لێیە. رێژەی(٥,١١ ٪) داوای چارەسەرکردنی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان دەکەن لەلایەن حکومەتەوە ئەوانەی نەخۆشی درێژخایەن و نەخۆشیەکانی تریان لێیەو چارەسەریان لە کوردستاندا نییە، یاخود تێچونی زۆرە مەبەست لە چارەسەرکردنی نەخوشیەکان هەردووجۆرەکانیەتی (جەستەیی و دەروونی)، رێژەی(٤,٩٦ ٪) داواکارن تاوانەکانی پرۆژەی لە ناوبردن و کۆمەڵکوژی ئەنفال و کیمیاباران و راگواستن و خاك سوتاندن لە قۆناغەکانی خوێندندا بخوێندرێت. هەمان رێژەش داواکارن پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە بپارێزرێت. رێژەی(٣,١٥ ٪) داواکارن هەموو ئەو ناوچانەی بەرشاڵاوی پرۆژەی لەناوبردن کەوتوون ئاوەدان بکرێنەوە. رێژەی(٢,٨٥ ٪)ی نموونەی توێژینەوە داوای قیرتاوکردنی شەقامەکان دەکەن. رێژەی(٢,٧٠ ٪) داواکارن ئاو و کارەبا بەشێوەی پێویست بۆ ناوچەکانیان دابین بکرێت.

## سەرچاوەوپەراوێزەکانی بەشی شەشەم

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ (کیستان محمد سلێمان ) کۆمەڵگای هردان ٢٠٠٦.

٢. چاوپێکەتن لەگەڵ(حاجی شێرو حاجی) گوندی بازێ ٢٠٠٦.

٣. جلال خەلەف ژاڵەیی، گرنگترین نەخۆشییە دەروونیەکان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، لاپەرە(٦٧).

٤. کەریم شەریف قەرچەتانی، هەندێك نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین،چاپی یەکەم هەولێر ١٩٩٩، لاپەرە(١٣).

٥. چلال خەلەف ژالەیی، ه.س.پ، لاپەرە(١١١).

٦. ه.س.پ، لاپەرە(٦٩).

٧. کەریم شەریف قەرەچەتانی، لاپەرە(٣٣).

٨. ه.س.پ، لاپەرە(٢٩).

٩. عەدالەت عمر سالّح ، ئەنفال و ئافرەتی کورد، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوی ئاراس، چاپی یەکەم هەولێر،٢٠٢ ، لاپەرە(١١٠).

١٠. ه.س.پ، لاپەرە(١٠٩).

١١. د.عبدالستار طاهر شریف، قامووسی دەروونناسی، مطبعة علاء- الوذیریة-چاپی یەکەم ، بغداد ١٩٨٥، لاپەرە(١١).

١٢. کازیوە سالّح، فیمینستناسی و جڤاکی کوردی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٥، لاپەرە(١٧١).

١٣. جلال خەلەف ژالەیی، ه.س.پ،لاپەرە(١٣٣).

١٤. کەریم شەریف قەرەچەتانی، ه.س.پ، لاپەرە(٢٣).

١٥. رێبوار رەمەزان بارزانی، لەدەستدانی باوك لە پرۆسەی ئەنفالدا، دەنگی ئەنفال، ژمارە(٣٩) هەولێر ٢٠٠٥ لاپەر(٢).

١٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ (خدیجە مستەفا ئەحمەد) بازێ ٢٠٠٦.

*بەشی حەوتەم*

# ئەنجامگیری و چەند دیکۆمێنتیکی تر

**باسی یەکەم:**

**-ئەنجامەکان**

**باسی دووەم**

**ڕاسپاردەو پێشنیارەکان**

**باسی سێیەم:**

**چەند دیکۆمێنتیکی تر**

**چوارەم:**

**بیبلۆگرافیا**

باسی یەکەم:

## ئەنجامەکان

پاش بە ئەنجام گەیاندی توێژینەوەو شیکردنەوەی ناوەروك و داتا ئامارییە بە دەست هاتووەکان توێژەر گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی خوارەوە:

١. لە کۆی (١٢٥) کەس وەك نموونەی توێژینەوە وەرگێراون، دەرکەوت (١٧) کەس بە ڕێژەی (١٣,٦ ٪) لە ڕەگەزی نێرن و (١٠٨) کەسیش بە ڕێژەی (٨٦,٤ ٪) لە ڕەگەزی مێینەن. هەر وەك دیارە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان ڕێژەی هەردوو ڕەگەزەکەدا هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە پڕۆژەی لە ناوبردنی بارزانیەکان ڕەگەزی نێر لە نێو ماڵ و منداڵیان ڕفێندران و چارەنوسیان زیندەبەچالکردن بوو لە نێو گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا، بەلام ئافرەت و مندالانی بەجێماو لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا، جگە لەوەی هاوسەر و باوك و کور و برا... هتد، لە بەر چاویان ڕفێندران و ئەم ئۆردوگایانەیان لێ بوو بە مەملەکەتی ئافرەت و منداڵ جگە لە فشاری سەربازی و ئابلوقەی ئابووری، ئازارێکی تری ئەم ئافرەتانە ئەو بارە دەروونییە بوو کە چیتر منداڵیان نەبوو چونکە هێزی بەرهەمهێنەری مرویی کە ڕەگەزی نێر بوون هەر هەموویان لە نێوبران، هەروەها پرۆسەی هاوسەرگیری بۆ ماوەی چەند ساڵێك زۆر زۆر لاواز بوو لەم ئۆردوگایانەدا، ئەمە جگە لە کارکردنی بەردەوامی ئافرەتەکان لە دەرەوە بۆ بژێوی ژیان و بە خێوکردنی منداڵەکانیان، ژیان لەو ئۆردوگایانە جگە لە مردنێکی لە سەرخۆ هیچی تری لێ چاوەروان نەدەکرا. کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕەگەزی نێر راستە لە رووی جەستەییەوە بەیەکجاری کۆمەڵکوژکران، بەلام بە جێماوەکانیان لە رووی روحی و دەروونییەوە بەردەوام بەر ئەم

شالاّوەکەوتن، کە لە نێو بردنی جەستەیی لە چەند چرکەساتێك دا دەکرێت، بەلاّم لە ناوبردنی روحی و دەروونی چەندەها سالّ دەخایەنێت.

٢. سەبارەت بە ژمارەی کۆمەلّکوژکراوەکانی نموونەی توێژینەوە بە پێی تەمەن دەردەکەوێت کە تەمەنی کۆمەلّکوژکراوەکانی نموونەی توێژینەوە لە نێوان (٧) سالّ تا (٩٦) سالّ دایە. کۆی ژمارەی کۆمەلّکوژکراوەکانی نموونەی توێژینەوەکە (٣٤٢) کەسە، بچوکترین کۆمەلّەی تەمەن دەکەوێتە نێوان (٧-١١) سالّی رێژەی (١,٧٥) نموونەی توێژینەوەکە پێکدێنین، گەورەترین کۆمەلّەی تەمەن دەکەوێتە نێوان (٩٢-٩٦) سالّ کەرێژەی (٠,٥٨ ٪) نموونەی توێژینەوە پێکدێنن.

بەرزترین رێژەی تەمەنیش بە رێژەی (١٦,٠٨ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٢٧-٣١) سالّی. نزمترین رێژەی تەمەنیش بەرێژەی (٠,٢٩ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٨٢-٨٦) سالّی. هەروەها توێژی ئەو تەمەنانەی گرنگن و پشتیان پێ دەبەسترێ بۆ بەرهەمهێنان تەمەنیان لە نێوان (١٧-٦١) سالّیە زیاتر لە (٨٠٪) کۆمەلّکوژکراوەکانی نموونەی توێژینەوە پێکدێنن ئەم توێژەش لە تەمەنی بەرهەمهێنانی مرویی و گەشەکردنی ئابووریدان.

٣. سەبارەت بە قەبارەی ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوە بۆ بەجێماوی کۆمەلّکوژکراوەکان، دەردەکەوێت کە بەرزترین رێژەش بە رێژەی (٥١,٢٠ ٪) لە نێوان (٢-٤) کەسدان، ئەمەش بە پێی پۆلێنکردنی خێزان کە زانستە مروڤایەتیەکان جەخت دەکەنە سەر لە خێزانێکی (ناوەکی) پێکهاتووە (باوك و دایك و کور و کچ ) لە خودەگرێت. بە هۆی تێبینیکردنی توێژەرەوە ئەم جۆرە خێزانە (ناوەکی)یە لە نێو بەجێماوی بارزانیەکاندا جیاواز بوو، چونکە لە (دایك و کور و کچ) پێکهاتوون، بە هۆی پرۆژەی لە ناوبردن، باوك لەم خێزانانەدا سڕاوەتەوە.

نزمترین رێژەش لە نێوان (١١-١٣) کەسدان بەرێژەی (٠,٨٠٪) ئەم جورە خێزانانەش پێیان دەووترێ خێزانی (گەورە) یان (تێکەلاّو) کە چەند خێزانێك لە یەك شوێندا

کۆبونەتەوەو پەیوەندی و ئابوورییەکی هاوبەش بە یەکیان دەبەستێتەوە و کەسێك سەرپەرشتییان دەکات.

ڕێژەی (٢٨.٨٠ ٪) یەك کەسن بە تەنیا ماونەتەوە و لە خانوویەکدا دەژین ئەمەش هەڵوەشاندنەوەی ستراکتوری خێزان بوو لە پرۆژەی لە ناوبردنی بارزانییەکاندا.

قەبارەی خێزان بۆ ڕێژەکانی تر ڕێژەی (١٦ ٪) لە نێوان (٥-٧) کەسدان و ڕێژەی (٣,٢٠) لە نێوان (٨-١٠) کەسدان.

٤.باری ئابووری نموونەی توێژینەوە بەو ئەنجامە گەیشت؛ زۆرترین ڕێژە بەرێژەی (٦١,٦٠ ٪) باری ئابووریان خراپە. ڕێژەی (٢٣,٢٠ ٪) باری ئابوورییان لە ئاستی مامناوەندیدایە.

کەمترین ڕێژەش باری ئابووریان باشە کەرێژەی (١٥,٢٠ ٪) نموونەی توێژینەوە پێکدێنن. هیچ تاکێکی یاخود خێزانێکی نموونەی توێژینەوە باری ئابووریان زۆرباش نیە. کەواتە ڕێژەی (٨٤,٨٠ ٪) لە ژیانێکی کەم دەرامەتیدا دەژین.

هەر وەك چاوپێکەوتنەکان دەیسەلمێنن و تێبینیکردنی توێژەریش ئەوەی پشت ڕاستکردەوە کە ستراکتەر و ژێرخانی ئابووری بارزانیەکان لە ساڵی ١٩٧٥ بە دواوە دووچاری لە ناوچوون و دارمان بووە، چونکە بارزانیەکان لە شوێنی ڕەسەنی خویان ڕاگوێزران بۆ ناوچە جیاجیایەکان، بەشێکیان بو بیابانەکانی باشووری عێراق لە ئۆردوگا بیابانییە زۆرەملێیەکاندا جێنشێنکران، لە ناوچە چیانشینەکان بۆ بیابانە وشك و روتەکانی خوارووی عێراق کە بە هیچ شێوەیەك بۆ کشتوکالکردن و لەوەڕاندنی ئاژەڵ دەستی نەدەدا، تاکی بارزانی لە کەسێکی لەش ساخ، مروڤێکی کوێستانی و چیایی، کەسێکی بەرهەمهێنەر گۆڕا بۆ کەسێکی ناتەندروست، مروڤێکی بیابانی، کەسێکی بە کاربەر.

بەشێکی تر لە بارزانیەکان لە ساڵی ١٩٧٨ بە دواوە بۆ ئۆردوگایەکانی دەوروبەری شارەکان ڕاگوێزران، لەم ئۆردوگایانە دەرفەتی کار و هیچ سەرچاوەیەکی ئابووری و

کشتوکالیان نه‌بوو سه‌ره‌رای ئه‌مه‌ش له‌ ساڵی ١٩٨٣ گشت نێرینه‌کانی سه‌رووی ته‌مه‌نی (٧) حه‌وت ساڵی زۆربه‌ی هه‌ره‌ زوریان هێزی به‌رهه‌مهێنه‌ر و گه‌شه‌کردنی ئابووری بوون له‌ ناوچوون.

ئافره‌ت و منداڵه‌کان له‌ ئۆردووگاکاندا دووچاری ژیانێکی سه‌خت بوون، ئاو و کاره‌با، خزمه‌تگوزاری، ده‌رگای قوتابخانه‌کان، ئازوقه‌... هتد لێیان قه‌ده‌غه‌کرا و هه‌موو مافێکی هاوڵاتیبوونیان وه‌ك تاكێكی عێراقی لێ سه‌ندرایه‌وه‌. ئافره‌ته‌کان به‌ نهێنی له‌ ئۆردوکایه‌کان بۆ کارکردن به‌ پاره‌یه‌کی که‌م ده‌چوونه‌ ده‌ره‌وه‌ی ئۆردوگاکان، سه‌ره‌رای رۆڵی خۆی وه‌ك ئافره‌ت رۆڵی پیاویشی له‌ هه‌مانکاتدا ده‌بینی، جگه‌ له‌ مانه‌ش هه‌رچی شتومه‌ك و که‌ل و په‌لی ناوماڵیان هه‌بوو فروشتییان بۆ بژێوی ژیان له‌و کاته‌وه‌ ژێرخانی ئابووریان تێکچوه‌ و تاکو ئێستاش وه‌ك پێویست نه‌یان توانیووه‌ ستراکتوری ئابووریان به‌هێز بکه‌نه‌وه‌.

ئه‌مه‌ش ئه‌و گرێمانه‌ به‌ڕاست ده‌سه‌لمێنی (بووه‌ هۆی خراپی باری دارایی و ئابووری و کاریگه‌ری هه‌بووه‌ له‌ سه‌ر ڕه‌وشی ژیانی که‌سوکاری بارزانیه‌ کۆمه‌ڵکوژکراوه‌کان).

٥. سه‌باره‌ت به‌و بڕه‌ مووچه‌یه‌ی که‌ به‌جێماوی کۆمه‌ڵکوژکراوه‌کان وه‌ریده‌گرن، به‌رزترین رێژه‌ (٥٦٪) پێیان وایه‌ ئه‌و بڕه‌ مووچه‌یه‌ که‌مه‌ و به‌شیان ناکات، نزمترین رێژه‌ش (١٠,٤٠ ٪) پێیان وایه‌ باشه‌و به‌شیان ده‌کات، هه‌رچی ئه‌وانه‌ن که‌ به‌ناوه‌ندیان له‌ قه‌ڵه‌م داوه‌ رێژه‌ی (٣٣,٦٠) نموونه‌ی توێژینه‌وه‌که‌ پێکدێنن.

به‌و پێیه‌ ده‌بینین ئه‌و مووچه‌یه‌ی خێزانه‌ کۆمه‌ڵکوژکراوه‌کان وه‌ریده‌گرن له‌ گه‌ڵ به‌رزی شتومه‌ك له‌ بازار و زۆری پێداویستیه‌کان ناگونجێ و به‌شی بژێوی ژیانیان ناکات. به‌ تێبینیکردن و سه‌رنجدانی توێژه‌ر له‌ بارودۆخی ماڵه‌کانیان و ڕایه‌خ و ئه‌و که‌ل و په‌لانه‌ی له‌ ناو ماڵه‌کانیاندایه‌ و هه‌یانه‌ بۆ توێژه‌ر ده‌رده‌که‌وێت که‌ ئه‌و بڕه‌ مووچه‌یه‌ ته‌نیا به‌شی هه‌ندێك له‌ پێداویستیه‌کانی ڕۆژانه‌یانت ده‌کات، ناتوانن وه‌ك

خێزانێکی ئاسایی شتومەك و کەل و پەلی ناو ماڵ و پێداویستیەکانیان دابین بکەن بەو برە مووچەیە.

٦.لە ئەنجامی پرسێن دەربارەی داواکارێت چییە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ دەرکەوتووە لە کۆی (١٢٥) کەسی نموونەی توێژینەوە (٦٦٥) داواکارییان هەیە کە هەندێکیان دووبارەن و هەندێکیان جیاواز، بەرزترین رێژە قەیرانی نیشتەجێبوونیان هەیە.

٧. ئەنجامێکی تری توێژینەوە، دەریدەخات کە بەرزترین رێژە (٦٤٪) هەستی نەتەوەییان پاش شالاوی کۆمەلکۆژی بەهێزتر بووە، رێژەی (٢٧,٢٠ ٪) هەستی نەتەوەییان وەك خوویەتی، نزمترین رێرەش بە رێژەی (٨,٨٠ ٪) هەستی نەتەوایەتیان لاوازتربووە.

ئەمەش راستی ئەم گرێمانەیە دەسەلمێنێ (تاوانەیەك لە دوایەکەکانی رژێمی بەعس دەرهەق بەبارزانیەکان هەستی نەتەوایەتی بارزانیەکانی بە هێزتر کردووە).

٨. سەبارەت بە داب و نەریتی کۆمەلایەتی بەجێماوی بارزانیە کۆمەلکوژکراوەکان دەردەکەوێت بەرزترین رێژە (٦٨ ٪) پێیان وایە داب و نەریتەکانیان گۆڕاون. نزمترین رێژەش بە رێژەی (٣٢ ٪) پێیان وایە داب و نەرییتەکان گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە).

٩. لە ئەنجامی پرسیارێکدا کە ئاراستەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە کراوە، ئایا شوێن بزرکرنی رەگەزی نێر کاری خراپی کردووتە سەر بونیادی خێزان؟ توێژینەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی رێژەی (٦٧,٢٠ ٪) پێیان وایە شوێن بزرکردنی رەگەزی نێر کاریگەری خراپی کردووتە سەر بنیادی خێزان، لە هەمانکاتدا رێژەی (٣٢,٨٠ ٪) وای دەبینین کە شوێن بزکردنی رەگەزی نێری کاری خراپی نەکردووتە سەر بونیادی خێزان.

ئەمەش ڕاستی ئەو گریمانەمان بۆ دەردەخات (قڕکردنی نێرینەی بارزانیەکان بووە هۆی پەرتەوازەبوون و تێکدانی شیرازەو بونیادی خێزان).

١٠. سەبارەت بەشووکردن و شوونەکردنەوەی ئافرەتانی بەجێماو، ڕێژەیەکی بەرز بەرێژەی (٩٥,٢٠ ٪) شوویان نەکردووتەوە، ڕێژەی (٣,٢ ٪) ئافرەتەکان شوویان کردووتەوە.

شونەکردنەوەی ئەو ئافرەتانەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی جیاواز وەکو؛ مەسائیلی عەشایری و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، ئەو وەفایەی ئافرەتەکان بەرامبەر بە هاوسەرەکانیان هەیان بووە، بەشێکی زۆریشیان لە بەر بەخێوکردنی منداڵەکانیان و دابینکردنی بژێوی ژیان بۆ منداڵەکان ئەوکات شوویان نەکردەوە و ئێستاش تەمەنی شووکردنەوەیان بە سەرچووە، ڕێژەیەکی تریش تەنانەت پاش هێنانەوەی ژمارەیەك لە ئێسکی کەسوکارییان هەر بێ ئومێد نەبوونە. بەشێکیشیان بەهۆی ئەو بارە دەروونییەی بەسەریاندا هاتووە شوویان نەکردووتەوە.

ئەمەش ئەنجامی ئەو گریمانەیە بە ڕاست دەسەلمێنێ (بێوەژنە بارزانیەکان شووناکەنەوە لەبەر مەسائیلی عەشایری و بەخێوکردنی منداڵەکانیان).

١٢. سەبارەت بەحالەت و نەخۆشیە دەروونیەکان لە کوی (١٢٥) تاکی نموونەی توێژینەوە (٢٩٠) حالەت و نەخۆشی دووچاری یەکەکانی نموونەی توێژینەوە بوونە زۆرترینیان دووچاری دڵتەنگی بوونە.

ئەمەش ئەوگریمانەیە بە ڕاست هەلدەسەنگێنێ (قڕکردنی نێرینەی بارزانیەکان کاریگەری خراپی لە رووی دەروونییەوە کردووتە سەر ئەندامانی خێزانی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان).

باسی دووەم

## ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

١. زیاتر هەوڵدان و بڵاوکردنەوەی بانگەواز و بیرخەرەوە بۆ دەزگاکانی نێودەولەتی و پەرلەمان و دەولەتانی جیهان و ڕای گشتی جیهان و بەستنی کونفرانسی نێودەولەتی، کە کردەوەی لە ناوبردن و کۆمەڵکوژی بارزانیەکان و کیمیاباران و شاڵاوەکانی ئەنفال بە جینۆساید بناسرێ و لە سەر ئەم بنەمایە هەڵسوکەوت ومامەلەی لەتەکدا بکرێ.

٢. قەرەبوکردنەوەی ئەو زیانە ماددی و مەعنەویانەی رووبەری بەجێماوی بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان بوونە لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و دیمۆگرافی و پەروەردەییەوە.

٣. زیادکردنی ئەو برە مووچەیەی مانگانە وەریدەگرن کە لە گەڵ پێداویستیەکانی بازاری ئەمرودا بگونجێ، هەروەها چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون.

٤. پێویستە لایەنی پەیوەندیدار ئاورێیەکی جدی لە کەسوکاری کۆمەڵکوژکراوەکان بدەنەوە و بەرنامە پلانی ئەنجامداریان بۆ دابنرێ و بایەخیان پێبدرێ و ڕێزیان لێبگیرێ، هەولبدرێ ئەو ناهاوسەنگیە دەروونی و کۆمەلایەتیە لە ناخی تاکی بە جێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان هەیە نەهێلرێت یاخود کەم بکرێتەوە، ئەمەش بە دانانی بنکە و گۆمەلگای چاودێری و کۆمەلایەتی و دەروونی لەو ناوچانەی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکانی لێیە، پسپۆران لە بواری سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی، واتاکان و کێشەکانی پاشخانی کاریگەرییە دەروونی و کۆمەلایەتییەکانی پرۆژەی لە ناوبردن بە سەر کەسوکارییان ڕاڤەبکەن و چارەسەریان بۆ بدوزنەوە.

٥. هەوڵدان و بۆ ناردنە دەرەوەی هەندێ قوتابی بە تواناو دەرچووی کولیژەکان لە بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان، تاکو بتوانن بڕوانامەی بەرز وەربگرن و لە هەمانکاتیشدا ببنە بالیۆز و نوێنەری کەسوکاری کۆمەڵکوژکراوەکان و سەرەنج و سۆزی گەلّ و دەڵەتانی جیهان بۆ لای خویان ڕابکێشن.

٦. قەلاچوکردنی کێشەی بێکاری لەناو خانەوادەی کۆمەڵکوژکراوەکان.

٧. بۆ ئەوەی کورد بەشێوەیەکی ڕاست و دروست شارەزای مێژووی نەتەوەکەی بێت، پێویسە تاوانەکانی پرۆژەی لە ناوبردن و کۆمەڵکوژی و کیمیاباران و ڕاگواستن و ئەنفال بخرێنە نێو پرۆگرامەکانی خوێندن.

٨. پێویستە توێژەران و کۆمەڵناسان و نوسەران و ئەکادیمیانی زانکوکانی کوردستان، پەرتوك و توێژینەوەی تایبەت بەم تاوانە لە سەرجەم لایەن و ڕەهەندەکانیەوە (سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری، دەروونی، دیموگرافی...هتد) ئەنجامبدەن و بلاوبکەنەوە، چونکە ئەم سەردەمە باشترین و لەبارترین کاتە بۆ ئەنجامدانی ئەو نووسین و توێژینەوانە لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری شایەدحالەکان لە ژیانداماون، زانیارییەکان لە زاری ئەوانەوە بۆ مێژوو توماربکرێت.

٩. بەپێی پرۆژەیەك هەوڵبدرێت یارمەتی ماددی ئەو کور و کچانەی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان بدرێت کە نیازی خێزان پێکەوەنانیان هەیە لەرووی دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونیان و هەندێك پێداویستی ناو ماڵ.

١٠. هەوڵبدرێت ئافرەتانی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان لە کارگەکان و شوێنە کاردەستییەکان دابمەزرێن بۆ ئەوانەی نەخوێندەوارن، بۆ ئەوانەی خوێندەوارن لە دامودەزگا حکومیەکاندا دابمەزرێن، چونکە سەرقاڵ بوون بەو جۆرە کارانە یەکێکە لە فاکتەرەکانی ئارامبوونەوەی مروڤی غەمبار و نەخوش لە رووی دەروونییەوە.

باسی سێیەم

## چەند دیکۆمێنتیکی تر

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(١٦)

اخبار المعلومات الاولي

العدد / ١٥ / ١٩٨٣　　　　محافظة بغداد

تاريخ وساعة الاخبار/ ١ / ٨ / ١٩٨٣　　　　مديرية امن محافظة بغداد

| تاريخ وساعة الاخبار | محل الحادث | وصف الجريمه والاموال المسروقه | اسم ومحل سكن المشتكي / المدعي او المخبر |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ / ٨ / ١٩٨٣ | بغداد / اربيل حاج عمران | جريمه موصوفه وفق المواد ١٥٩ / ١٦٢ / ١٧٥ ق ع | الحق العام |

افادة مخبر او المدعي والاجراءات المتخذه من قبل الامن :—

ورد تنا معلومات مفادها بأن المتهم حسن محمد شيرو أخذ يجمع اتباعه من المرتد بن للمجرم الهارب مسعود البرزاني مسؤول مايسمى بالحزب الديمقراطي الكردستاني العميل وتهيأتهم لمساعدة العدو الايراني وفعلاً تم ذلك واتصل بالاشخاص المدرجه اسمائهم ادناه واخذو يجمعون المعلومات العسكريه المهمه وتسليمها الى العدو الايراني كما انهم ارشدوا احد ضباط العدو الايراني قبل الهجوم على حاج عمران حيث قام الضابط المذكور بجرد المنطقه وتعيين المناطق التي توجد فيها حراسات وربايا خفيفه ورصد الوحدات العسكريه المتواجده هناك كذلك قام بعمليات تخريبيه من شأنها مساعدة العدو الايراني للدخول الى الاراضي العراقيه لدى عرض القضيه على السيد قاضي تحقيق الامن قرر قطع اخبار المعلومات وتفريق التهمه بحقهم وفق المواد ( ١٥٩ و ١٦٢ و ١٧٥ ) من ق ع واصدار امر بالقبض بحق الهاربين وفرد قضيه مستقله بحقهم لحين القبض عليهم ولا زالت التحقيقات مستمره .. مع التقدير .

موقع / نقيب الامن
ضابط تحقيق امن بغداد

يتبع لطفاً

ض /

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(١٧)

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهوريه العراقيه
وزارة الداخليه
مديرية الامن العامه

النصر لقادسية
صدام

سري

العدد /٤٥/ت/ ٢ ٥ ٥ ١٩
التاريخ / ٢٩ / ١ / ١٩٨٤

الى / مديرية ٦٤
م / طلب معلومات

كتابكم / ق٣/ ٧٢٦٠ في ١٩٨٠/٢/١٤
يرجى تزويدنا بالهويه الكامله واللقب وما مسجل لديكم من معلومات ضد
المدعو زبير علي زبير ...

رجاء اعلامنا بالسرعه الممكنه رجاء ....

م. مدير ٤٥

٨٠ ٢٢ ٢ ٠١

حرر ودقق صح

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(١٨)

اخبـار المعلومات الاولـى

المحافظة/ بغـداد

العدد / ٩٨٣/٤/

مديرية امن محافظة بغـــــــداد ش ٣١

تاريخ وساعة الاخبار

| تاريخ وساعة الحادثة | محل الحادثـة | وصف الجريمه والاموال المسروقة | اسم ومحل سكن المخبر |
|---|---|---|---|
| ١٩٨٣ | بغداد /اربيـل | جريمه موصفه وفق المـواد ١٥٩/١٦٢/١٧٥ ق٠ع | الحـق العـام |

افاد المخبر او المدعي والاجراءات المتخذه من قبـل الامـــــــن :=

ورد تدا معلومات مفادها بان المتهم محمـد امين صالح ناصر اخذ يجمع اتباعه من المؤيدين للمجرم الهارب مسـعود البرزانـي واخوه ادريس وذلك لتهيأتهم لمساعدة العدو الايرانـي وفعـلا تم ذلك واتصل بالاشخاص المدرجه اسمائهم ادناه واخذوا يجمعون التبرعات وذهبوا الى المنطقـة الشماليـه وارشـدوا احد ضباط العدو الايراني وذلك قبل الهجوم الاخير على حاج عمــران حيث قام الضابط المذكور بجـرد المنطقة وتعيين المناطق التي لاتوجد فيها حراسات والربايا الضعيفة ورصد الوحدات العسكرية المتواجده هناك وكذلك قاموا بعطيات تخريبيه من شأنها تساعد العدو الايراني لدخول الاراضي العراقيـه ٠٠ ولا زالت التحقيقات مستمرة ٠٠٠ مـع التقديـر ٠

موقع/رائد الامن
ضابـــط ش ٣١

الاســـــماء

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٠١ | احمـد حسـن محمد | ٠٢ | جادر حسن عبد الله |
| ٠٣ | ظاهر محمـد ابراهيـم | ٠٤ | محمـد نـوري ظاهـر |
| ٠٥ | ديوالي محمـد غزالـي | ٠٥ | زبير نعمه غزالـي |
| ٠٧ | فاخر نور الدين محمد صديق | ٠٨ | عمر غزالي حسين محمـد |
| ٠٩ | بايزيد عثمان محمـد | ١٠ | محي الدين محمد امين |
| ١١ | اسـعد حسن محمـد | ١٢ | علـي فرطـاس مصطفـى |
| ١٣ | عمـر طاهر عبد الرحمن | ١٤ | حسن علـي ياسـين |
| ١٥ | محمـد ميرخان سـعيد | ١٦ | محمـد محي شـريـف |
| ١٧ | خدر خالـد رعيسـى | ١٨ | نظمـي خال ملا عزيز |
| ١٩ | عادل يونـس مصطفـى | ٢٠ | عـادل حسـن مـلا |
| ٢١ | عزيز عبد الرحمن محمـد | ٢٢ | رمضـان محمـد يحـيـى |
| ٢٣ | عبد الله احمد محمـود | ٢٤ | شفيق سعيد محمـد طاهـر |
| ٢٥ | عمـر شـيخو نـوري | ٢٦ | علـي محمـد احمـد |
| ٢٧ | طاهـر محمـد حسـن | ٢٨ | خليل محمود عثمـان |
| ٢٩ | دسـكو طاهـر طـه | ٣٠ | عبد العزيز ياسين غزالـي |
| ٣١ | محمـد امين صالح ناصـر | ٣٢ | صالح اسـماعيـل مشختـي |

(يتبع لطفـــا )

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣ | حسين محمد حسن | ٣٤ | محمد عمر حمد |
| ٣٥ | عبد الرحمن مصطفى مصطفى | ٣٦ | محمود عثمان نبي |
| ٣٧ | خيران عزيز عمر | ٣٨ | شفيق صبري رمضان |
| ٣٩ | عبد الرحمن محمود غفوري | ٤٠ | احمد محمود غفوري |
| ٤١ | اسماعيل حسن صالح | ٤٢ | سليمان احمد سليمان |
| ٤٣ | عزيز درويش محمد امين | ٤٤ | اسعد عمر محمود |
| ٤٥ | ميرخان محمود امين | ٤٦ | قاسم عمر غزالي حسين |
| ٤٧ | عيسى عيسى عيسى | ٤٨ | زبير اسماعيل مصطفى |
| ٤٩ | نعمه غزالي حسين | ٥٠ | عارف حسن بارشين |

نسخه منه الى/

رئاسة الجمهورية ــ السكرتير

رئاسة ديوان رئاسة الجمهورية ــ دائرة ،، شؤون قانون السلامه الوطنية

وزارة الداخلية ــ المكتب الخاص

رئاسة محكمة الثورة

السيد مدير الامن العام

حاكمية تحقيق الامن

مديرية ٣٢

مديرية ٤٥

مديرية امن بغداد ١١

راجين التفضل بالاطلاع

مع التقدير

للتفضل بالاطلاع والتاشير رجاء

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(١٩)

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

وزارة الداخلية

مديرية الامن العامة

مديرية امن منطقة الحكم الذاتي

ـ ق ٠ س ـ

العدد

التاريخ / /

الى / مديرية الامن العامه ـ ٤٥ ش٠م

م/ بيـــــــان راى

كتابكم المرقـــم ١٧٨٨٥٧ فـــي ٦/ ٧/ ٩٨٦

المذكور يدعى فرحان شيخو محمد البارزاني تولد ٩٥٦ يسكن اربيـــل مجمع القدس من القوميه الكرديه ـ مهنته عامل اهلي ـ والدتــــه مريم حسن عبد الله عام ٩٨٢ التحق مع زمرة الحزب الديمقراطي ـ الكردستاني العميل ولم يعد لحد الان ـ نرتاى اصدار امــــر القبض بحقه ـ مع التقدير ٠٠٠٠

نقيب الامن

م/م ٠ع لمنطقة الحكم الذاتي

ز ن / ٠٠٠

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(٢٠)

برقية سرية

وقت الانشاء ويومه

من / امنعـــام

الى / قائمة التبليغات ( أ ) عدا ( ب و ج )

المنشئ / ٤٥ ش٠ م / ٤٨٨٧٥٥ ظهر القاء القبض بحق المدعو ( فرحان شيخو محمـــد البرزاني ) حال دخوله القطر أو تواجده فيه تولد ١٩٥٦ — مهنته عامل اهلي يسكن اربيل مجمع القدس من القوميـــة الكردية والدته تدعى مريم حسن عبد الله (٠) لاتخاذ مايلزم

عقيد الأمن
ع / مدير الامن العام

نسخة منه الى :—

مديرية أمن منطقة الحكم الذاتي /كتابكم /١٣٧٧٧ في ١٩٨٦/٨/٢٧ للعلم مع التقدير

ف١ / لاجراقبها رجـــاء٠٠

قسم التحويل مع القيد لاجراء اللازم ٠

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(٢١)

رئاسة محكمة الثـــورة

( بغداد )

عدد الدعوى :- ١٢٢٣/ج/١٩٨٣

التاريـــخ :- ٤/١٢/١٩٨٣

**قرار الحكـــم**

تشكلت محكمة الثورة بتاريخ ٤/١٢/١٩٨٣ برئاسة السيد عواد حمد البندر وعضوية العقيد الحقوقي داود سلمان شهاب والمقدم الحقوقي طارق هادي شكر واصدرت باسم الشـــعب القرار الآتي :-

الحكم على كل من سليمان ابراهيم علي وشيروان احمد مام رش وسليمان عبد الله ابراهيم والياس عريف محمد البارزاني وقادر رمضان احمد وصبري عيسى احمد وفرهاد عبد الله جميجو البارزاني وعبد الرزاق محي الدين عبد امين وعلي ولي محمد البارزاني وجميجو بابكر سعيد بن ومكسي زبير حاجي وسعيد صالح زودا وحسن بابير عبد و عزت عثمان درويش عبد درويش عزت عثمان درويش البارزاني وصبري ابراهيم يونس البارزاني وعلي احمد مصطفى وبابكر سعيد بن ياسين البارزاني وسليمان ملا درويش البارزاني ورمضان سليمان عبد الله البارزاني وصبري بكر سليمان البارزاني وحسن سعدي اوير البارزاني وعبيد شيروان رش اغا وبابير حسن بابير البارزاني وشكر محمود عيسى البارزاني وسليمان ذياب سليمان البارزاني وحمد علي سعيد البارزاني وكاويس عزت عثمان درويش وحمد ملالا و وسعيد عبد الله عريف البارزاني واسماعيل محمد شاكر البارزاني واحمد طاهر عزو البارزاني وعلي ابراهيم محمد البارزاني وصبري حسن محمد وعلي حسن عبد الله البارزاني وآزور بشير محمد وطه صالح طه ومحمد ابو بكر علي وشوجه محمد حسين وخيس الله سعيد وحسين كريم ملكو وعثمان علي عبد الله البارزاني وصابر عبد الله ملا يوسف البارزاني ومحمد امين ابراهيم قرطاس ويونس عبد الله رحمن وكريم عبد و احمد البارزاني وجميع احمد جميم البارزاني وميتو مصطفى ملا وعبد الله اسعد فرحن بالاعدام شنقا حتى الموت وفق المواد ١٥٩ و١٦٢ و١٧٥/٢ و٤٩ و٥٠ و٥٣ من ق ع ومصادرة اموالهم المنقولة وغير المنقولة .

قرارا صدر باتفاق الآراء وافهم علنا في ٤/١٢/١٩٨٣

عواد حمد البندر
رئيس محكمة الثـــورة

العقيد الحقوقي
داود سلمان شهاب
عضو

المقدم الحقوقي
طارق هادي شكر
عضو

عشرة نسخ فقط

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(٢٢)

رئاسة محكمة الثـــــورة

( بغداد )

عدد الدعوى :- ١٧٧٣/ج/١٩٨٣

التاريـــخ :- ٤/١٢/١٩٨٣		قرار الادانـــــة

تشكلت محكمة الثورة بتاريخ ٤/١٢/١٩٨٣ برئاسة السيد عواد حمد البندر وعضوية العقيد الحقوقي داود سلمان شهاب والمقدم الحقوقي طارق هادي شكر واصدرت باسم الشـــعب القرار الاتي :-

احال السيد رئيس الجمهورية بموجب امر الاحالة المرقم ٢٢/١٥٦١ في ١٩/١٠/٨٣ القضية المرقمة ١٦/٨٣ امن بغداد ش٣ الخاصة بالمتهم سليمان ابراهيم قلي وجماعتـــه لاجراء محاكمتهم وفق احكام المواد ٥٩ و ٦٢ و ١٧٥/٢ من ق ع

ولدى اجراء المرافعة والاستماع الى مطالعة المدعي العام النقيب الحقوقي هاشم طه حمد الذي طلب محاكمتهم وفق مواد الاحالة

استمعت المحكمة الى افادة المتهمين

وبالتدقيق والمداولة تبين ما يلي :- بتاريخ ١٨/٩/١٩٨٣ قبض على المتهمين كل من سليمان ابراهيم قلي وشوان احمد مام رش وسليمان عبد الله ابراهيم والياس عريف محمد البارزانـــي وقادر رمضان احمد وصبري عيسى احمد وفرهاد عبد الله جنجو البارزاني وعبد الرزاق محي الدين محمد امين وقتي ولي محمد البارزاني وجنجو بابكر سعيد بن وعكسي زبير حاجـــي ومحمد صالح زردا وحسين بابير حمد وعزت خان درويش ودرويش عزت خان درويش البارزاني وصبري ابراهيم يونس البارزاني وعلي احمد مصطفى وبابكر سعيد بن البارزاني وســـليمان ملا درويش البارزاني ورمضان سليمان عبد الله البارزاني وصبري بكر سليمان البارزانـــي وحسن سعدي آوير البارزاني ومحمد شيوان رش اغا وبابير حسن بابير البارزاني وعكـــر محمد عيسى البارزاني وسليمان ذياب سليمان البارزاني وحمد قلي سعيد البارزانـــي وكاويس عزت خان درويش وحمد ملا لاو وسعيد عبد الله عريف البارزاني واسماعيل محمـــد شاكر البارزاني واحمد طاهر عزو البارزاني وعلي ابراهيم محمد البارزاني وصبري حسن ــ محمد وعلي حسن عبد الله البارزاني وازور بشير محمد وطه صالح طه ومحمد ابو بكر طـــي وخوجه محمد حسين وفيض الله سعيد وحسن كريم ملكو وعثمان قق عبد الله البارزانـــي وصابر عبد الله ملا يوسف البارزاني ومحمد امين ابراهيم قرطاس ويونس عبد الله رحمـــن وكريم حمد واحمد البارزاني وجنج احمـــد جنج البارزاني وعمتو مصطفى ملا وعبد اللـــه اسعد قرعس لانتمائهم الى زمرة التخريب ( جماعة المجرمين مسعود وادريس البارزانـــي )

عشرة نسخ فقط		= يتبع من ٢ لطفاً =		الرئيس

تابع للقرار المرقم :- ١٧٧٣/ج/ ١٩٨٣ -٢-

بتزويد المخربين بالمعلومات عن الوضع داخل القطر وخاصة القضايا العسكرية والاقتصادية والمنشآة الحيوية وتجنيد انفسهم خدمة لجهات اجنبية اوعزت لهم بالتنسيق مع العدو الفارسي العنصري بالرغم من علمهم بحظورية ذلك .

ومن سير التحقيق القضائي والمحاكمة الجارية اعترفوا جميعا بالتهمة المسندة اليهم وبان المتهم شوان مام رش بانه اخذ بجمع اتباعه من المؤيدين للمجرم ادريس البارزاني وذلك لتهيأتهم لمساعدة العدو الايراني وفعلا تم ذلك واتصل بالمتهمين اعلاه واخذوا يجمعون التبرعات وذهبوا الى المنطقة الشمالية وارشدوا احد ضباط العدو الايراني قبل الهجوم الاخير على حاج عمران حيث قام الضابط المذكور باستطلاع المنطقة وتعيين المناطق التي لا يوجد فيها حراسات والربايا الضعيفة ورصد الوحدات العسكرية المتواجدة هناك كما اعترفوا بقيامهم بعمليات تخريبية من شأنها مساعدة العدو الايراني للدخول في الاراضي العراقية مثل ضرب الربايا العسكرية واعاقة تقدم القطعات العسكرية لصد الهجوم الايراني اضافة الى اعمال تخريبية اخرى متنكرين لتربة الوطن ولعطاء الثورة لجماهير شعبنا الكردي من خلال الحكم الذاتي والازدهار الذي عم المنطقة الكردية في شمال الوطن الحبيب في جميع مناحي الحياة خدمة للاجنبي الذي اوعز لهم لغرض النيل من السلطة الثورية في العراق عليه مما تقدم تأيد للمحكمة بان المتهمين اعلاه قد ارتكبوا فعلا ينطبق واحكام المواد ٥٩ او ٦٢ او ١٧٥/٢ من ق ع تقرر ادانتهم بموجبها وتحديد عقوبتهم بمقتضاها

قرار اصدر باتفاق الاراء وافهم علنا في ٤/ ١٢/ ١٩٨٣

| | | |
|---|---|---|
| العقدم الحقوقي | العقيد الحقوقي | فؤاد حمد الهنذر |
| طارق هادي شكر | داود سلمان شهاب | رئيس محكمة الثورة |
| عضو | عضو | |

عشرة نسخ فقط

## دەقی دیكۆمێنتی ژماره‌(٢٣)

بسم الله الرحمن الرحيم

رقم الواردة :

٩٨٢/ح/١٧٧٦

الجمهورية العراقية
ديوان رئاسة الجمهورية
دائرة شؤون قانون السلامة الوطنية

الرقم ٢٣/١٥٦٤
التاريخ ١٩/١٠/١٩٨٣

سري

رئاسة محكمة الثورة

/ قرار احالة /

بالنظر لتوفر اسباب الاحالة في القضية التحقيقية المرقمة ١٤ /٩٨٣( امن بغداد /ش ٣) الخاصة بالمتهمين المدرجة اسماؤهم ادناه واستنادا الى ( اولا ) من قرار مجلس قيادة الثورة رقم ٥٦٥ في ٣٠/٤/١٩٧٩ والفقرة الثالثة من المادة الثامنة من قانون معاقبة المتآمرين على سلامة الوطن ومفسدي نظام الحكم رقم ٧ لسنة ١٩٥٨ المعدل ٠
قررنا احالة المتهمين المذكورين على محكمتكم لاجراء محاكمتهم عن التهم المسندة اليهم وفق المواد ١٥٩و١٦٢و١٧٥ /٢ ق٠ع٠
مطيه القضية المحالة لاتخاذ مايلزم واعلامنا ٠

صدام حسين
رئيس الجمهورية

اسماء المتهمين

١) خيرالله عادل محمد
٢) فقو كريم ظاهر البارزاني
٣) صبري فقي ياسين البارزاني
٤) ابراهيم كلحو رشيد البارزاني
٥) غريب محمد حسن البارزاني
٦) عمر محمد احمد البارزاني
٧) مل عبدالله بي
٨) محمد عزيز محمد البارزاني
٩) مير عمر صوفي سليمان
١٠) خال ملا عزيز درويش البارزاني
١١) بابكر مصطفى محمد
١٢) نوري محمد علي شماشه
١٣) صبري صارم محمود البارزاني
١٤) علي طه عزيز البارزاني
١٥) خوشوي سليم عيسى
١٦) امرالله عبدالله قسيم
١٧) شعدين رشيد شعدين
١٨) سليم اسماعيل سليم
١٩) بي ميرو بي البارزاني
٢٠) فقو محمد ابراهيم
٢١) حبيب صوفي درويش البارزاني
٢٢) فائق عمر عثمان
٢٣) هادي لاو فقي ابراهيم البارزاني
٢٤) حيدر اسماعيل صالح
٢٥) عبدالله شعيت يحيى
٢٦) زيدين طه عزيز

يتبع /

بسم الله الرحمن الرحيم

ختم الواردة

الجمهورية العراقية
ديوان رئاسة الجمهورية
دائرة شؤون قانون السلامة الوطنية

الرقم ..................................
التاريخ ..................................

٢٧) ابراهيم حسن بيكر
٢٨) هاشم عبدالله شيت
٢٩) طلعت ناصر خورشيد
٣٠) خليل احمد يونس البارزاني
٣١) يحيى يحيى صالح البارزاني
٣٢) عبدالله فارس عبدالله
٣٣) احمد حسين عمر
٣٤) بابكر صوفي درويش البارزاني
٣٥) سعيد وسمان شرف البارزاني
٣٦) فارس حسين يوسف
٣٧) فرهاد يحيى يحيى البارزاني
٣٨) احمد ملا عمر سليمان البارزاني
٣٩) حمد صوفي درويش البارزاني
٤٠) سفرى عبدالله اسعد
٤١) ملاك لاويـ ـاج
٤٢) حسن مـلا لاو البارزاني
٤٣) عمير قادر باج
٤٤) سليم عمير قادر
٤٥) عيسى ملا لاو البارزاني
٤٦) مام حجي بيرو سيف الدين البارزاني
٤٧) فقي عرب حسن البارزاني
٤٨) حسين صالح حسين البارزاني
٤٩) اومر عرب حسن البارزاني
٥٠) ملا عمر سليمان حمو

المرفقات
______

النسخة الاولى من القضية.

١- يعين يوم / / ٨٢ موعداً للمحاكمة
٢- ينتدب المحامي

الرئيس

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(٢٤)

رئاسة محكمة الثورة
( بغداد )
عدد الدعوى :- ١٧٧٦/ج/١٩٨٣
التاريخ :- ١٩٨٣/١١/٢١		قرارالحكم

تشكلت محكمة الثورة بتاريخ ١٩٨٣/١١/٢١ برئاسة السيد عواد حمد البندر وعضوية العقيد الحقوقي داود سلمان شهاب والمقدم الحقوقي طارق هادي شكر واصدرت باسم الشعب القرار الاتي :-

الحكم على كل من خيرالله عادل محمد وفقو كريم ظاهر البارزاني وصبري فقي ياسين البارزاني وابراهيم كلحو رشيد البارزاني وغريب محمد حسن البارزاني وعمر محمد احمد البارزاني وملا عبد الله نبي ومحمد عزيز محمد البارزاني وعمر عمر صوفي سليمان وخال ملا عزيز درويش البارزاني وبابكر مصطفى محمد ونوري محمد علي شماشه وصبري صارم محمود البارزاني وعلي طه عزيز البارزاني وخوشوي سليم عيسى وأمرالله عبد الله قسيم وشمد بن رشيد شمد بن وسليم اسماعيل سليم ونبي مهرو نبي البارزاني وفقو محمد ابراهيم وحبيب صوفي درويش البارزاني وخالق عمر عثمان وهادي لاو فقي ابراهيم البارزاني وحيدر اسماعيل صالح وعبد الله شميت ويحيى وزيد بن طه عزيز وابراهيم حسن بوبكر وهاشم عبد الله شميت وطلعت ناصر خورشيد وخليل احمد يونس البارزاني ويحيى يحيى صالح البارزاني وعبد الله فارس عبد الله واحمد حسين عمر وبابكر صوفي درويش البارزاني وسعيد وسمان شرف البارزاني وفارس حسين يوسف وفرهاد يحيى يحيى البارزاني واحمد ملا عمر سليمان البارزاني وحمد صوفي درويش البارزاني وسفري عبد الله اسعد وملاك لاو باج وحسن ملا لاو البارزاني وهمبرقادر باج وسليم هميو قادر عيسى ملا لاو البارزاني ومام حجي بيروا سيف الدين البارزاني وفقي عرب حسن البارزاني وحسين صالح حسين البارزاني وأومر عرب حسن البارزاني وملا عمر سليمان حسو بالاعدام شنقا حتى الموت وفق المواد ١٥٩ و ١٦٢ و ٢/١٧٥ من ق ع ومصادرة اموالهم المنقولة وغير المنقولة .
٤٩ و ٥٠ و ٥٣

قرار اصدر باتفاق الاراء وافهم علنا في ١٩٨٣/١١/٢١

| | | |
|---|---|---|
| المقدم الحقوقي | العقيد الحقوقي | عواد حمد البندر |
| طارق هادي شكر | داود سلمان شهاب | رئيس محكمة الثورة |
| عضو | عضو | |

عشرة نسخ فقط

## دیکۆمێنتی ژمارە (٢٥)

رئاسة محكمة الثـــــورة
( بغداد )
عدد الدعوى :- ١٧٧٦/ج/١٩٨٣
التاريــخ :- ٢١/١١/١٩٨٣ قرار الادانـــة

تشكلت محكمة الثورة بتاريخ ٢١/١١/١٩٨٣ برئاسة السيد عواد حمد البندر وعضويـــة العقيد الحقوقي داود سلمان شهاب والمقدم الحقوقي طارق هادي شكر واصدرت باســم الشعب القرار الاتي :-

احال السيد رئيس الجمهورية بموجب امر الاحالة المرقم ٢٣/١٥٦٤ في ١٩/١٠/١٩٨٣ القضية المرقمة ١٤/٨٣ امن بغداد ش ٣ الخاصة بالمتهم خيرالله عادل محمد وجماعتـــه لاجراء محاكمتهم وفق احكام المادة ١٥٩ و ١٦٢ و ١٧٥/٢ ق ع

ولدى اجراء المرافعة والاستماع الى مطالعة المدعي العام النقيب الحقوقي هاشم طه محمد الذي طلب محاكمتهم وفق مادة الاحالة

استمعت المحكمة الى افادات المتهمين

وبالتدقيق والمداولة تبين ما يلي :- بتاريخ ١٢/٨/١٩٨٣ تم القبض على المتهمين كل من خيرالله عادل محمد وخلو كريم طاهر البارزاني وصبري فقي ياسين البارزاني وابراهيم كلحو رشـــيد البارزاني وغريب محمد حسن البارزاني وعمر محمد احمد البارزاني وعلي عبد الله نبي ومحمـــد عزيز محمد البارزاني وعمر عمر صوفي سليمان وخالد ملا عزيز درويش البارزاني وبابكر مصطفى محمد ونوري محمد علي شمامه وصبري صارم محمود البارزاني وعلي طه عزيز البارزاني وخوشوي سـليم عيسى وامرالله عبد الله قسيم وشيد بن رشيد محمد بن وسليم اسماعيل سليم ونبي عمر و نبي البارزاني وخلو محمد ابراهيم وحبيب صوفي درويش البارزاني وفائق عمر عثمان وهادي لاوفقي ابراهـــيم البارزاني وحميد وحيدر اسماعيل صالح وعبد الله عصمت وعيسى وزيد بن طه عزيز وابراهـــيم حسن بوبكر وهاشم عبد الله عصمت وطلعت ناصر خورشيد وخليل احمد يونس البارزانـــي ويحيى يحيى صالح البارزاني وعبد الله فارس عبد الله واحمد حسين عمر وبابكر صوفي درويـــش البارزاني وسعيد وسان معروف البارزاني وفارس حسين يوسف وفرهاد يحيى يحيى البارزانـــي واحمد ملا عمر سليمان البارزاني وحمد صوفي درويش البارزاني وسفري عبد الله اسعد وسلالا لاو باج وحسن ملا لاو البارزاني وشمير قادر باج وسليم شمير قادر وعيسى ملا لاو البارزانـــي وسام حجي عمر وسيف الدين البارزاني وفقي عرب حسن البارزاني وحسين صالح حســين البارزاني وأومر عرب حسن البارزاني وملا عمر سليمان حسو لانتمائهم الى زمرة التخريـــب

- يتبع ص٢ لطفا -

الرئيس

مقررة تسح فقط

تابع للقرار المرقم :- ١٧٧٦/ج/١٩٨٣    -٢-

في شمال الوطن جماعة المجرمين ( ادريس ومسعود البارزاني ) وقيامهم بتزويد المخربين بالمعلومات العسكرية والاقتصادية والمنشآت الحيوية في الداخل وتجنيد انفسهم خدمة لجهات اجنبية اوعزت لهم بالتنسيق مع العدو الفارسي بالرغم من علمهم بمحذورية ذلك . ومن سير التحقيق القضائي والمحاكمة الجارية اعترفوا جميعا بالتهمة المسندة اليهم وبالاعمال التخريبية والاجرامية والتجسسية التي قاموا بها وبين المتهم خيرالله عادل بانه بلغ بجمع اتباعه من المؤيدين للمجرمين الهاربين ( مسعود وادريس البارزاني ) وجمع المعلومات منهم وتهيئتهم لمساعدة العدو الايراني المعتدي في هجومه على المناطق الشمالية وبصورة خاصة في منطقة حاج عمران وارشادهم احد الضباط الايرانيين المرسل من خميني الدجال اليهم على المناطق الحيوية واماكن تواجد القطعات العسكرية في المنطقة المذكورة وتبليغهم بالالتحاق مع المخربين اثناء الهجوم وخلالكان دورهم مشاغلة القطعات العسكرية العراقية اثناء تحركها لصد الهجوم الايراني على منطقة حاج عمران وعرقلة تحرك الوحدات العسكرية ومشاغلة الربايا العسكرية باطلاقهم النار على القوافل والربايا العسكرية كي يتمكن العدو من الوصول للاهداف منها زرع الالغام وحرق السيارات العسكرية وضرب الربايا متنكرين لتربة الوطن ومتناسين لعطاء الثورة لجماهير شعبنا الكردي من خلال الحكم الذاتي والازدهار الذي عم المنطقة في جميع مناحي الحياة ونادرين انفسهم خدمة للاجنبي وتنفيذا لرغباته وتعليماته من النيل من السلطة الثورية في العراق . من كل ما تقدم تأيد للمحكمة بان المتهمين اعلاه قد ارتكبوا فعلا ينطبق واحكام المواد ٥٩ او ٦٢ او ١٧٥/ ٢ من ق ع تقرر ادانتهم بموجبها وتحديد عقوبتهم بمقتضاها .    ٤٩ و٥٠ و٥٣

قرار صدر باتفاق الاراء وافهم علنا في ٢١/ ١١/ ١٩٨٣

المقدم الحقوقي
طارق هادي شكر
عضو

العقيد الحقوقي
داود سلمان شهاب
عضو

عواد حمد البندر
رئيس محكمة الثورة

عشرة نسخ فقط



وێنە ژمارە(٤٢) بارزانییەکان لە ئۆدوگا بیابانیەکاندا



وێنەی ژمارە (٤٣) بارزانییەکان لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی بیابان و ناوچە عەربنشینەکانیشدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیان بەردەوامە.



وێنەی ژمارە(٤٤) سەرەرای جێ بەجێکردنی خزمەتی سەربازییان، بەعسیەکان ژیانیان پێ رەوا نەبینیوو، کۆمەڵکوژکران.



وێنەی ژمارە(٤٥) سەرەرای ڕاگواستنیان جینۆسایدکران









**وێنەی ژمارە(٤٦) چەند دیمەنێك لە ژیانی ڕاگوێزراو و جینوسایدکراوەکان.**



وێنه‌ی ژماره‌(٤٧) كرێكاره‌ ڕاگوێزراوه‌كان كه‌ چاره‌نوسی زوربه‌یان جینوسایدكردبوو.



وێنه‌ی ژماره‌(٤٨) پشوودان و نانخواردنی ڕاگویزراوه‌كان له‌ ڕێگا و له‌ نێو ئۆتومبێله‌كاندا بوو.



















**وێنەی ژمارە(٤٩)چەند دیمەنێك لە ئۆردوگاکانی زۆرەملێیەکانی بارزانییەکان لە بیابانی باشووری عێراق.**



وێنەی ژمارە(٥٠) ئۆردوگای زۆرەملێی قادسیە لە قۆشتەپە



وێنەی ژمارە(٥١) ئۆردوگای زۆرەملێی حەریر ١٩٨٠



وێنەی ژمارە(٥٢) ئۆردوگای زۆرەملێی حەریر ١٩٨٠










**وێنه‌ی ژماره‌(٥٣) ڕووخساری شه‌که‌ت و ماندوو، فرمێسکی قه‌تیس ماو له‌ چاوه‌کان، چاوه‌ڕانی به‌رده‌وام، یادگارییه‌ تاڵ و ڕۆژه‌ سه‌خته‌کان هاوڕێ و هاوخه‌می دایکی ڕۆڵه‌ جینوسایدکراوه‌کانن.**







وێنەی ژمارە(٥٤) چەند دیمەنێك لە شینی و گریانی دایك و هاوسەر و کچی کۆمەڵکوژکراوەکان کە بۆ یەکەم جار بە جل و بەرگ و جامانە و پشتێت و کەل و پەلەکانیان بینی، لە گۆڕە بە کۆمەلەکاندا دەرهێنرابوون.

# بیبلۆگرافیا

## سەرچاوەکان:

### أ- پەرتوك

١- ئازاد وەلەد بەگی، فەرهەنگی رامیاری(نیگا)، بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥

٢- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، تەرحیل تەعریب تەبعیس، چاپی دووەم، لە بلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکولینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ١٩٩٩

٣- ئەبولحەسەن تەفرەشیان، بارزانیەکان، وەرگێرانی بەختار شەمەیی، چاپی یەکەم، هۆلەندا، ١٩٩٦.

٤- بورهان محەمەدامین، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان.

٥- پەروین سازگارا، ئاوڕدانەوەیەك لە كۆمەڵناسی، و؛ جەواد مستەفا ستۆپەیی، لە بلاّوکراوەکانی زنجیرەی هزرو كۆمەڵ، هەولێر، ٢٠٠٣

٦- جاسم توفیق خوشناو.د ، مەسەلەی کوردو یاسای نێوان دەولەتان، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکولێنەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٢

٧- جاسم توفیق خوشناو.د ، دەخالەتی مروڤانە لە کوردستان، لە بلاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٤

٨- جلال خەلەف ژاڵەیی، گرنگترین نەخۆشییە دەروونیەکان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥

٩- و؛ جەلال خلف ژاڵەیی، لێژنەی پسپۆری، دەرونزانی کۆمەلاّیەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی ٢٠٠٤

١٠- چنار سەعد عەبدوللا، کاریگەری باری سیاسی لە سەرگەشەکرنی هۆشیاری نەتەوەی کورد دوای ڕاپەرینی ١٩٩١، چاپی یەکەم، بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥

١١- حوسێن قاسم عاشوور.د ، داستانی پەرینەوە لە روباری ئاراس، خوێندنەوەیەك لە مێژوو خەباتی مەلامستەفا بارزانی، لە پەرتوکی(کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر) ئا:مومتاز حەیدەری و د.کوردستان موکریانی و د.دلێر ئیسماعیل حەقی شاوێس، بەشی یەکەم، هەولێر،٢٠٠٣

١٢- ڕێبوار سوەیلی، نەتەوە و حەکایەت، لەبلاوکراوەکانی سپیرێز، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، دهوك٢٠٠٢

١٣- ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوللا، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم. ٢٠٠٩

١٤- زبیر جلال ئیسماعیل، پوختەیەکی مێژوویی لە بارەی ناوچەی زێبار و بارزان، لە پەرتوکی(کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لە دایك بوونی بارزانی نەمر) ئا: مومتاز حەیدەری، نەژاد عزیز سورمێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهوك ١٩٩٧

١٥- سالار حەمە سور باسیرە، هەلەبجەو ئەنفال، لەبلاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، سلیمانی ٢٠٠٦

١٦- سستیڤن برۆکفید - پۆل ئە.لیڤن، بۆ نەوەکانتانی بگێرنەوە (دەربارەی ئەو هۆلۆکۆستیەیە کە لە ئەوروپای ١٩٣٣-١٩٤٥ داڕویداوە، و: ئیبراهیم خ.ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢

١٧- عبدالوهاب صومد، اجرام دولی، مطبعة جامعة کویت، ١٩٧٨

١٨- عەبدوللا کریم محمود، ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، لە بلاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤
١٩- عەبدوللا غەفور، ئەتنۆ دیمۆگرافیای باشووری کوردستان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦
٢٠- عبدالستار طاهر شریف، قامووسی دەروونناسی، مطبعة علاء- الوذيرية- چاپی یەکەم ، بغداد ١٩٨٥
٢١- عبدولونعیم غولامی، سێ قوربانیەکە، وەرگێرانی لە عەرەبیەوە: ئیحسان ئیروانی، دەزگای چاپ و بڵاکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم ، هەولێر، ٢٠٠٤
٢٢- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ڕاپەرینی کورد، چاپخانەی ئیران- شاری کورد- چاپی دووەم، ١٩٩٦
٢٣- عەدالەت عومەر سالح، ئەنفال و ئافرەتی کورد، دەزگای چاپ و بلاوکرنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢
٢٤- عەلی بەندی، ئەنفالکرنا بەهدینان، بەرگێ یەکێ، چاپا یەکێ، چاپخانا خەبات، دهوك، ٢٠٠١
٢٥- کەریم شەریف قەرچەتانی، هەندێك نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین،چاپی یەکەم هەولێر ١٩٩٩
٢٦- کازیوە سالح، فیمینستناسی و جڤاکی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٥
٢٧- کاویست قەفتان، کورتە باسێك دەربارەی بنەماڵەی بارزان بەهەشتی مستەفا بارزانی، لە پەرتوکی (کونگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر) ئا : مومتاز حەیدەری و د.کوردستان موکریانی و د.دلێر اسماعیل حەقی شاوێس، بەشی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٣

٢٨- فەریدون نوری، شورشی نەتەویی کورد لە عێراق و رۆڵی بارزانی لە پێگەیان و بەهێزکردن و پەرەپێدانی ئەو شورشە(بەجیهانی بوونی مەسەلەی کورد) و: تاهیر حاجی میرخان، تویژینەوەیەکە لە پەرتوکی (بارزانی لە ویژدانی رۆژهەلاتی کوردستاندا) لە ئامادەکردنی: حەسەن دانشقەر، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، کوردستان، هەولێر ٢٠٠٦

٢٩- مارف عومەر گول، جینۆسایدی گەلی کورد لە بەر رۆشنایی یاسای تازەی نێو دەولەتی دا، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هوشیاری(ی.ن.ك)، چاپی سێیەم، سلێمانی ٢٠٠٦

٣٠- مارف عومەر گول، پۆلینکردنی تاوانەکانی ئەنفال بەپێی جۆرەکانی جینۆساید لە بلاّوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك) سلێمانی، ٢٠٠٢

٣١- محمد ازهر سعید السماك، د.قبیس سعید الفهادی، صفاو یونس الصفاوی، أصول البحپ العلمیی، الگبعه الاول، گبع علی نفقه جامعه صلاح الدین، ١٩٨٦

٣٢- مەریوان وریا قانع، دەسەلاّت و جیاوازی، چاپی دووەم، بەرەزامەندی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە سەر ئەرکی کتێبخانەی (بەستە)چاپکراوەتەوە، سلێمانی ٢٠٠١

٣٣- موسلح ئیروانی، ئیسلام و ناسیونالیزم لە کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٣

٣٤- مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد (١٩٣١-١٩٥٨) و: سەعید ناکام، چاپی یەکەم چاپخانەی خەبات، دهوك ١٩٩٨

٣٥- مستەفا جوندیانی، هەڵدانەوەی چەند لاپەرەیەك لە راپەرینەکەی خەلیل خۆشەوی، لەپەرتوکی(کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر) ئا :

مومتاز حەیدەری و د.کوردستان موکریانی و د.دلێر اسماعیل حەقی شاوێس، بەشی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٣

٣٦- میدلْ ئیست وچ، جینۆساید لە عێراق پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، و: محەمەد حەمە سالْح تەوفیق، بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٤

٣٧- نادر ئینتیسار، ئیتنو نەتەوایەتی کورد، وەرگێرانی لە ئێنگلیزییەوە: عەتا قەرەداخی، خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٤.

٣٨- هەژار عەزیز سورمێ، کوردو جینۆسایدو ئیبادەکردن - هەلوێستی یاسای نیودەولەتی، چاپی دووەم، دەزگای توێژینەوە و بلاْوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦

٣٩- د. هاشم یاسین حمدامین، سەردار محمد عبدالرحمن، هوشیار محمدامین خۆشناو، ئەتلەسی هەریمی کوردستانی عیراق، عیراق و جیهان، لە ئامادەکردنی لە زنجیرە بلاْوکراوەکانی کۆمپانیای تی نووس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩

٤٠- یوسف دزەیی، ئەنفال کارەسات ئەنجام و رەهەندەکانی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١

## ب- گۆڤار و رۆژنامەکان:

١- ئەحمەد شەریفی، بەرزان و بارزانی، وەرگێران لە فارسیەوە: تەحسین ئەحمەد ئەمین، هەفتەنامەی گولاْن، ژمارە(٤١٤) هەولێر، ٢٠٠٢

٢- ئەسرین زرار قادر، لە سالْیادی جینۆسایدی ئەنفالدا...، هەفتەنامەی گولاْن، ژمارە ٣٧٨، هەولێر ٢٠٠٢

٣- خەلیل عەبدوللا، تاوانی ئەنفال و دادگای کردنی دیکتاتور و هاوکارانی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی پانزەهەم، ژمارە(٤٠٤٢)
٤- رەشید ئەلخەیون، عێراق...(یسالۆن عن الانفال)! ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(٢٢٥٢)، هەولێر ٢٠٠٦
٥- ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، بیابان و چیا، پەرجان، ژمارە(٣) تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥
٦- ڕێبوار رەمەزان بارزانی، لەدەستدانی باوك لە پرۆسەی ئەنفالدا، دەنگی ئەنفال، ژمارە(٣٩) هەولێر ٢٠٠٥
٧- ڕێبوار کەریم وەلی، ئەرمەنستان و ئەرمەنیەکان، گوڤاری توێژینەوە، ژمارە(٤)، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥
٨- شوکریە رەسول، هەلوەشاندنەوەی خێزانی کورد لەنێوان دەسەڵاتی بەعس و مافی مرۆڤدا، هاواری ئەنفال ژمارە(١) هەولێر ٢٠٠٢
٩- شێخ صدیق، کاریگەری ئەنفال لە سەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی ناو پاشماوەی ئەنفالەکان، سەنتەری برایەتی، ژمارە(٢٤)، هەولێر، هاوینی ٢٠٠٢
١٠- عەدالەت عومەر، لە (٢٢)وەمین ساڵیادی ئەنفالی بارزانیەکاندا بیابانی (بوسییە) دوزەخی کەم ژیان و کەل ژیان، هەفتەنامەی گولان، ژمارە٥٤٧، هەولێر ٢٠٠٥
١١- ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی دوای ڕۆخانی ڕژێمی بەعس دۆزراونەتەوە، هەفتەنامەی گوڵان، ژمارە(٥٣٢)، هەولێر ٢٠٠٥
١٢- دەقی ڕاپورتی بریاردەری تایبەت بۆ کومسیونی باڵای مافەکانی مروڤ، وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە فەرهاد محەمەد، گوڤاری هاواری ئەنفال ژمارە(٢)، هەولێر ٢٠٠٤

١٣- فەلەکەدین کاکەیی، هـؤا الوپـایق عـن التگهـر العرقیها ابـاده جماعیـه لالـف البرزانیین، وتارێکە لە ڕۆژنامەی -التأخی- بلاوکراوەتەوە بە زمانی عـەرەبی ژمارە -٤٠٤٢- ساڵی، ٢٠٠٣

١٤- فیشەر تاهیر، بەرەو تێگەیشتنی جینۆسایدی نموونەی ئەنفال لە کوردستان، ئەنفالستان(ساڵنامەیەکی تایبـەت بـە ئـەنفال)ە، ژمـارە (٣)سـاڵی سـێیەم، چاپخانەی رەنج، ٢٠٠٦

١٥- محەمـەد ئیحسـان، کـوردو هۆلۆکۆسـت، هەفتەنامـەی گـولان، ژمـارە (٥١٢)، هەولێر٢٠٠٤

١٦- محەمەد ئیحسان، دیداری تایبەت لە گەڵ د.محەمـەد ئیحسـان سـەبارەت بـە گـۆڕە بەکۆمەڵـەکانی بارزانیـە ئـەنفالکراوەکان، هەفتەنامـەی (میـدیا) ژمارە(٢١٤) هەولێر ٢٠٠٥

١٧- محەمەد گەزنەیی، کورد قرانی ساڵی ١٩٨٨ و هۆکارەکانی ناونانی بە ئـەنفال، گوڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(٢٤) هەولێر، هاوینی ٢٠٠٢

١٨- مـەریوان وریـا قـانع، ئـەنفال دەرەنجـام و دەرکـەوتی عەقلیـەتێکی سیاسـی، گوڤاری بیاڤ، ژمارە (٢٠) هەولێر، بەهاری ٢٠٠٦

١٩- مـونزر ئەلفـەزی، عەدالـەتی کێشـەی کورد...(بەشـی سـێیەم)، هەفتەنامـەی گولان ژمارە(٥٧٣)، هەولێر ٢٠٠٦

٢٠- ناهیـدە جـەمال تالـەبانی و جاسـم محەمـەد، ئـەنفالی گـەرمیان، سـەنتەری برایەتی ژمارە(٢٤) هەولێر، هاوینی ٢٠٠٢

٢١- نەورەس رەشید، ئەنفال، پێشێلکردنی مـافی مـروڤ، بـەهای سروشـت نرخـی یاسایە، هاواری ئەنفال، ژمارە(١)ساڵی یەکەم پایزی ٢٠٠٢

٢٢- هوشیار عبدالعزیز، ئەنفال لە گۆتاری مەرگ و غەریزەی خنکانـدا، گوڤـاری بیری نوێ، ژمارە (٢٥-٢٦) ساڵی ١٥ ئادار تاحوزەیرانی ٢٠٠٦، هەولێر.

٢٣- یوسف دزەیی و محەمەد شوانی، ئامانجەکانی پرۆسەی ئەنفال و قڕکردنی سامانی مرویی کورد، توێژینەوەیەکە لە گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(٢٤) هەولێر، هاوینی ٢٠٠٢

## ج- چاوپێکەوتنەکان:

١- چاوپێکەوتن لە گەل (بەسنا مستەفا ئەلیاس) گوندی بازێ ٢٠٠٧.

٢- چاوپێکەتن لەگەڵ(حاجی شێرو حاجی) گوندی بازێ ٢٠٠٦

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ (خدیجە مستەفا ئەحمەد) بازێ ٢٠٠٦.

٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ (کیستان محمد سلێمان) کۆمەڵگای هردان ٢٠٠٦.

**سوپاس بۆ**

- ماموستایانی خوشەویستم (رێبوار سوەیلی، موراد حەکیم، موسلح ئیروانی، یوسف دزەیی) بە تێبینی و پێشنیار و رەخنەکانیان ئەم توێژینەوەیان دەوڵەمەند تر کر.
- خاتوو (چنار سعد عەبدوللا)
- دایکی بەرێزم.
- هاوسەری و هاوکاری خوشەویستم.
- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان – گشت فەرمانبەرانی.
- بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزان – سەرجەم فەرمانبەرانی.
- بەرێزان ( رەشید خەلیل و حەجی عسمان-زنار وەلاتی-)
- هەموو ئەوانەی سوودم لە وێنە و دیکۆمێنتەکانیان بینیووە.
- ئەوانەی هاوکارییان کردووم بۆ بە دەستهێنانی وێنە و دیکۆمێنت و زانیاری و لە بواری لێکۆلینەوەی مەیدانی.
- گشت یەکەکانی نموونەی توێژینەوە.